مجلـــة

الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســــت

گۆڤارێکی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزییە
دەستەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطیف أحمد مصطفی

---

## ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾

(النساء:١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً . يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً ﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

سەروتار

# نیعمەتی ئاسایش و ئاسودەیی
# نعمة الأمن والاطمئنان

أ-سودەكانی ب- هۆكارەكانی دابینكردنی ج- هۆكاری بەردەوام بوونی

سەرنووسەر

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین ومن تبعهم باحسان الی یوم الدین، أما بعد:**

## أ-سودەكانی

لە ژیاندا مرۆڤ پیویستی بەدوو شتیگرنگ هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی و ئارامی ژیان بەسەر بەرێت ،یەكێك لەم دووشتە بۆ لاشەكەیەتی كە بریتییە لە خواردن، چونكە مرۆڤ بەبێ خۆراك دەمرێت و ژیانی نامێنێت.

وە دووەم شتیش بریتییە لە نیعمەتی ئەمن و ئاسایش و ئارامی و ئاسودەیی، چونكە مرۆڤ هەرچەندە خۆراكیباشیشی هەبێت بەلآم كەلە ژیانێكی پرمەترسیدا بوو ئەوە ئیسراحەت ناكات و ئاسودە نابێت و سوود لە خۆراكەكەیشی نابینێت و ژیانی بەرەو هەلدێر و نەمان دەچێت .

وە ئەم دوو پێداویستییە هی گشت كەسێكە تاك بن یان كۆمەڵ، وە پێویستە هەموو لایەك هەولی دابین كردنی ئەم دوو شتە بدەن چ لەسەر ئاستی تاك یاخود دەولەت .

وە پێویستە هەموولا هاوكاری یەكتری بكەن بۆ دابینكردنیان بە شێوەیەكی رێك وپێك و رەوا .

وه پێویسته هەموو لایەك بەرپەرچی ئەو شالاوانە بدەنەوە کە ئەمن و ئاسایش تێك دەدەن و فیتنە وئاژاوە وئاشوب دروست دەکەن .

چونکە ئاسایش وئاسودەیی وخێروخۆشی هەمووچاکەکارێکی تێدایە وخراپەکارانیش دەیانەوێت لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکەن .

بەڵام پێویستە بە وردی بیربکەینەوە و وردبینەوە و بزانین ئایا هۆکارە سەرەکی یەکانی دەست کەوتنی ئەمن و ئاسایش و ئاسودەیی چین بۆ ئەوەی دەستەبەریان بکەین، وە ئەو هۆکارانەیش کە ئاسایش ناهێڵن چین تا خۆیان لێ بەدوور بگرین .

## ب- هۆکارەکانی دابینکردنی

### ١- ئیمانێکی ڕاست و تەواو بەخوای پەروەردگار و نێردراوەکەی و کردنی کردەوەی چاك بە گوێرەی قورئان و سوننەت :

بێگومان ئەم مرۆڤ وبونەوەرە پەروەردگارێکی هەیە کە یاسا و دەستورێکی بۆ داناوەو بە هێز و توانا و بە دەسەڵاتە لەسەر هەموو شتێك و خۆشی و ناخۆشی و مردن و ژیانی ئێمەی بەدەستە .

جا هەرکەسێك بیناسێت و باوەڕی پێ بێت و لە ڕێبازەکەی لانەدات و سپڵە نەبێت بەرامبەری، ئەوە خۆشحاڵ دەبێت، وەك پەروەردگار خۆی فەرموویەتی : ﴿ **وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الأرض كما استخلف الذين من قبلهم وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنهم من بعد خوفهم أمنا يعبدونني لا يشركون بي شيئا** ﴾[1] .

واتە / خوای گەورە وەعدە وپەیمانی داوە بەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاك دەکەن بەوەی کە:

* بیانکاتە جێنیشینی سەر زەوی (واتە دەسەڵات دار دەبن)، هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەمانی دەسەڵات دارو جێنیشین کردووە.

* وەئەو دینەیشیان بۆ جێگیرو دامەزراو دەکات کە کاری پێ بکەن و حوکمی پێ بکەن کە خۆی ڕازی بووە لێی بۆیان .

* وەترس ونائاسایشیان بۆدەگۆڕێتەوە بە ئەمن و ئاسایش وئاسودەیی و ئارامی.

---

(1) – ( النور /٥٥) .

**بـەلاَم بەمـەرجێك كەبـەتـاك وتـەنها خوای گەورە بپەرستن وهیچ هاوبەشێكی بۆ دانەنێن.**

كەواتە یەكێك لە بەرهەمە گرنگەكانی ئیمان و كردەوەی چاك بریتیەیە لە ئـەمن وئاسودەیی وهێمنی و ئاسایش .

وە لـە ئایـەتێكی تـردا پـەروەردگار فەرموویـەتی:﴿ **فَمن تبع هداي فَلَا خوف عليهم ولَا هم يحزنونَ**﴾(٢) .

واتـە / هەركەسـێك شـوێن ڕێنمـایی و بەرنامەی خوا بكـەوێت ئـەوا نەترسـی لـە سـەرە بـۆ داهـاتووی وە نەغـەم و خەفەتیش دەخوات لە ڕابردووی .

**٢- هاوبەش دانەنان بۆ خـوای گـەورە لـە پەرستنیدا :**

وەكو خوای گەورە دەفـەرمێت: ﴿ **فَـأي الْفَرِيقَين أحق بِالْأمن إنْ كُنـتم تعلمـونَ، الذين آمنوا ولَم يلْبِسوا إِيمـانهم بِظُلْـم أولَئك لَهم الْأمن وهم مهتدونَ**﴾(٣) .

واتە / كام لە دوو گروپەكە شایستە تـرە بـە ئـەمن و ئاسـایش .... گروپـی ئیمانداران یان بێ باوەڕان ؟ !

بێ گومان ئەوانەی باوەڕیان بە تەنهایەتی خوا هەیە و هاوەڵ و شەریكی بـۆ دانـانێن ئەوانە ئەمن و ئاسایشیان بۆهەیە و ئەوان ڕێنمایی كراون .

**٣- بلاَوبوونەوە وسەقـامگیربوونی ئیـسلام لەناو خەڵكیدا :**

وەكو لەم فەرموودەیەدا پێغەمبـەری خـوا (صلی الله علیەوسلم) فەرموویەتی:

﴿واللهِ لَيتمن اللهُ هذا الدين – او هذا الامر – حتى يسِير الراكـب مـن صـنعاءَ الى حضرموت لايخاف الا الله أوالذئْب علـى غَنمه،ولكنكُم تستعجِلُون﴾(٤)

واتـە / خـوای گـەورە ئـەم دینـە تـەواو دەكات ( دینی ئیسلام) تـەواو سـەقامگیر دەبێت تاوای لێ دێت ڕێبـوار لـە سـەنعاوە دەڕوات بـۆ حَـضْرَمَوْتَ لـەم هـەموو ڕێگـا دوورە ترسـی هیـچی نابێـت تـەنها ترسـی خوانەبێت، وەهەروەها مەگەر مەترسی گـورگی ببێـت لەمەڕەكـەی بـەلاَم ئێـوە پەلەدەكەن .

(2) – (البقرة / ٣٨).
(3) – (الأنعام /٨١-٨٢) .

(4) –(رواه البخاري في صحيحه)،(٣٦١٢ و٣٨٥٢ و٦٩٤٣) .

کەواتە ئەمن و ئاسایشی تەواو بەندە بە دینداریێتی تەواو و سەقامگیر بوونی تەواوی ئاینی ئیسلام .

وەتاوەکو ئیسلام بەڕاستی وتەواوێتی بڵاوببێتەوە ئەوە ئەمن و ئاسایش زیاتر بڵاودەبێتەوە، وەتاوەکو ئیسلامەتی لاواز بێت لەناو کۆمەڵگادا ئەوا ڕێگری و کوشتار ودزی وفیتنە و ئاژاوە و ئاشوب بڵاودەبێتەوە و ئاسایش نامێنێت .

**ج- هۆکاری بەردەوام بوونی**

بەڵام نیعمەتی ئەمن و ئاسایش بەوە زیاد دەکرێت و پارێزگاری لێ دەکرێت کە سوپاسی خوا بکەین و پەرستنی بۆ بکەین، وە بەکوفر و دووری لەخوا لەدەست دەچێت .

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ﴾(5) .

واتە / قورەیش لەسەردەمی نەفامیياندا بۆ بازرگانی لەزستاندا دەردەچون بۆ یەمەن ولە هاویندا بۆ شام ، وە لەو کاتەدا عەرەب دەیاندا بەسەر یەکتردا ومالی یەکتریان بەتاڵان دەبرد ویەکتریان دەکرد بە کۆیلە،بەڵام ئەم شتانەیان لەگەڵ قورەیشدا نەدەکرد لەبەر ڕێزو پلەو پایەی کەعبەی ماڵی خوا، خوای گەورەیش پێیان دەفەرمێت با پەروەردگاری ئەو کەعبەیە بپەرستن کە بەهۆیەوە پارێزراو بوونە لەدەست درێژی خەڵکانی تر، ئەو پەروەردگارەی کە بەهۆی ئەم دوو کاروانەوە تێریانی کردووە لەبرسێتیەکی سەخت، **وەئەمینیانی کردووە ولەهێمنی وئاسایشدا دەژین وترسی خۆیان ومالْ وسامانیان نیە بەهۆی کەعبەوە ، لەکاتێکدا کەخەڵکانی تر لەترس ودڵەڕاوکێ ونائارامیدا دەژین** ، هەروەکو چۆن پێشتریش ئەمینیانی کرد لەترسی حەبەشەو فیلەکانیان.

کەواتە پێویستە لە سوپاسی ئەو دوو نیعمەتە گەورەیە بەندایەتی و پەرستنی پاك و تەنها بکەن بۆ پەروەردگاری خاوەن دوو نیعمەتەکە .

بەڵام بە پێچەوانەوە نیعمەتێك کە لە ئاراشدا بێت ومەوجودیش بێت

---

(5) – (قريش /١-٤) .

لەدەستمان دەچێت ئەگەر سوپاسی خوای گەورەی لەسەر نەکەین، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿**وضرب الله مثلاً قرية كانت آمنةً مطمئنةً يأتيها رزقها رغداً من كل مكان فكفرت بأنعم الله فأذاقها الله لباس الجوع والخوف بما كانوا يصنعون**﴾(٦) .

واتە / خوای گەورە نمونەی دێیەك (مەككە) بۆ خەڵكی مەككە دەهێنێتەوە كە لە ئارامی هێمنی وئاسایشدا دەژیان، وەخوای گەورە ڕۆزی فراوانی دەڕژاند بەسەریاندا لە هەموو شوێنێكەوە،بەڵام كاتێك كوفریان كرد بەبەخششەكانی خوای گەورەو سوپاسگوزاریان نەكرد،خوای گەورە توشی برسێتی وترسێكی زۆری كردن بەهۆی كردەوەی خراپی خۆیان.

كەواتە سوپاس گوزاری بۆ خواو پابەند بوون بە شەرعەكەی نیعمەتی ئەمن و ئاسایش و خۆشگوزەرانیمان بۆ دابین دەكات، وە بۆمان پارێزگاری لێ دەكات، بەڵام سپڵە بوون بەرامبەر خوا نیعمەتەكانمان لەدەست دەدات و وەزعمان تێك دەدات(٧) .

وە بەزەبری هێزیش ئاسودەیی و ئاسایش بەرپا نابێت كە پیادەكردنی ئیسلامی لەگەڵ نەبێت .

هەڵبەتە مەبەستیش لە ئیسلام ئەو ئیسلامەیە كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وهاوەڵانی لەسەری بوون، نەك ئیسلامی توندڕەوێتی و حیزبایەتی و ڕەشەكوژی .

یا ئیسلامی خورافێتی و شەخس پەرستی و لاسایی كردنەوەی كوێرانە .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين** .

(6) – (النحل /١١٢) .

(7) – سوپاس گوزاری نیعمەتی وون بوو دەهێنێتەوەبوون و دەستەبەری دەكات، وەپارێزگاری لەنیعمەتە بوونەكان دەكات، وەكوفركردن ونا سوپاسی بێ بەشت دەكات لە نیعمەتی وون بوو، وەنیعمەتە بوونەكانیشت لە دەست دەدات .

# سەردانی گۆڕستان

م/ مالك رفعت

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين،وبعد:**

دةبيَت بزانريَت بؤ ضى سةرداني طؤرستان دةكريَت؟

لە ڕاستیدا سەردانی گۆڕستان سودێکی زۆری هەیە بۆ کەسێك باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەبێت، مەبەست لە سەردانی گۆڕستان ئەوەیە کەوا مرۆڤ بەگشتی و موسڵمان بە تایبەتی یادی ئەوە بکاتەوە کەوا لەپاش مردن زیندوو بونەوە و لێپرسینەوە و پاداشت وسزا هەیە لەسەر کرداری چاك و خراپ ، وە بیربکاتەوە ئەو مردووانەی کەوا تۆ ئێستا سەردانی گۆڕەکانیان دەکەیت وەکو تۆ زیندوو بوون لە دونیادا بەڵام ژیانیان کۆتایی هات و جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئەم دونیایە، وە پەشیمان بوونەوەیش دادی هیچ کەسێك نادات، وە کاتێك بیر لەم باسانە دەکەیتەوە دەبێت بەهاندەرێك بێت بۆ ئەوەی زیاتر سوور بیت لەسەر کرداری چاك و خۆت بە دوور بگری لە کرداری خراپ، ئەمە مەبەستە لە سەردانی گۆڕستان، بۆ پەند و (عیبرەت) وەرگرتن وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی:﴿ إنـي نهيـتكم عن زيارة القبور فزوروها ، فإن فيها عبرة ، ولا تقولوا ما يسخط الرب﴾(١).

واتە: من لە سەرەتادا قەدەغەم کردبوو کەوا سەردانی گۆڕستان بکەن، بەڵام سەردانی بکەن، چونکە بەڕاستی پەندو ئامۆژگاری زۆری تێدایە، وە ووتەیەك نەڵێن کەوا پەروەردگاری پێ توڕە بێت.

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:

﴿ كنت نهيتكم عن زيارة القبـور ، ألا فزوروها فإنها ترق القلب، وتدمع العـين و تذكر الآخرة، ولا تقولوا هجراً﴾(٢).

واتە: من لەسەرەتادا قەدەغەم کردبوو کەوا سەردانی گۆڕستان بکەن، بەڵام سەردانی گۆڕستان بکەن، چونکە بەڕاستی دڵتان نەرم دەکات، و فرمێسك

---

(١)- (صحيح الجامع الصغير) رقم : (٦٧٨٩).
(٢)- (صحيح الجامع الصغير) رقم : (٤٥٨٤).

له چاوتان دەردەهێنیێ، و پاشه ڕۆژتان بیردەخاتەوە، وە کاتێك كە سەردانی گۆڕستان دەكەن ووتەی خراپ و نابەجێ مەڵێن.

ئیمامی (النووي) ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی : ( لە فەرمودەكەی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ كە فەرموویەتی : " لا تقولوا هجراً " والهجرُ : واتە قسەی بەتاڵ و ناتەواو وناڕێك ، هەروەها دەفەرمێت: بۆیە لەسەرەتای ئیسلامەوە سەردانی گۆڕستان قەدەغە كرابوو چونكە ئەو خەڵكەی كەوا پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لە گەڵیاندا دەژیا تازە موسڵمان ببوون و تازە لە كوفر ڕزگاریان ببوو، بەڵام پاش ئەوەی كەوا ئاینی ئیسلام بەرپا بوو،و بەجوانی ڕوون كرایەوە،پاشان ڕێگەدرا بە سەردانی گۆڕستان ، بۆ ئەو مەبەستانەی كە باسمان كرد[٣].

بەڵام ئەگەر سەردانی گۆڕستان بۆ ئەم مەبەستانە نەبوو بەڵكو بۆ مەبەستی خراپ و نابەجێ بوو وەك : پاڕانەوە لە مردووەكان ، و تەواف كردن بەدەوری گۆڕەكان ، و ئاژەڵ سەربڕین لە سەریان، و نەزر كردن بۆیان كە لەم سەردەمەدا باوە ودەكرێن، ئەمانە هەمووی حەرامەو بەڵكو هاوەڵ بڕیاردان و شیركن (واتە: هەركەسێك هاوار بكاتە مردوو یان بپاڕێتەوە لە گۆڕو مەرقەد و شەخص ونەزرگاودارو بەرد ئەوا شیرك و هاوەڵی بڕیار داوە بۆخوای تاك و تەنها لە پەرستندا، با هەرچەندە ئەو مردووەیش یان خاوەن گۆڕەكەیش پیاو چاك بوو بێت،چونكە ئێمەی موسڵمان فەرمانمان پێكراوە تەنها خوا بپەرستین و تەنها هاوار بكەینە خوا و تەنها لەو بپاڕێینەوە ئەمە مانای ئیسلامی ڕاستەقینەیە، نەك وەك ئەو كارانەی كەوا ئەمڕۆ دەكرێن لە سەر گۆڕستان و گۆڕی پیاو چاكان، بەداخەوە هەندێ كەس هەیە كاتێ ئامۆژگاری دەكەیت و پێی دەڵێت هاوار مەكەرە مردوو و نەزر مەكە بۆیان و مەپاڕێرەوە لێیان لە وەڵامدا دەڵێت: من نایان پەرستم، ئەم پیاو چاكانە ڕێز و پایەیان بەرزە لای خوا بۆیە داوایان لێ دەكەم و هانایان بۆدێنم !

بەڵام ئەگەر بە جوانی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وورد ببینەوە دەبینین ئەو كەسانەی كەوا خوای گەورە لە قورئاندا باسیان دەكات كەوا بێ باوەڕ بوون هەر ئەم كارانەیان دەكرد كەوا هەندێك لە خەڵكانی ئەمڕۆ دەیكەن، وەك: پاڕانەوە و هاوار كردن و نەزركردن بۆ گۆڕی مردووان و تەواف كردن و ئاژەڵ سەربڕین لە سەر

---

(٣)- بڕوانە كتێبی : (الـ مجموع) : (٥ /٣١٠).

گۆڕەکانیان ئەم کارانە هەمووی پەرستنن (عیبادەتن) نابێ بۆ کەس ئەنجام بدرێت جگە لە خوای باڵادەست ، چونکە هەرکەسێك عیبادەت بۆ دروست کراوێکی خوائەنجام بدات– جا ئەو دروست کراوە مردوو بێت یان قەبر بێت یان دار بێت یان شەخص بێت– ئەوا ئەو کەسە هاوەڵ پەیداکار و **(مُشْرِك)**ە چونکە پەرستنی (عیبادەتی) بۆ غەیری خواجێبەجێ کردووە،وە ئەم کارانەیش وەك زانیت عیبادەتن و ئەنجام دانی بۆ هەرکەسێك و هەر شتێك بێت جگەلەخوای گەورە ئەوا هاوەڵ بڕیار دانە بۆ خوای تاك و تەنها.

وە هەر کەسێك هاوەڵ بڕیار بدات بۆ خوای گەورە ئەوا خوای گەورە هەڕەشەی کردووە کەوا بەهەمیشەی و هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەیهێڵێتەوە و لێی خۆش نابێت وەك لە قورئان دا فەرموویەتی :

﴿ إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيداً﴾ [سورة النساء : ١١٦].

واتە: بەدڵ نیایی خوای گەورە نابورێ و خۆش نابێ لە کەسێك کەوا هاوەڵی بۆ بڕیار دابێت، وە خۆش دەبێت لە هەموو تاوانێکی تر جگە لە شیرك و هاوەڵ بڕیاردان ئەویش بۆ کەسێك کەوا خوا ویستی لێ بێت،وە هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات ئەوا زۆر زۆر گومڕا بووە .

وە ئەوەیش بزانە کەوا هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاکو تەنها دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوە وپوچەڵ کردنەوەی کارە چاکەکانی مرۆڤ وەك خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [سورة الزمر : ٦٥] .

واتە: ئەگەر هاوەڵ بڕیار بدەیت بۆ خوای تاك و تەنها ئەوا کردەوەکانت پوچەڵ دەبێتەوە، ولە پاشە ڕۆژیشدا ڕەنجەڕۆ و زەرەرمەند دەبیت .

وەباش بزانە کەوا هاوار کردنە گۆڕی پیاوچاکان و شەخص و دار وبەرد هیچ سودێکی نیە و وەڵامت نادەنەوە وەك خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذاً مِّنَ الظَّالِمِينَ﴾ [يونس : ١٠٦].

واتە: داوا مەکە و مەپاڕێرەوە جگە لە خوا لە شتانێك کەوا سودت پێ ناگەیەنێ و زیانیشت لێ لانادات، وە ئەگەر وات کرد ئەوا تۆ لە موشریك و هاوەڵ بڕیاردەران دەبیت،هەروەها دەفەرمێت:

﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ [الأحقاف : ٥ - ٦].

واتە: کێ هەیە گومڕا تر بێت لەو کەسەی کەوا دەپاڕێتەوە و هاوار دەکات لە غەیری خوا، هاوار دەکاتە کەسانێك

کەوا گوێ یان لە هاواری ئەو نیە، وە تا ڕۆژی دوایش وەڵامی هاوار و پاڕانەوەکەی نادەنــەوە و ئــەوان بــێ ئاگــان لــەهاوار کردنــی ئــەم هــاوەڵ بڕیاردەرانــە ، وە کــاتێکیش خــەڵکی کۆدەکرێــتەوە بــۆ لێپرســینەوە ئەوانــەی کــەوا پەرســتراون دەبن بە دوژمنی ئـەو کەسانەی کـەوا لـە دونیادا پەرستوویانن .

چونکە پاڕانەوە پەرستنە (عیبادەتـە) و خوای گەورە بە پەرستن باسی کردوە و پێغەمبەری خوایش﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی : ﴿الدعاء هو العبادة﴾ (٤).

واتە: پاڕانەوە پەرستنە (عیبادەتە).

وە هــەر کەســێك بڵــێت مــن نایــان پەرستم بەڵکو وەك واسیتەیەك داوای لــێ دەکەم بۆ ئەوەی لە خوا نزیکم بکەنـەوە، ئەوا ئەم واسیتە دانانە خۆی لـە خۆیدا دروست نیە و بەڵکو کوفرە،وەك خـوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت:

﴿ ألا لله الدين الخالص والذين اتخذُوا من دونِهِ أولياءَ ما نعبدهم إلا ليقربونا إلَـى الله زلْفَى إن الله يحكُم بينهم في ما هم فيه يختلفُونَ إن الله لا يهدي من هو كَـاذب كفّارٌ﴾ [سورة الزمر : ٣] .

واتە: تەنها بـۆ خوایـە دینـداری و خـوا پەرستی پاك و پوخت بەدڵسۆزی ونیـەت پاکیەوە،وە ئەو کەسانەی کەوا جگە لە خوای گەورە کەسانێکی تریان کردووە بە پەرستراوی خۆیان لە ئەولیاو پیاو چاکان و عیبادەتیان بۆ ئـەنجام دەدەن، کاتێك لێیـان بپرسـی بۆچـی پەرسـتن ئـەنجام دەدەن بــۆ ئــەو گــۆڕ ودار وبــەرد وپیاوچاکانە ؟!

لــە وەڵامــدا دەڵــێن: ئێمــە نایــان پەرسـتین، بـەڵکو داوایـان لــێ دەکـەین تاوەکو ئەو پیاوچاکانە و ئەو مردوانـە لـە خــوا نزیکمــان بکەنەوە،چــونکە ئەمانــە خاتریـان لای خـوا زۆرە بـەڵکو خـوا لـە بەرخاتری ئەم مردوانە و لەبەر ئـەم دار و بەردانە لێمان خۆش ببــێ، بـەڵام خـوای گــــەورە و میهرەبــــان دەفــــەرمێت: بەدڵنیاییەوە خـوای گـەورەبڕیار دەدات لە نێوانیاندا لەسەر ئەو جیاوازیەی کەوا بویانــە لەســەر ئـایین،وە خـوای گـەورە ڕێنمایی کەسێك ناکات کـەوا بــێ بـاوەڕ و کــافر و درۆزن بێــت، ئــەوەی کــەوا ئامۆژگاری چاك دەکـرێ و ڕێگـای ڕاسـتی بۆ ڕوون دەکرێـتەوە بـەڵام واز ناهێنێـت لــە ڕێگــای کــوفر و گــومڕایی، چــونکە هەرچەند باسی ڕێگـای ڕاسـتی بـۆ بکـەی ئەو بە درۆی دەخاتەوە.

جـا خوێنــەری بــەڕێز ئێـستایش لــەو خەڵکانـە زۆر زۆرن ! وە کاتێـك بانگیـان دەکەیت بۆ سـەر ڕێگـای ڕاسـت بـۆ سـەر ئیسلامی پیرۆز بەلایانەوە سەیرە !

---

(٤)- (صحيح سنن الترمذي) رقم : (٢٩٦٩) ، و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (٣٤٠٧).

وە کاتێـك ئامۆژگاریـان دەکـەیت کـە پاڕانـەوە و تـەواف کـردن و نـەزر کـردن عیبادەتن و نابێت بۆ هیچ کەسیك و هـیچ شتێك ئەنجام بدرێت تەنها بۆ خوا نەبێت، دەڵێن ئـەم قسانە سـەیرە، بـەڵام نـازانن سەیر ئەوەیە کەوا ئەوان هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە بەخۆیان بزانن یاخود نەزانن.

خوێنەری بەڕێز وەك بۆمـان دەرکـەوت سەردانی گۆڕستان بۆ سـوود وەرگرتنـە ، بۆ ئەوەیە کەوا زیاتر باوەڕمان پتەوبێت و زیاتر ترسی خوای گـەورە لـە دڵەکانمانـدا بچەسپێنێت، و زیاتر یـادی خـوای گـەورە بکەینەوە و بەردەوام لە چاکەکاری دا بین و بـە دوور بـین لـە کـرداری خـراپ و ناپەسەند، ئەمە بوو مەبەست لە سەردانی گۆڕستان.

بۆیە دروستە و ڕەوایە سەردانی گۆڕی بێ باوەڕیش بکـەیت بۆ ئـەوەی پەنـدی لێ وەربگریت و زیاتر بگەڕێیتەوە بـۆ لای خـوا، لـە فەرمودەیـەکی (صـحیح) دا هاتووە جارێکیان پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ ﴿زار قبر أمه فبكى، وأبكى من حوله، فقال استأذنت ربي في أن أستغفر لها، فلم يـؤذن لـي ، واستأذنته في أن أزور قبرها فـأذن لـي، فزوروا القبور فإنها تذكر الموت﴾[٥].

واتە: پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ سەردانی گـۆڕی دایکـی کـرد، لـە سـەر گۆڕەکـەی دەستی کرد بە گریان و دەگریا، ئەوەندە گریـا تـاوەکو ئەوانـەی دەوروبەریـشی هێنایە گریان و ئەوانیش دەستیان کرد بە گریـان، وە فـەرمووی: داوام کـرد لـە پـەروەردگارم ڕێگـەم بـدات داوای لـێ خۆشبوون بکەم بۆ دایکم، ڕێگەی نـەدام، وە داوام کرد کەوا ڕێگەم بدات سـەردانی گۆڕەکەی بکـەم ڕێگـەی دام، وە ئێـوەش سەردانی گۆڕستان بکەن چونکە سەردانی گۆڕستان مردنتان دێنێتەوە یاد.

**ســـــونەتەکانی ســـــەردانی کردنی گۆڕستان :**

١ ــ کاتێـك دەچـیت بـۆ گۆڕسـتانی موسڵمانان بە مەبەست پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن سونەتە سەلامیان لێ بکەیت : وەك پێغەمبـەری خۆشەویـستمان﴿ﷺ﴾ هـاوەڵانی خـۆی فێردەکـرد کـەوا ئەگـەر چـوونە سـەر گۆڕسـتانی موسـوڵمانان بڵێن:﴿السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، وإنا إن شاء الله بكم لاحقـون (أنتم لنا فرط، ونحن لكم تبع) أسألُ الله لنا ولكم العافية﴾[٦].

واتـە: سـڵاوی خواتـان لـێ بێـت ئـەی ئـەهلی ئـەم گۆڕسـتانە لـە بـاوڕداران و موسـڵمانان، ئێمـەیش (إن شـاء الله) پێتان دەگەین ، ئێوە پێشمان کەوتن، و ئێمەیش بەشوێنتان دێین، وە داوادەکـەم

(٥)- (صحيح مسلم) رقم : (٩٧٦) .

(٦)- (صحيح مسلم) رقم : (٩٧٥) .

له خوای گەورە لە ئێوەو ئێمەیش خۆش بێت.

**٢** ـ وە سوننەتە دوعای خێریان بۆ بکەیت و داوا بکەیت لە خوای گەورە لە تاوانەکانیان خۆش بێت:

وەك عائیشەی دایکمان(خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی :﴿کان رسـول الله﴿ﷺ﴾ یخرج إلـی البقیع، فیدعو لـهم ، فسأله عائشة عن ذلك ؟ فقـال إنـي أمرت أن أدعو لـهم﴾(٧).

واتە: پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەردەچوو بۆ گۆڕستانی بەقیع، دوعای خێری بۆ دەکردن، عائیشە(خوایان لێ ڕازی بێت) پرسیاری لێ کرد ئەویش فەرمووی: من فەرمانم پێ کراوە لەلایەن خواوە کەوا بۆیان بپاڕێمەوە.

وە سەلام کردن و دوعای خێر بۆ کردن تەنها بۆ مسوڵمانان دەبێت، واتە ئەگەر چوینە سەر گۆڕی بێ باوەڕێك یان گۆڕستانی بێ باوەڕان، نەسلاویان لێ دەکەین، وە نەدوعای خێریان بۆ دەکەین، چونکە دروست نیە وەك لە قورئاندا هاتووە خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ما کان للنبي والذین آمنوا أن یستغفروا للمشرکین ولو کانوا أولي قربی من بعد ما تبین لهم أنهم أصحاب الجحـیم﴾ [سورة التوبة : ١١٣].

واتە: بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وبڕواداران نیە وە نابێ داوای لێبوردن و لێخۆشبوون بکەن لە خوا بۆ بێ باوەڕان و هاوەڵ پەیداکەران با هەر چەندە نزیکتان بن وەك دایكو باوك، پاش ئەوەی کە بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەوان دۆزەخین، واتە بەبێ باوەڕی مردوون.

بەڵکو مرۆڤی سەرسەختو بێ باوەڕ دەبێت لە پاش مردنی مژدەی دۆزەخی پێ بدەیت وەك پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی:﴿حیثما مررت بقـبر کـافر فبشره بالنار﴾(٨).

واتە : هەر کاتێك تێپەڕ بوویت بە لای گۆڕی بێباوەڕێکدا ئەوا مژدەی ئاگری پێ بدە .

### * ئەو شتانەي كە حەرامە لە طؤرستاندا ئەنجام بدريَن :

پێویستە بزانرێت کەوا هەندێ کاری نابەجێ هەیە نابێ بکرێت، چونکە ئەو کارانە تاوانن ئەگەر ئەنجام بدرێن :

***یەکەم:*** گۆڕ (قبر) هەڵبەستن بە گەچو چیمەنتۆ و ئەو شتانە.

***دووەم:*** دانیشتن لەسەر گۆڕ.

(٧)- (أخرجه أحمد) : (٦ / ٢٥٢) بسند صحیح علـی شرط الشیخین ، قاله الألبانـي فـي "أحکام الـجنائز" ص : (٢٣٩) .

(٨)- (صحیح الـجامع الـصغیر) رقـم : (٣١٦٥) و(سلسلة الأحادیث الصحیحة) رقم : (١٨) .

**سێیەم:** خانوو دروستکردن لەسەر گۆڕستان یان مزگەوت دروستکردن لە سەری.

**چوارەم:** خۆڵ زیادە کردنە سەر گۆڕ واتە نابێ خۆڵی سەر گۆڕەکە لەیەک بست (شبر) زیاتر بەرز بکرێتەوە.

**پێنجەم:** نووسینی ئایەت و شیعر و ئەو شتانە، کەوا ئەمانە هەمووی باوە و دەکرێت لە ناو گۆڕستانی مسوڵمانان .

بەڵگەیش لەسەر نادروستی ئەم کارانە زۆرن لەفەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﴿ﷺ﴾ ،جابری کوڕی عبداللە(خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێت:﴿نهى رسول الله ﴿ﷺ﴾ أن يجصص القبر، وأنْ يقعد عليه ، وأن يبنى عليه (أو يزاد عليه) ، وأن يكتب عليه﴾ (٩).

واتە: پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ قەدەغەی کردووە گۆڕ هەڵبەسترێت و گەچ کاری و چیمەنتۆ بکرێت، وە یان لەسەری دابنیشرێت، وە یان خانووی لەسەر بکرێت، وە یان خۆڵی زیادەی لەسەر بکرێت وە یان لە سەری بنوسرێت).

وە لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە کەوا (أبو سعيد الخدري) ﴿رضي الله عنه﴾

(٩)- (صحيح مسلم) رقم : (٩٧٠) وانظر (أحكام الجنائز) ص : (٢٦٠) .

دەیگێڕێتەوە و فەرموویەتی :﴿إن النبي ﴿ﷺ﴾ نهى أن يبنى على القبر﴾ (١٠).

**شەشەم:** نوێژ کردن ڕووەو گۆڕ.

چونکە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی:﴿لا تصلوا إلى القبور ولا تجلسوا عليها﴾ (١١).

واتە: نوێژ مەکەن ڕووەو گۆڕستان، واتە نوێژ مەکەن بەرەو ڕووی گۆڕ، ودامەنیشن لەسەر گۆڕ .

**حەوتەم:** نوێژ کردن لەناو گۆڕستان.

چونکە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەفەرمێت: ﴿الأرض كلّها مسجد إلا الحمام و المقبرة﴾ (١٢).

واتە: زەوی هەمووی مزگەوتە و شیاوە بۆ نوێژ کردن تەنها حەمام و گۆڕستان نەبێت .

وە ئەنەسی کوڕی مالك ﴿رضي الله عنه﴾ فەرموویەتی:﴿نهى النبي ﴿ﷺ﴾ عن الصلاة بين القبور﴾ (١٣).

واتە: پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نوێژ کردنی لە نێوان گۆڕستاندا قەدەغە کردووە.

ئەم فەرمودانە کەوا نوێژ کردنیان لە ناو گۆڕستاندا قەردەغە کردووە بۆ هەموو

(١٠)- (صحيح سنن ابن ماجه) رقم : (١٥٦٤) .

(١١)- (صحيح مسلم) رقم : (٩٧٢) .

(١٢)- (صحيح سنن أبي داود) رقم : (٤٩٢) .

(١٣)- (رواه البزار) رقم : (٤٤١) وصححه الألباني في "أحكام الجنائز" ص : (٢٧٠) .

نوێژێکـه فـەرز بێـت یـان سـوننەت، وە هـەروەها نوێـژی مـردویش دەگرێـتەوە **(صلاة الجنازة)** مەگەر کەسێك مردبێت و نێـژرابێت ئـەو کاتـە دروسـتە نوێـژی مردووی لە سەر بکەیت لەناو گۆڕستان .

***هەشتەم:*** مزکەوت دروستکردن لەسەر گۆڕستان.

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرمێت:﴿ لعنـة الله على اليهود والنـصارى اتـخذوا قبـور أنبيائهم مساجد﴾ [١٤].

واتە: لەعنەتی خوا لە گاورو جوولەکە بێت،چـونکە گـۆڕی پێغەمبــەرەکانیان کردووە بـە مزگـەوت واتـە: نوێـژیان تێدا دەکرد.

وە هـەورەها دەفـەرموێت:﴿قاتـل الله اليهـود اتـخذوا قبـور أنبيـائهم مساجد﴾[١٥].

واتە: لەعنەتی خوا لەجوولەکـە بێـت ، کەوا گـۆڕی پێغەمبـەرەکانیان دەکـرد بـە مزگـەوت و نوێـژیان لـەلای گۆڕەکانیـان دەکرد .

لە بەر ئەمە حەرامە بۆمسوڵمانان کە نوێژ بکەن لەلای گۆڕسـتان یـان مزگـەوت بگەن لەسەر گۆڕستان.

(١٤)- (صحيح البخاري) رقم : (٥٨١٥) .

(١٥)- (صحيح البخـاري) رقـم : (٤٣٧) و(صـحيح مسلم) رقم : (٥٣٠) .

***نۆیـەم:*** ڕۆیـشتن و تێپـەڕبون بـەناو گۆڕسـتاندا بـە پـێڵاوەوە لەبـەر فەرمودەکـەی (بـشير الـخـصاصية) ﴿رضي الله عنه﴾ کـە فەرموویـەتی :﴿بينما أمـاشي رسول الله﴿ﷺ﴾ ... أتـى علـى قبـور المسلمين ... فبينما هو يـمشي إذ حانـت منه نظرة فإذا هو برجل يـمشي بين القبور عليه نعلان فقال: يا صاحب السبتين ألـق سبيتك ، فنظر فلما عرف الرجـلُ رسـولَ اللهِ﴿ﷺ﴾ خلع نعليه فرمى بـهما﴾[١٦].

واتـە: جارێکیـان لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﴿ﷺ﴾ ڕێـم دەکـرد ... تـاوەکو ڕۆیشتە سـەر گۆڕسـتانی موسـڵمانان ... بینی پیاوێك بـەناو گۆڕسـتاندا دەڕوات و جوتێ نەعلی لە پـێ کـردووە ، پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ پێی فەرموو : ئەی کابرای نـەعل لەپـێ، نەعلـەکانت داکەنـە، کـابراش تەماشـای کـرد، کـە پێغەمبـەری﴿ﷺ﴾ ناسـی، نەعلـەکانی داکەنـدو فـڕێی دایـە دەرەوەی گۆڕستان.

***دەیـەم:*** شـکاندنی ئێـسکی مـردووی موسڵمان، ئەویش بەچەند هۆیەك دەبێت.

یەکـەم بەهـەڵ گێڕانـەوەی گۆڕەکـە بەبـێ عـوزر، یـان تێپـەڕبوون بەسـەر گۆڕەکانـدا ، گـۆڕی وا هەیـە کۆنـە و تـەپیوە، تێپـەڕیون بەسـەر گۆڕەکانـدا

(١٦)- (صحيح سنن أبـي داود) رقم : (٣٢٣٠) وانظر (أحكام الـجنائز) ص : (٢٥٢) .

زیانی هەیە چونکە مرۆڤی موسڵمان بە زیندوویی و مردوویی هەر ڕێزی هەیە، لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) کە فەرموویەتی: ﴿إن كسر عظم الـمسلم ميتـاً مثـل كـسره حياً﴾(١٧).

واتە: بەڕاستی شکاندنی ئێسکی مردوی موسڵمان وەك شکاندنی وایە بەزیندوویی.

**یانزەیەم:** قورئان خوێندن لەسەر گۆڕستان.

لەبەر فەرمودەکەی (أبـو هريـرة) (رضي الله عنه) کە فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿لا تجعلـوا بيـوتكم مقابر، إن الشيطان ينفر من البيت الذي تقرأ فيه سورة البقرة﴾(١٨).

واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، کە قورئانی تێدا نەخوێنن چونکە بەڕاستی شەیتان دوور دەکەوێتەوە لەو ماڵەی کەوا سورەتی (البقرة)ی تێدا دەخوێنرێت.

کەوا بوو ئەو کەسانەی کەوا لەسەر گۆڕستان قورئان دەخوێنن بۆ مردووەکان کارێکە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، و خراپیان کردوە نەك خێر وچاکە.

**دوانزەیەم:** نابێت لە کاتێکدا کە دوعای خێر دەکەی بۆ مردووەکان و داوای لێ خۆش بوونیان بۆ دەکەی ڕوو بکەیتە گۆڕەکان، چونکە کارێکی ناشەرعی‌یە، بەڵکو دەبێت ڕوو بکرێتە قیبلە.

ئیمامی (النووي) فەرموویەتی: ﴿قال الإمام أبو الـحسن محمد مـرزوق فـي "الـجنائز": فمن قصد السلام على الميت سلم عليه من قبل وجهه، و إذا أراد الدعاء تـحول عن موضعه وأستقبل القبلة﴾(١٩).

واتە: هەرکەسێك ویستی سڵاو بکات لە مردوویەك ئەوا لەلای ڕووی گۆڕەکەی سڵاوی لێ دەکات، وە ئەگەر ویستی دوعا بکات لەو جێگەیە لادەچێت و ڕوو لە قیبلە دەکات.

وە زۆربەی زانایانی ئیسلام وایان فەرمووە.

**سیانزەیەم:** سەفەر کردن و خۆ ئامادەکردن بۆ گۆڕستان بە نیازی مانەوە و پاداشت وەرگرتن.

لەبەر فەرمودەکەی (أبـو هريـرة) (رضي الله عنه) کە فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿لا تشد الرحال إلا إلى

---

(١٧)- (صحيح الـجامع الصغير) رقم: (٢١٤٣).

(١٨)- (صحيح مسلم) رقم: (٧٨٠).

(١٩)- (الـمجموع للنووي): (٥ / ٣١١).

ثلاثة مساجد: مسجدي هـذا ، ومـسجد الـحرام، ومسجد الأقصى﴾ [(٢٠)].

واتـه : خۆتـان مەپێچنەوە و سـەفەر مەكەن بەنیەتی خێر و پاداشت تـەنها بـۆ سـێ مزگـەوت نـەبێت، مزگـەوتی حـەرام (كەعبـــەی پـــیرۆزە)، وە مزگــــەوتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ كە لەشاری مەدینەدایە، وە مزگـــەوتی ئەقـــصی كـــە لـــەوڵاتی فەلەستین دایە.

تەنها بۆ ئەم سێ مزگەوتە ڕەوایە خـۆت ئامادەبكـەی بەنیـەتی مانـەوە بـۆ خـوا پەرستی كـەوا ڕێگـەی دووری بـۆ بگریتـە بەر.

كەوابو زانیمان مەبەست لـە سـەردانی گۆڕستان بۆچیە، وە هـەروەها زانیمان هاواركردنە مـردوو یان تـەواف كـردن بـە دەور گۆڕدا كوفرە، وە زانیمـان چ شـتێك سوننەت و چـاكە لـە گۆڕسـتاندا بكرێت، وەچ شتێك تاوان و سەرپێچیە ئەگەر لە گۆڕستاندا بكرێت، هـەروەها شـتی تـریش ماوە بەڵام لەبەر نەبوونی كات دەرفەتمان نەبوو باسیان بكەین ، بـەڵام سـوپاس بـۆ خـــوای گـــەورە زۆر شـــتی گـــرنگ ڕوون كرایەوە بۆ خوێنەران.

وە پێویـــستە لەســـەر هـــەموومان بەجوانی ئامۆژگاری خوشكان و برایانمـان بكەین كەوا ئەگەر چوونە سـەر گۆڕسـتان بۆ پەند (عیبرەت) وەرگـرتن بـزانن كـاری چاك كامەیە و كاری خراپ كامەیە، بـەڵكو توشی كوفر و بیدعە و تاوان نەبن.

وصلى الله وسلم على رسولنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .



(٢٠)- (صحيح البخاري) رقـم : (١١٨٩) و(صـحيح مسلم) رقم : (١٣٩٧) .

﴿ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ ﴾

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

م / خليل أحمد

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين ،وبعد:**

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی فیقه و حەدیس و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەریعەتەوە هەیە لە ئامێز دەگرێت ، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بە سوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران، ئەمەیش وەڵامی چەند پرسیارێکە :

ث١ / پرسیار کرا لە شێخی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەربارەی مانای ووتەی ئەو کەسەی کە دەڵێت (حب الدنيا رأس كُل خطيئة) ئایا ئەم تاوان باری یە لە ڕووی سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوایە ، یان لە ڕووی کۆکردنەوەی ماڵی دونیایە؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت : (ئەم ووتەیە لە پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ نەسەلمێنراوە ، بەڵکو وا باوە کە (**جندب**)ی کوڕی (**عبدالله البجلي**) ﴿رضي الله عنه﴾ هاوەڵی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ووتبێتی، وە وتراوە کە پێغەمبەر (**عيسى**) ﴿ﷺ﴾ وتبێتی .

ئەوەیش بزانە کەسێك کە لەم ووتەیە زۆر ڕۆدەچێت و زیادڕەوی تێدا دەکات ، خۆ بە فەیلەسوف زانەکان و هەندێك لە سۆفیەکانە کە لەسەر ڕێڕەوی ئەوان دەڕۆن .

بەڵام حوکمی ئیسلام لە سەر ئەم مەسەلەیە ئەوەیە : ئەو خۆشەویستیەی دونیا کە مرۆڤی لە سەر سزا بدرێت ئەوەیە کە ببێتە هۆکار و هەڵنانی مرۆڤ بۆ تاوان کردن ، ئەمەیش وا پێویست دەکات مرۆڤ زوڵم و درۆ و خراپەکاری بکات ، بێگومان پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵی دونیا و پلە و پایە مرۆڤ دووچاری تاوان دەکات ، وەکو پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لە بوخاری و موسلیمدا فەرموویەتی : ﴿إياكم والشح فإن الشح أهلك من كان قبلكم ، أمرهم بالبخل فبخلوا ، وأمرهم بالظلم فظلموا، وأمرهم بالقطيعة فقطعوا﴾[1].

واتە : وریای حەزکردن و پێداگری نادروست بن لە ماڵی دونیا ، چونکە پێداگری و خۆشەویستی دونیا ئوممەتانی پێش ئێوەی لە ناو بردووە ، فەرمانی پێکردن بە پیسکەیی و دەست قوچاوی ئەوانیش کردیان ، و فەرمانی پێکردن بە زوڵم و ستەم ئەوانیش کردیان، و فەرمانی پێکردن بە بڕینی پەیوەندی خزمایەتی ئەوانیش بڕییان .

(کعب )ی کوڕی (مالك) ﴿رضي الله عنه﴾ لە پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : ﴿ ما ذئبان جائعان أرسلا في غنم بأفسد لها من حرص المرء على المال والشرف لدينه﴾[2].

واتە : پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵی دونیا و پلەو پایە لە دونیادا خراپترە بۆ لە ناوبردنی دینی مرۆڤ ، لە دوو گورگی برسی بکەونە ناو بڕکەیەك مەڕ و بزنی بێ شوان کە چۆن لە ناوی دەبەن ، کەوابوو پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵ و پلەو پایەی دونیا دیانەتی مرۆڤ لە ناو دەبات بەڵام خۆشەویستیەك کە تەنها لە دڵدا هەبێت، بەڵام ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە بیکات و ئەوەیشی کە نەهی لێکردووە نەیکات ، و لە خوا

---

(١)- (صحيح سنن أبي داود) رقم : (١٦٩٨) و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (٢٦٧٨) .

(٢)- (صحيح سنن الترمذي) رقم : (٢٣٧٦) .

بترسێ و نەفسی خۆی قەدەغە بکات لە ئارەزووە خراپەکانی نەفس ، ئەوکاتە خوای پەروەردگار سزای نادات ، بەمەرجێك نەیکاتە کردەوە ، پاشان کۆکردنەوەی ماڵی دونیا بە مەرجێك پێویستی و مافەکانی خوای تێدا ئەنجام بدات ، وە بە حەرام پەیدای نەکردبێت لە سەری سزا نادرێت . بەلام دەرکردن و بەخشینی ماڵی زیادە و وەستان لە ئاستی پێویست ( ماڵێك بەشی ژیان بە سەر بردن بکات ) باشتر و سەلامەتتر و ئاسانترە بۆ دڵی ئادەمیزاد و کۆکارە بۆ ئاواتەکانی موسوڵمان و بە سوودترە بۆی لە دونیا و قیامەتدا ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : ﴿ مـن أصبح والدنيا أكبر همه شتت الله عليه شمله وجعل فقره بين عينيه ولم يأته من الدنيا إلا ما كتب له ، ومن أصبح والآخرة أكبر همه جعل الله غناه في قلبه وجمع عليه ضـيعته وأتته الدنيا وهى راغمة ﴾(٣) .

واتە : هەرکەسێك ڕۆژبکاتەوە و زیاتر دونیا جێگەی گرنگی پێدانی بێت ، خوای گەورە کارەکانی پەرش و بەلاو دەکات و مۆرکی هەژاری لە نێو چاوانی دادەنێت ، دونیایشی دەست ناکەوێت ئەو ئەندازەیە نەبێت کە بۆی نووسراوە ،وەهەرکەسێکیش ڕۆژبکاتەوە و زیاتر قیامەت جێگەی گرنگی پێدانی بێت ، خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات و کارەکانی بۆ ئاسان دەکات و دونیاش بە ملکەچی دێتە بەر دەستی))(٤).

ث٢/ پرسیار کراوە لە ئیمامی ئەحمەد - ڕەحمەتی خوای لێبێت - دەربارەی کەسێك شەریکی گاور و جولەکە بکات لە کرین و فرۆشتندا ؟

وەلام / لە وەلامدا دەفەرمێت : شەریکیان دەکات بەمەرجێك خۆی سەرپەرشتی کرین وفرۆشتن بکات ، چونکە ئەوان ڕیبا دەخۆن ، وماڵی خەڵك بۆ خۆیان بە حەلاڵ دەزانن ، ئیمام ئەحمەد فەرمووی : چونکە ئەوان

(٣)- ورد هذا الـحديث بلفظ قريب من هذا فـي (صحيح سنن الترمذي) رقـم : (٢٤٦٥) و(صـحيح الترغيب والترهيب) رقم : (٣١٦٨) .

(٤)- بڕوانە : (مجمـوع الفتـاوى): (١١ / ١٠٧ - ١٠٨).

ووتويانه : ﴿لَيس علَينا في الأُمين سبِيلٌ﴾ [آل عمران : ٧٥] ، واته : ئـەهلیکیتاب ووتیـان هـیچ تاوانمـان لـە سـەر نـی یـە ئەگەر ماڵی جگە لە خۆمان پێ سپێردرا بیخۆین و نەیگێڕینەوە .

لـە ڕیوایـەتێکی تـردا ئیمـام دەربـارەی شـەریکی گـاورو جولەکـە دەفەرمێت : (بەچاکی نازانم و پێم بـاش نییە ، بە مەرجێك نەبێت موسڵمان خۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشتنەکە.

( ئەبو بەکر الخلال ) دەفەرمێت:

هەموو ڕیوایەتـەکان لـە ئیمـامی ئەحمـەدەوە کـۆ و جـێگیرن لـە سـەر کەراهـەتی شـەریکی و جامبـازی (**مـضاربة**)ی گـاور و جولەکـە تـەنها بەمـەرجێك نـەبێ موسـڵمان خـۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشـتن ، هـەروەها لە کتێبی (المغنـي / ابن قدامـة)دا [٥] هـاتووە دەفـەرمێت ئیمـامی ئەحمـەد فەرموویـەتی : ( موسـڵمان دەتوانێـت شـەریکی گـاور و جولەکـە بکـات بـە مـەرجێك پـارەو سـامانەکەی نەداتـە دەستیانەوە ، خۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشتن ، چونکە ئـەوان سـوو ( ڕیبـا ) دەخۆن و بەکاری دەهێنن.

وەپێـــشەوایان (**الحـــسن**) و (**الثـوري**) هـەمان بۆچـونیان هەیـە ، و ئیمـامی شـافیعی ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێت) شەریکیان بە هـەموو جۆرێك بـە مـەکروە دەزانێـت ، چـونکە ڕیوایـەت کراوە لە ( ابن عـەباس )ەوە ﴿رضي الله عنه﴾ کـە فەرموویەتی: (أكره أنْ يـشارك المـسلم اليهودي ...)[٦].

ث٣ / پرسیار کراوە لـە شـێخی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) - ڕەحمەتی خوای لێبێت - کەسێك شتێك لە کەلوپەل وشت ومەك ( **سلعة** ) بە پـارەی حـەڵاڵی خـۆی دەکڕێت ، بەڵام نازانێت سەرچاوەی ئەو کـەل و پەلـە، حەڵاڵـە یـان حەرامـە ؟ پاشـان دەردەکـەوێت کەحەرامـە ، ئایـا تاوانبار دەبێت یان نا ؟

لە وەڵامدا دەفەرمێت : هـەر کات کڕیار باوەڕی وابوو کـە بـە ڕواڵـەت کـەل و پـەلی دەسـتی فرۆشـیار هـی خۆیـەتی و کـڕی ،تاوانبـار نابێـت بـا لـە

---

(٥)- (المـغنـي لابن قدامة) : (٥ / ٣) .

(٦)- بڕوانە : "أحكام أهل الملل" للخـلال : لاپـەڕە : (١٠٦) .

حەقیقەتـدا فرۆشـیار دزیبێتـی کـە ئـەم نایزانێت ، کڕیار هیچ تـاوانێکی لـە سـەر نیـیــە و لـــە دونیـــا و قیامەتـــدا هـــیچ ســزایەکی لــە ســەر نیـیــە ، بــژاردن و قەرەبووکردنەوەی لەسەر ئـەو کەسـەیە کە فێڵـی لێ کـردوە و پێـی فرۆشـتوە ، ئینجا ئەگەر خاوەنی ڕاستەقینەی پەیدا بـوو کەلوپەلەکـەی بـۆ دەگێڕدرێتـەوە و کڕیاریش پارەکەی خۆی وەردەگـرێ لـە فرۆشیار ، فرۆشیاری ستەم کاریش سـزا دەدرێت، کەوابوو هەر کەسێك لە زانایان لەم حوکمەدا جیاوازی خـستبێتە نێـوان کەسێك بزانێت و شـت بکڕێت وکەسـێك نـــەزانێت ئـــەوە پێکـــاوێتی ، وەهـــەر کەسێکیش لە زانایان ئـەم جیاوازیـیـەی نەکردبێت ئەوا بە هەڵـەدا چـووە ، والله أعلم)(٧) .

ث٤ / پرسـیار کـرا لـە شـێخی ئسلام ( **ابن تيمية** ) ـ ڕەحمەتی خـوای لێبێت ـ دەربـارەی کەسـێك شـت ومـەك دانێت بۆ فرۆشتن و بە زیاد لە نرخی باو (**معتاد** ) بیفرۆشێت، هەندێ جـار کڕیـار نرخی ئەو شتە نازانێت ئایا ڕەفتارەکەی دروستە یا نا ؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت :

ئەگەر هاتوو کڕیار نەزان بـوو بـە نرخـی ئـەو شـتە دروسـت نیـیـە بـۆ فرۆشـیار دەستی ببڕێت و لە نرخی باو زیاتری لێ بسێنێت، بەڵکو ( **واجب** )ە لە سەری بـە نرخی بـازاڕ یـان نزیـك لـەو نرخـە پێـی بفرۆشــێت،وە ئەگـــەر فیلـــی لێکـــرد و دەسـتی بڕیـو زۆری لـێ سـەند ، کڕیـار دەتوانێت ئەو مامەڵەیە هەڵوەشێنێتەوە یـان بـەردەوامی بکـات ، لـە حەدیـسدا ڕیوایەت کراوە (غبن المسترسل ربـا)(٨) ، واتە : دەستبڕینی نەزان بە نرخـی شـت ڕیبایـــە ، وە ســـەلمێنراوە لـــە کتێبـــە صەحیحەکاندا کە پێغەمبەر(ﷺ) :

﴿نـهى عن تلقي الـجلب حتى يهبط به السوق﴾ (٩) ، واتە: نەهی کردووە لە بـە پـــێرەوە چـــوونی شـــتی هێنـــراو تـــا

(٧)- بڕوانە : (مجموع الفتاوى) : (٢٩ / ٢٩٣) .

(٨)- ضعفه العلامة الألبانـي في "سلـسلة الأحاديـث الضعيفة رقم : (٦٦٨) ، وقال باطـل ، وضـعفه في : (ضعيف الـجامع) رقم : (٣٩٠٨) .

(٩)- (صحيح سنن أبـي داود) رقـم : (٣٤٣٧) ، و(صحيح الـجامع الصغير) رقم : (٦٩٤٥) .

دادەبەزێتـــــــە بـــــــازاڕ ، پێغەمبـــەر(ﷺ) مـــافی هەڵبـــژاردنی داوەتە فرۆشیار کە هاتە بازار بـەردەوام بێـت لـە فرۆشـتنەکەی یـان پەشـیمان بێتەوە ، چونکە فرۆشیار پـێش ئـەوەی بێتە بازاڕ لەوانەیە نەزان بێت بـە نرخـی کەلوپەلەکـەی بۆیـە پێغەمبـەر(ﷺ) نـــەهی کـــردووە کـــە کڕیـــار دەچـــێتە دەرەوەی شار شت لـە فرۆشـیار بکڕیـت لەبەر ئـەوەی فێـڵ و خەڵـتاندن و درۆی تێـــدا دەکرێـــت و مـــافی پەشـــیمان بوونـــەوەی بـــۆ ســـەلماندووە کاتێـــك حەقیقەتی بـۆ ئاشکرا بـوو ، کـەوا بـوو هـەموو کەسـێك نـەزان بـوو بـە نرخـی شتومەك دروست نیيە فێڵی لـێ بکرێت و درۆی لە گەڵدا بکرێت . وەك کەسـێك شتومەك دابنێت و نرخێکی زۆری لەسەر دابنێت کە ئەونرخە باو نەبێت بۆ ئەوەی کڕیار نرخێکی لەوە کـەمتری پـێ بـدات، بـەڵکو دەبێـت بـە نرخـی بـازاڕ پێـی بفرۆشێت ، والله أعلم)[١٠].

**وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّه رَبِّ الْعَالَمِينَ .**

(١٠)- بڕوانە : (مجموع الفتاوى) : (٢٩ / ٣٥٩) .

## من أقوال السلف

**قال الامام الفضيل بن العياض (رحمه الله): ﴿ مَنْ جلَسَ مَعَ صاحبِ بدعةٍ فاحذرْهُ،ومَنَ جلسَ مَعَ صاحبِ البدعةِ لَمْ يعطِ الحكمةَ،وأحِبُّ أنْ يكونَ بيني وبينَ صاحبِ بدعةٍ حِصْنٌ مِنْ حديدٍ،آكُلُ عندَ اليهودي والنصراني أحَبُّ اليّ مِنْ أنْ آكُلَ عندَ صاحبِ بدعةٍ ﴾**[1] .

**واتە/ هەرکەسێك لەگەڵ خاوەن بیدعەیەك دانیشت ئەوا خۆتی لێ بپارێزە،وەهەرکەسێك لەگەڵ خاوەن بیدعەیەك دابنیشێت ئەوا دانایی وکاربەجێیی پێ نابەخشرێت،وەپێم خۆشە لەنێوان من وخاوەن بیدعەدا دیوارێکی ئاسن هەبێت،وەئەگەر لەلای جولەکەو گاور خواردن بخۆم پێم خۆشترە وەك ئەوەی لای خاوەن بیدعە بیخۆم .**

(1) – (اللالكائي) : (٦٣٨/٤ رقم ١١٤٩).

# برایەتی نێوان موسڵمانان
## ٢ـ مافەکانی برایەتی نێوان موسڵمانان
## ( حقوق الأخوة )

بەشی یەکەم : ( ١ ـ ١٠ )

ئامادەکردنی / م . محمد عبد الرحمن

بسم الله الرحمن الرحيم

## * ئەو فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتووە :

١-وعن أبـي هريرة﴿رضي الله عنه﴾أن رسـول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ قال : ﴿حق المسلم على المسلم ست﴾ قيل : ما هن يا رسول الله ؟ قـال : ﴿إذا لقيته فسلم عليه ، وإذا دعاك فأجبه ، وإذا استنصحك فانصح لـه ، وإذا عطـس فحمد الله فشمـته ، وإذا مرض فعده ، وإذا مـات فاتبعـه﴾[1].

واتـە : مافـی موسـڵمان بـە سـەر موسڵمانەوە شەشە ، ووترا : ئـەو مافانـە چـین ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ؟ فـەرمووی: ئەگـەر پـێی گەیـشتیت ئـەوا سـەلامی لـێ بکـە ، وە ئەگـەر دەعـوەتی کردی ئەوا وەڵامـی بـدەرەوە ، وە ئەگـەر داوای ئامۆژگـاری لـێ کـردی ئـەوا ئامۆژگاری بکە ، وە ئەگەر نەخۆش کەوت ئەوا سـەردانی بکـە ، وەئەگـەر مـرد ئـەوا شـوێنی جەنازەکـەی بکـەوە .

٢ ـ وعن البراء بن عازب ﴿رضي الله عنه﴾ قال: ﴿أمرنا رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾بسبع ونـهانا عـن سبع ، أمرنا بعيادة الـمريض ، واتبـاع الـجنازة ، وتشميت العـاطس ، وإبـرار القَسم أو الـمقسم ، ونصرِ الـمظلوم ، وإجابة الداعي ، وإفشاءِ السلام، ونـهانا عن ...﴾[2] .

(١) – (صحيح مسلم) رقم : (٢١٦٢) .

(٢)- (صحيح مسلم) : (٢٠٦٦) .

واتــه : پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) فــەرمانی پێکــردین بــە حــەوت شــت و ڕێگریــشی لێکــردین لــە حــەوت شــت ، فەرمانی پێکردین بە : سەردانی نەخۆش، وشــوێنکەوتنی جــەنازە ، ودوعــاکردن بــۆ ئــەو کەســەی دەپــژمێت ، وبــەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت، وسەرخــستنی ســتەم لێکــراو ،و وەڵام دانــەوەی دەعــوەت ، وبڵاوکردنــەوەی سەلام ...

٣ـ ـ وعــن أبــي موســى الأشــعري(رضي الله عنه) عــن النبي (ﷺ) قال:﴿أطعموا الـجائع ﴿وأجيبوا الداعي﴾، وعودوا الـمريض ، وفكوا العانـي﴾، قال سفيان: والعانـي الأسير[٣].

واتــه : خــواردن بــدەن بــە کەسـانی برسـی، و وەڵامـی دەعـوەت بدەنـەوە، و ســەردانی نــەخۆش بکــەن ،و دیــل و بەندکراو رزگار بکەن .

## * ئایا مافەکانی برایەتی هەر ئەوەندەیە ؟

زانایــان فەرموویانــە: مافــەکانی برایــەتی نێـوان موسـڵمانان زۆرن و تــەنها کورت هەڵنەچنراون لەو چەند مافــەی کــە لــەو فەرموودانــەی ســەرەوە باســکران ، بــەڵام ئەوانــەی کــە باسـکران بـریتین لــە گــرنگترین مافــەکانی موســڵمان بــە ســەر برای موسڵمانییەوە .

ئیمــامی( الــمناوي) لــە "فــيض القدير" دا،دەفەرمێت:

(مانــای ئــەم ڕستانه ئــەوە دەگەیــەنێت کەوا ئەمانە لە مافەکانی ئیسلامن و مافـی تریش هەیە کە لە فەرموودەی تـردا بـاس کـراوە ... بیرخستنەوەی (مفهوم العدد) نابێتە بەڵگە لای زۆربـەی زانایـان ، بۆیـە باسـکردنی (ژمـارە) لـەم فەرموودەیـە و ئەوەی پێشەوەیشی ئەوە ناگەیەنێت کەوا لەمانەی کە باسکراون مافـی زیاتر نییـە،

---

(٣) – (صحيح البخاري) رقم : (٥٣٧٣) و (٥٦٤٩) و (٥١٧٤) ، قال الـحافظ : (قوله "أطعموا الـجائع ، وعودوا الـمريض ..." الـحديث تقدم فـي الوليمة من كتاب النكاح (٥١٧٤) بلفظ : "أجيبوا الداعـي " بـدل "أطعموا الـجائع " ومـخرجهما واحد ، وكأن بعـض الرواة حفظ ما لـم يحفظ الآخر) [فتح البـاري : (٩ / ٦٤٣)] .

چونكە مافی تر بۆ موسڵمان بە سەر برای موسڵمانی‌یەوە باسكراوە.....)[٤] .

وە شێخ (ابن العثیمین) دەفەرمێت :

مافەكانی موسڵمان بە سەر برای موسڵمانی‌یەوە زۆرن ، بەلاّم پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ هەندێك جار هەندێك شتی دیاری كراو باس دەكات لە هەندێك شتی زۆردا لە بەر گرنگی پێدان و ڕێزلێگرتنی ئەو شتە دیاری كراوانە[٥] .

٤ـ وعن أبي هريرة﴿رضي الله عنه﴾قال : قال رسول الله﴿ﷺ﴾ : ((﴿إياكم والظن فإن الظن أكذب الحديث ، ولا تحسسوا ، ولا تجسسوا ، ولا تنافسوا ، و﴾ لا تحاسدوا ، ولا تناجشوا ، ولا تباغضوا ، ولا تدابروا ، ولايبع بعضكم على بيع بعض،ولا يخطب الرجلُ على خطبة أخيه حتى ينكح أو يترك﴾،وكونوا عباد الله إخوانا .

المسلم أخوالمسلم لا يظلمه ، ﴿ولا يخونه ، ولا يكذبه﴾،﴿ولا يسلمه﴾، ولا يخذله ، ولا يحقره ، ﴿ومن كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته ، ومن فرج عن مسلم كُربةً فرج الله عنه كربة من كربات يوم القيامة ، ومن ستر مسلماً ستره الله يوم القيامة﴾ ، التقوى هاهنا ويشير إلى صدره ثلاث مرات ، بحسب امرئٍ من الشر أنْ يحقر أخاه المسلم ، كل المسلم على المسلم حرام دمه وماله وعرضه .

﴿إن الله لا ينظر إلى أجسادكم ولا إلى صوركم ولكن ينظر إلى قلوبكم ﴿وأعمالكم﴾وأشار بأصابعه إلى صدره﴾، ﴿ويقول : والذي نفسي بيده ما تواد اثنان فيفرق بينهما إلا بذنبٍ يحدثه أحدهما ، وكان يقول : للمسلم على المسلم ست : يشمته إذا عطس ، ويعوده إذا مرض ، وينصحه إذا غاب أو شهد ، ويسلم عليه إذا لقيه ، ويجيبه إذا دعاه ، ويتبعه إذا مات ، ونهى عن هجرة المسلم أخاه فوق ثلاث﴾))[٦] .

---

(٤) – (فيض القدير شرح الجامع الصغير) : (٣ / ٣٩٠).

(٥) – (شرح رياض الصالحين) : (١ / ٦٠٦ ـ ٦٠٧).

(٦) – (صحيح البخاري) رقم : (٦٠٦٤) و (٦٠٦٥) و (٦٠٦٦) ، و(صحيح مسلم) رقم : (٢٥٦٣) ،و(صحيح سنن الترمذي) رقم : (١٩٢٧)و(صحيح سنن أبي داود) رقم : (٤٨٩٣) ، و(مسند الإمام أحمد) رقم : (٥٣٥٧)، و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (٦٧٠٦) ، و(صحيح الترغيب والترهيب) رقم : (٢٨٨٥) و (٣٤٩٥) .

واتـه : ئامـان ووریـای گومـان بـن چونكه گومان درۆترین ووتەی دەروونـە ، و چـاوە چـاوە مەكـەن بـۆ موسـڵمانان ، وجاسوسی مەكـەن ، و پێشبڕكێ مەكـەن بۆ دونیا ، و حەسودی بە یـەكتر مەبـەن ، و نرخـی شـتومەك لـە سـەر یـەكتر گـران مەكـەن ، و ڕقتـان لـە یـەكتر نـەبێت ، و پـشت لـە یـەكتر هەڵمەكـەن ، و مامەڵـە و كڕین و فرۆشتن مەكەن بە سـەر مامەڵـەی یەكتر ، و خـوازبێنی ژن مەكـەن بـە سـەر خـوازبێنی براتـان تـاوەكو ئـەو مـارەی دەكـات یـان وازیلێـدێنێت ، وە بـبن بـە برای یەكتر .

موسـڵمان بـرای موسـڵمانە سـتەم و زوڵمی لێ ناكات ، و خیانەتی لێ ناكـات ، و درۆی لـە گەڵـدا ناكـات و بـە درۆشـی ناخاتەوە ، و دەست بە سەری ناكات ، و سەرشۆڕی ناكات ، و بـە چاوی سـووك و كـەم ڕێـزەوە سـەیری ناكـات ، وە هـەر كەسێك لە پێویستی برای موسڵمانیدا بێت ئەوا خـوا لـە پێویـستیدا دەبێـت ، و هـەر كەسێك ناڕەحەتییەك لە سەر موسڵمانێك لابـەرێت ئـەوا خـوا ناڕەحەتیـەك لـە ناڕەحەتیـەكانی قیامـەتی لـە سـەر لادەبـات ، و هـەر كەسـێك عەیبـە و كـەم وكوڕی موسـڵمانێك دابپۆشـێت ئـەوا خـوا عەیبـە و كـەم و كـوڕی دادەپۆشـێت لـە قیامەتدا ، لـە خـوا ترسـان ئـا لێرەدایـە - سـێ جـار ئامـاژەی كـرد بـۆ سـینگی - ، بەسە بۆ خراپێتی موسڵمان كە بـە چـاوی سـووك و كـەم ڕێزەییـەوە سـەیری بـرای موسـڵمانی بكـات ، هـەموو موسـڵمانێك خوێن و ماڵ و ناموسـی حەرامـە لـە سـەر موسڵمان .

---

**تنبيهٌ لطلبة العلم :**

أصل الـحديث أخرجه الإمام مسلم رقـم : (٢٥٦٣) والرواية التـي جعلتها أصلاً للحـديث هي أهم الروايات وأجمعها ، قال الـمنذري فـي "الترغيب والترهيـب" : (رواه مالك والبخاري ومسلم واللفظ لـه ، وهـو أهـم الروايات) ، وقال الـحافظ ابن حجر فـي [فتح الباري : (١٠ / ٥٩٤)] بعد أنْ ذكر بعض زوائد هذا الـحديث : (وهذه الطريق أجمع ما وقفت عليـه مـن طـرق هـذا الـحديث عن أبـي هريرة ... وهو حديث عظيم اشتمل على جملٍ من الفوائـد والآداب الـمحتاج إليهـا) ، لكننـي ضممت إليها زوائدها ووضعتها فـي أماكنـها الـمناسبة لـها - وذلك حسب علمي القاصر - اتباعاً لطريقة إمام أهل الـحديث فـي زمانه الـمحدث العلامة الشيخ الألبانـي رحمه الله .

خــوا ســەیری لاشــە و وێنــەتان ناکات بەڵکو سەیری دڵ و کردەوەکانتـان دەکات ـ وە بە پەنجەکانی ئاماژەی کرد بۆ سینگی ـ ، وە فەرمووی : سوێند بەو خوایەی کە نەفس و دەروونی منی بە دەستە دوو کەس نییە خۆشەویستی یەکتر بن و جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە ئیللا بە هۆی تاوانێکەوە نەبێت کە یەکێکیان ئەنجامی داوە ، هەروەها فەرمووی : موسڵمان شەش مافی هەیە بە سەر موسڵمانەوە : دوعای بۆ دەکات ئەگەر پژمی ، و سەردانی دەکات ئەگەر نەخۆش کەوت ، و ئامۆژگاری دەکات ئەگەر دیار نەبوو یان ئامادەش بوو ، و سەلامی لێ دەکات ئەگەر پێی گەیشت ، و وەڵامی دەداتەوە ئەگەر دەعوەتی کرد، و شوێنیشی دەکەوێت ئەگەر مرد ، وە قەدەغەی کردووە موسڵمان قسە لە گەڵ موسڵماندا نەکات و پشتی لێهەڵبکات زیاتر لە سێ ڕۆژ .

قال الـحافظ : (وهـو حـديث عظيم اشتمل على جملٍ من الفوائد والآداب الـمحتاج إليها)[٧] .

واتــە : ئــەم فەرموودەیــە فەرموودەیەکی زۆر گەورەیە و چەندین سوود و ئاکار و ئادابی لە خۆ گرتووە کە موسڵمانان پێویستیان پێیان هەیە .

*** حــوکمی ئــەم مافانــەی موسڵمانان بەسەر یەکترەوە :**

زانایان لەحوکمی ئەم مافانەدا سێ مەزهەب و بۆچوونی جیاوازیان هەیە:

١ ـ هەندێك لە زانایان دەڵێن : بە جێگەیاندنی ئەم مافانە سوننەتێکی جەخت لە سەر کراوە (سنـةٌ مؤكدة) .

٢ ـ وە هەندێکی تریان دەڵێن : فەرزە لە سەر هەندێك بە شێوەیەك ئەگەر چەند موسڵمانێك هەستان بە جێبەجێکردنی ئەم مافانە کەوا بەس بێت ئەوا ئەم ئەرکانە لە سەر ئەوانەی تر پێویست و واجب نابێت، واتە/(فـرض كفايـة)یە .

---

(٧) – (فتح الباري شرح صـحيح البخـاري) :(١٠/ ٥٩٤).

٣ ـ وه هەندێکی تریان دەڵێن : فەرزە لە سەر هەموو تاکێکی موسڵمانان ئەم مافانە بە جێبگەیەنێت بەرامبەر بە یەکتر،واتە/ (فرض عين)ە.

بەڵام بۆچوونی ڕاست و دروست بریتیە لە مەزهەب و بۆچوونی دووەم کەوا ئەگەر چەند موسڵمانێك هەستان بە جێگەیاندنی ئەم مافانە کەوا بەس بێت ئەوا ئەم ئەرکانە لە سەر ئەوانەی تر پێویست و واجب نابێت ، بەڵام ئەگەر بەجێگەیەنەری ئەم مافانە ئەوەندە نەبوون کە بەس بێت ئەوا هەموو موسڵمانانی بە توانا و بەئاگا تاوانبار دەبن .

قال الشوكاني : (والمراد بقوله : "حق المسلم" أنه لا ينبغي تركه ويكون فعله إما واجباً أو مندوباً ندباً مؤكداً شبيهاً بالواجب الذي لا ينبغي تركه ...)[٨].

وقال الحافظ في الفتح :

( قوله: ((**حق المسلم على المسلم خمس**)) في رواية مسلم : ((**خمس تجب للمسلم على المسلم**)) وله عن أبي هريرة : ((**حق المسلم على المسلم ست**)) وزاد : ((**وإذا استنصحك فانصح له**)) ، وقد تبين أن معنى الحق هنا الوجوب خلافاً لقول بن بطال المراد حق الحرمة والصحبة ، والظاهر أن المراد به هنا وجوب الكفاية)[٩].

واتە : ڕوون و ئاشکرایە کەوا مەبەست بە (حەقە لە سەر موسڵمان) واجب و پێویست بوونە ، وە ئاشکراشە لێرەدا مەبەست ئەوەیە واجبە لە سەر هەندێك کەوا بەجێهێنانیان بۆ ئەو مافانە بەس بێت .

## مافەکانی موسڵمانان بە سەر یەکترەوە برتین لە :

**یەکەم : سەلام کردن و وەڵامدانەوەی سەلام (( إلقاءُ السلامُ ، وردُّ السلام)) :**

لە فەرموودەکانی سەرەوەدا باس لەم مافە کراوە بە :

ـ ((إذا لقيته فسلم عليه)) ، واتە : ئەگەر پێی گەیشتیت ئەوا سەلامی لێ بکە ، ئەمەش سوننەتە .

---

(٨) – (نيل الأوطار) : (٤ / ٤٣) .

(٩) – (فتح الباري) : (٣ / ١٤٦) وانظر : (١٠ / ٧٣٨).

ـ ((رد السـلام)) ، واتـه : وەڵامدانەوەی سەلام ، ئەمەشیان واجب و فەرزە .

ـ ((وإفـشاء الـسلام)) ، واتـه : بڵاوکردنەوەی سەلام لـە نێـوان یـەکتردا ، ئەمەشیان دەبێتە مایـەی دروست بـوونی خۆشەویستی لە نێوان موسڵماناندا .

عن أبـي هريرة﴿رضي الله عنه﴾ قال : قال رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾: ﴿لا تدخلون الـجنة حتـى تؤمنوا ، ولا تؤمنوا حتـى تحابوا ، أو لا أدلكُم على شيءٍ إذا فعلتموه تحاببتم : أفشوا السلام بينكم﴾(١٠).

واتە : ناچنە بەهەشتەوە تـاوەکو ئیمـان و بـاوەڕ نـەهێنن ، وە ئیمـان و باوەڕتـان تـەواو نابێـت تـاوەکو خۆشەویـستی یـەکتر نـەبن ، ئایـا ڕێنماییتـان نەکـەم بـۆ شـتێك ئەگـەر ئـەنجامی بـدەن ئـەوا دەبـن بـە خۆشەویستی یـەکتر : سـەلام کـردن لـە یـەکتر و وەڵامدانـەوەی لـە نێوانتانـا بڵاوبکەنەوە .

(١٠) – (صحيح مسلم) رقم : (٥٤) .

* فەزڵ و گەورەیی پاداشتی سەلام کردن و بڵاوکردنەوەی :

عن أبي هريرة ﴿رضي الله عنه﴾ قال : ﴿أن رجلاً مر على رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وهـو في مجلس فقال : السلام عليكم ، فقال : عشر حسنات ، فمر رجل آخر فقال : الـسلام عليكم ورحمة الله ، فقال : عشرون حسنة ، فمررجل آخر فقال : السلام عليكم ورحمة الله وبركاتـه ، فقـال: ثلاثـون حسنة...﴾(١١).

واتە : پیاوێك دای بـەلای پێغەمبـەری خوادا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ لـە کاتێکدا کـە پێغەمبـەری خوا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾دانیشتبوو لـە مەجلیسێکدا و ووتـی: (الـسلام علـيكم) پێغەمبـەری خـوایش﴿صلى الله عليه وسلم﴾وەڵامـی دایـەوە و فەرمووی: ئەمـە (١٠) دە چاکە ، ئـەنجا پیاوێکی تـر تێپـەڕی و ووتـی : (الـسلام علـيكم ورحمـة الله) پێغەمبـەری خـوایش﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وەڵامـی دایـەوە و فـەرمووی : ئەمـە (٢٠) بیـست چـاکە ، ئـەنجا پیـاوێکی تـر تێپـەڕی و ووتـی :

(١١) – (صحيح الأدب الـمفرد) رقـم : (٩٨٦) ، وفـي (صحيح سنن أبـي داود) من حديث (عمران بن الـحصين) τ رقم : (٥١٩٥) .

(السلام عليكم ورحمة الله وبركاته) پێغەمبەری خوایش﴿ﷺ﴾ وەڵامی دایەوە و فەرمووی : ئەمە (٣٠) سی چاکە .

* ڕاستکردنەوەي هەندێك هەڵەي موسڵمانان لەم بابەتەدا :

١ ـ گۆڕینەوەی ووشەکانی سەلام کردن کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بە هەندێك ووشە و ووتەی خەڵك یان بە هەندێك ووشەی بێباوەڕەکان لە گاور و جوولەکە :

وەك ئەوەی کە لە کاتی بە یەکتر گەیشتندا دەڵێن : (ئەم کاتەت باش) یان (چۆنیت) یان (مەرحەبا) یان (ئەلەو) ... هتد ، هەروەها لە کاتی وەڵامدانەوەی سەلامدا دەڵێن : (سەلام سەر چاو) یان (سەر سەرم) یان (ڕوحەکەی) یان (بەخێربێیت) ... هتد .

ئەمانە هەمووی هەڵەن چونکە پێچەوانەن بۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ :

عن عائشة رضي الله عنها قالت : قال لي رسول الله﴿ﷺ﴾ : ﴿إن جبريل يقرأُ عليك السلام)) قالت : قلت : وعليه السلام ورحمةُ الله وبركاته﴾[12].

واتە : عائیشە فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ پێی فەرمووم : جبریل سەلامت لێدەکات ، منیش ووتم : (وعليه السلام ورحمةُ الله وبركاته) .

کەواتە دەبێت لە وەڵامدا بڵێیت : وعليكم السلام ورحمةُ الله وبركاته .

٢ ـ وازهێنان لە سەلام کردن لە کاتی جیابوونەوەدا : زۆرێك لە موسڵمانان وا تێگەیشتوون کەوا سەلام کردن تەنها تایبەتە بە کاتی بە یەکتر گەیشتن و بەس! ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە چونکە پێچەوانەیە بۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ :

عن أبي هريرة﴿رضي الله عنه﴾ قال : قال رسول الله ﴿ﷺ﴾ : ﴿إذا انتهى أحدكم إلى المجلس فليسلم ، فإذا أراد أنْ يقوم فيسلم فليست الأولى بأحق من الآخرة﴾[13].

---

(١٢) – (صحيح البخاري) رقم : (٣٧٦٩) و(صحيح مسلم) رقم : (٢٤٤٦) .

(١٣) – (سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم : (١٨٣) وهو جزء من الحديث السابق الذي تم تخريجه في التعليقة رقم : (١٤) .

واتە : ئەگەر یەکێکتان گەیشتە کۆڕ و کۆمەڵ و مەجلیسێك با سەلام بکات ، وە ئەگەر ویستیشی هەڵبسێت ئەوا با سەلام بکات چونکە سەلامی یەکەم لە پێشتر و شایستەتر نییە لەوەی دوایی .

٣ ـ سەلام کردن بە ئاماژەی دەست و سەر جوڵاندنەوە : زۆرێك لە موسڵمانان لە کاتی سەلام کردندا خۆیان دەشوبهێنن بە گاور و جوولەکە ، بۆیە دەبینیت سەلام کردنیان یان وەلامدانەوەی سەلامیان بریتییە لە ئاماژە کردن بە دەست بەرزکردنەوە یان سەرجوڵاندنەوە یان هۆڕینگ لێدان ئەگەر لە ناو سەیار و ئۆتۆمبیل بێت ، ئەمەیش هەڵەیە چونکە پێچەوانەیە بۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ :

عن جابر بن عبد الله﴿رضي الله عنه﴾ قال : قال رسول الله﴿ﷺ﴾ : ﴿لا تسلموا تسليم اليهود فإن تسليمهم بالرؤوس والأكف والإشارة﴾[١٤].

واتە : وەکو جوولەکە سەلام مەکەن لە یەکتر چونکە سەلام کردنی جوولەکە بریتییە لە سەر و دەست جوڵاندنەوە و ئاماژە کردن .

قال الحافظ : (ولا تكفي الإشارة باليد ونحوه ... ويستثنى من ذلك حالة الصلاة ... وكذا من كان بعيداً بحيث لا يسمع التسليم يجوز السلام عليه إشارة ويتلفظ مع ذلك بالسلام)[١٥].

واتە : تەنها ئاماژە کردن بە دەست و هاوشێوەکانی بەس نییە ... بەلام حاڵەتی نوێژ لەمەجیا دەکرێتەوە ... هەروەها بۆ کەسێکیش کەوا دوور بێت لێتەوە بە شێوەیەك کەوا گوێ بیستی سەلامەکە نەبێت ئەوا دروستە سەلامی لێ بکەیت بە ئاماژە و لەگەڵ ئاماژەکەشدا بە زمانت سەلامەکە دەڵێیت .

**دووەم : سەردانی نەخۆش ((وعيادة المريض)) :**

---

(١٤) – (أخرجه النسائي) في "عمل اليوم والليلة" والديلمي : (٤ / ١٥٠) ونقل الألباني قول الحافظ في "فتح الباري" : (١١ / ١٢) : (أخرجه النسائي بسند جيد) وأقره ، وقال في "جلباب المرأة المسلمة" ص : (١٩٦) : (صحيح) ، وانظر : "سلسلة الأحاديث الصحيحة" : (٤ / ٣٨٨ ـ ٣٨٩) تحت الحديث رقم : (١٧٨٣) .

(١٥) – (فتح الباري) : (١١ / ٢٤) .

* فـــــەزڵ و طــــــەورەتيي سەرداني نەخۆش :

عن علي﴿رضي الله عنه﴾ قال سمعت رسـول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ يقول : ﴿مـن أتـى أخـاه الـمسلم عائداً مشى في خرافـة الـجنة حتـى يجلس، فإذا جلس غمرته الرحمـة ، وإنْ كان غدوةً صلى عليه سبعون ألف ملك حتـى يمسي ،وإنْ كان ممسياً صلى عليه سبعون ألف ملك حتـى يصبح﴾ (١٦).

واتــە : هــەر كەســێك بـچێت بـۆ سەردانی برایـەکی نەخۆشـی ئـەوا لـە نـاو دروێنە کردنی بەرهەمـەکانی بەهەشـتدایە تاوەکو دادەنیشێت ، جا ئەگـەر دانیـشت ئـــەوا ڕەحمـــەت و بـــەزەیی خـــوا دەیگرێتەوە، وە ئەگەر ئەو سەردانەی لـە کـــاتی بەیانیـــدا بـــوو ئـــەوا (٧٠,٠٠٠) حەفتاهەزار فریشتە بـۆی دەپاڕێنـەوە لـە خوا و دوعـای خێـری بـۆ دەکـەن تـاوەکو ئێوارە ، وە ئەگەر ئەو سەردانەی لە کاتی ئێـوارەدا بـوو ئـەوا (٧٠,٠٠٠) حەفتاهـەزار فریشتە بۆی دەپاڕێنەوە لە خوا و دوعای خێری بۆ دەکەن تاوەکو بەیانی کـە ڕۆژی لێدەبێتەوە .

* حـوکمي سـەرداني نـەخۆش :

قال الإمام البخاري : (باب وجوب عيادة الـمريض) ، ثُم أخرج حديث أبـي موسى﴿رضي الله عنه﴾ قال:قال رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ : ﴿أطعموا الـجائع ، وعودوا الـمريض ، وفُكوا العانـي﴾(١٧).

واتــە : ئیمــامی (البخـ ـــاري) فەرموویەتی : "بابەتی واجبێتی سەردانی نــــەخۆش" ئـــــەنجا فەرموودەکـــــەی پێغەمبەری خوای﴿صلى الله عليه وسلم﴾ گێڕاوەتەوە کـە فەرموویەتی : خواردن بدەن بـە کەسـانی برسی، و سەردانی نەخۆش بکەن، و دیـل و بەندکراو ڕزگار بکەن .

* سـوننەتە دوعـای کـەفارەتی تاوان و چاك بوونەوە بۆ نەخۆش بکەیت :

عن ابن عباس رضي الله عنهما : أن النبي﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دخل على أعرابـي يعـوده ، قال: وكان النبي﴿صلى الله عليه وسلم﴾ إذا دخـل علـى

---

(١٦) (صحيح سنن ابن ماجه) رقم : (١٤٤٢) و(سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم : (١٣٦٧) ، وقـال الـشيخ الألبانـي : (خرافة الـجنة أي فـي اجتنـاء ثـمرها) (السلسلة) : (٣ / ٣٥٣) .

(١٧) (صحيح البخاري) رقم : (٥٦٤٩) .

مريضٍ يعوده قال له : لا بأس طَهور إنْ شاءَ الله...))[١٨].

واتە : پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕۆیشت بۆ لای پیاوێکی دەشتەکی نەخۆش و سەردانی کرد ، وە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەگەر بڕۆیشتایە بۆ سەردانی نەخۆشێك پێی دەفەرموو : ئەم نەخۆشییە هیچ نییە و پاك كەرەوە و لابەری تاوانەکانە بە ویستی خوا . قال الـحافظ:(مەبەست بە "لا بـأس" ئەوەیە کە نەخۆشی تاوانەکان دەسڕێتەوە و لایان دەبات ، جا ئەگەر نەخۆشەکە چاك بووەوە ئەوا دوو سوودی دەست کەوتووە، ئەگەرنا قازانجی سڕینەوەی تاوانەکانی دەست دەکەوێت ، وە مەبەست بە "طَهور" ئەوەیە کە ئەم نەخۆشییە پاککەرەوەی تاوانەکانی تۆیە... وە ووتەی "إنْ شاء الله" بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مەبەست بە "طَهـور" دوعا و پاڕانەوەیە نەك هەواڵدان ...)[١٩]

وعن عائشة بنت سعد أن أباها قال: تشكيت بمكة شكوى شديدة ، فجاءني النبي ﴿ﷺ﴾ يعودني ... ثُم قال: اللهم اشف سعداً ...))[٢٠].

واتە : سەعد فەرمووی : لە مەککەدا توشی نەخۆشییەکی زۆر توند بووم ، و پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ سەردانی کردم ... ئەنجا فەرمووی : خوایە شیفای سەعد بدە ...

وە هەندێك زیکر و دوعای تر لە سوننەتدا هاتووە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیانمان نییە .

**سێیەم : وەڵامدانەوەی دەعوەت ((وإجابة الداعي ، وأجيبوا الداعيَ)) :**

* حوکمي وەڵامدانەوەي دەعوەت :

بەدەم هاتنەوە و وەڵامدانەوەی دەعوەتی برای موسڵمان واجبە لە سەر موسڵمان چونکە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمانی پێ کردووە و فەرموویەتی : هەرکەسێك وەڵامی نەداتەوە ئەوا پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە ﴿ﷺ﴾ ، ئەمەش بەمەرجێك ئەو دەعوەتە کاری حەرامی تێدا ئەنجام نەدرێت .

(١٨) (صحيح البخاري) رقم : (٥٦٥٦) .
(١٩) – (فتح الباري) : (١٠ / ١٤٧ ـ ١٤٨) .
(٢٠) – (صحيح البخاري) رقم : (٥٦٥٩) .

عن أبي موسى الأشعري ﴿رضي الله عنه﴾ عن النبي ﴿ﷺ﴾ قال: ﴿فكوا العاني ، وأجيبوا الداعي ، وعودوا المريض﴾[٢١].

واته : دیل و بەند کراو رزگار بکەن، و وەڵامی دەعوەتی دەعوەتکار بدەنەوە، و سەردانی نەخۆش بکەن .

وعن ابن عمر رضي الله عنهما قال: أن رسول الله ﴿ﷺ﴾ قال: ﴿ إذا دعي أحدكم إلى الوليمة فليأتها ،﴿عرساً كان أو نحوه﴾ ، ﴿ومن لم يجب الدعوة ، فقد عصى الله ورسوله﴾))[٢٢].

واته : ئەگەر یەکێك لە ئێوە بانگ کرا بۆ دەعوەتێك ئەوا با بڕوات و ئامادە ببێت ، دەعوەتی ژن گواستنەوە بێت یان جگە لەوەش ، وە هەر کەسێك نەیەت بە دەم ئەو بانگەوە و وەڵامی دەعوەتەکە

(٢١) – (صحيح البخاري) رقم : (٥١٧٤)و(٧١٧٣) .

(٢٢) –(صحيح البخاري) رقم : (٥١٧٣) و(صحيح مسلم) رقم : (١٤٢٩) ، وقال الشيخ الألباني : (رواه البخاري ومسلم وأحمد والبيهقي من حديث ابن عمر ، ورواه أبو يعلى ، والزيادة الثانية له ، وسندها صحيح كما قال الحافظ في " التلخيص ") قاله في " آداب الزفاف " ص : (٨٢) .

نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە ﴿ﷺ﴾.

قال الحافظ : (قوله "عصى الله ورسوله" هذا دليلٌ على وجوب الإجابة ، لأن العصيان لا يطلق إلا على ترك الواجب، ووقع في رواية لابن عمر عند أبي عوانة : "من دعي إلى وليمة فلم يأتها عصى الله ورسوله")[٢٣].

واته : ووتەی "هەر کەسێك نەیەت بە دەم ئەو بانگەوە و وەڵامی دەعوەتەکە نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە ﴿ﷺ﴾ " بەڵگەیە لە سەر واجبێتی وەڵامدانەوەی دەعوەت، چونکە سەرپێچی بە کار ناهێنرێت ئیللا بۆ وازهێنان لە واجب نەبێت ...

وە ئەوەش بزانە کە واجبێتی وەڵامدانەوە و بەدەم هاتنەوەی دەعوەت تەنها تایبەت نییە بە دەعوەتی ژن گواستنەوەوە، بەڵکو گشتییە و هەموو دەعوەتێك دەگرێتەوە بە مەرجێك ئەو دەعوەتە کاری حەرامی تێدا ئەنجام نەدرێت ، ئەم تێگەیشتنەش ڕوکەشی ئەو

(٢٣) – (فتح الباري) : (٩ / ٣٠٥) .

فەرموودەیەی سەرەوەیە بە هەموو ڕیوایەتەکانی‌یەوە .

* دةعوةت كردني دةولَةمةندةكان بة تايبةت حةرامة :

حەرامە دەعوەت تایبەت بکرێت بە دەوڵەمەندەکانەوە و فەقیر و هەژارەکانی بۆ بانگ نەکرێت ، ئەمەش لەبەر ئەم فەرموودەیە :

عن أبي هريرة﴿رضي الله عنه﴾قال : قال رسول الله﴿ﷺ﴾ :﴿ شر الطعامِ طعام الوليمة يدعى لها الأغنياء، ويمنعها المساكين، ومن لم يجب الدعوة فقد عصى الله ورسوله﴾(٢٤).

واتە : خراپ ترین خواردن خواردنی دەعوەتە کەوا دەوڵەمەندەکانی بۆ بانگ دەکرێت و فەقیر و هەژارەکانی لێ قەدەغە و بێ بەش دەکرێت ، وە هەر کەسێك وەڵامی دەعوەت نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە﴿ﷺ﴾ .

(٢٤) – (رواه البيهقي) في "السنن الكبرى" رقم : (١٤٢٩٨) بهذا اللفظ مرفوعاً ونحوه في (صحيح مسلم) رقم : (١٤٣٢) ، و(رواه البخاري) في صحيحه موقوفاً عليه رقم : (٥١٧٧) ، وانظر : (آداب الزفاف) ص : (٨١) ، و(شرح صحيح مسلم) : (٩ / ٢٣٧) .

قال النووي:

(لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەواڵی داوە بەوەی ڕوودەدات لە دوای خۆی لە گرنگی دان بە دەوڵەمەندەکان لە دەعوەتەکان و هاوشێوەی دەعوەتەکان ،و تایبەتمەند کردنیان بە دەعوەت و جیاکردنەوەیان بە خواردنی نەخت و چاك، و بەرز ڕاگرتنی دانیشتگە و مەجلیسەکانیان و پێش خستنیان ،وجگە لەمانەش لەوانەی کە لە زۆربەی دەعوەتەکاندا ڕەچاو دەکرێت ، خواش یارمەتی دەرە !)(٢٥).

* نابيَت وةلآمي دةعوةتيَك بدةيتةوة كةوا كاري حةرامي تيَدا ئةنجام دةدريَت :

ئیمامی (البخاري) ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرموویەتی : (باب "هل يرجع إذا رأى منكراً في الدعوة ؟" ، ورأى أبي مسعود صورةً في البيت فرجع ، ودعا ابن عمر أبا أيوب فرأى في البيت ستراً على الجدار ، فقال ابن عمر غلبنا عليه النساء ، فقال : من كنت أخشى

(٢٥) – (شرح صحيح مسلم) : (٩ / ٢٣٧) .

عليه فلم أكن أخشى عليك ، والله لا أطعم لكم طعاماً فرجع)[٢٦].

واتـــه : ئايـــا ئەگـــەر لـــە دەعوەتەكـــەدا خراپەيـــەكى بـــينى دەگەڕێتـەوە ؟ (أبـي مسعود) وێنەيـەكى بينى لە ماڵەكەدا و گەڕايـەوە ، وە (ابـن عمر)يش (أبو أيـوب)ى دەعـوەت كـرد و (أبو أيوب) پۆشاكێكى بينى هەڵواسرابوو بـە ديـوارى خانووەكەيانـەوە ، (ابــن عمر)يش فـەرمووى : ئافرەتـان زاڵ بـوون بە سەرماندا ، ئەويش فەرمووى : لە هـەر كەسێك ترسم هەبوايە ئەوا ترسم لـە سـەر تـۆ نـەبوو ! سـوێند بـە خـوا خواردنتـان ناخۆم ، و گەڕايەوە .

قال الـحافظ : (عـن أبـي مسعود: "أن رجلاً صنع طعامـاً فـدعاه ، فقال: أفـي البيت صورة ؟ قال : نعـم ، فأبـى أنْ يدخلَ حتـى تكسر الـصورة" وسنده صحيح)[٢٧].

واته : پياوێك خواردنێكى دروست كـرد و (أبـي مسعود)ى دەعـوەت كـرد ، (أبـي مسعود) فـەرمووى : ئايا ماڵتـان وێنەى تێدايـە ؟ ئـەويش ووتـى : بەڵـێ ، (أبـي مسعود) خۆى گرتەوە و نەڕۆيـشتە ژوورەوە تـاوەكو وێنەكـە بشكێنێت و لـە ناوى بەرێت .

ئەمەش لە بەر ئـەو فەموودەيـەى پێغەمبـــەرى خـــوا بـــوو﴿ﷺ﴾ كـــە فەرموويـەتى: ﴿لا تدخلُ الـملائكةُ بيتـاً فيه صورة﴾[٢٨].

وقال الـحافظ أيضاً : (قال ابن بطال ) :

(ئەم فەموودەيە ئەوەى تێدايە : كـە دروسـت نىيـە و حەرامـە بڕۆيـت بـۆ دەعوەتێـك كـەوا خراپـەكارى تێـدا بێـت لەوانەى كە خوا و پێغەمبەرەكەى﴿ﷺ﴾ قەدەغـەيان كـردووە، چـونكە ڕۆيـشتن و وەڵامدانەوەى ئەو دەعەوەتە دەرخستنى ڕەزامەنـدى تێدايـە بـەو خراپـەكارى و حەرامانە ، ئەنجا بۆچوونى زانايانى بـاس كردووە كـە پوختەكـەى ئەوەيـە : ئەگـەر ئەو دەعوەتـە حـەرامكارى تێـدا هـەبوو و ئـەويش توانـاى گـۆڕين و لابردنـى ئـەو

(٢٦) - قالـه الإمام البخاري فـي "صـحيحه " فـتح الباري : (٩ / ٣٠٩) .

(٢٧) – (فتح الباري) : (٩ / ٣١٠) .

(٢٨)- (صحيح البخاري) رقم : (٣٢٢٦) و (٣٢٢٥) و (٣٣٢٢) و(٤٠٠٢) و (٥٩٤٩) و (٥٩٥٨) و(صـحيح مسلم) رقم : (٢١٠٦) و (٢١٠٧) و (٢١١٢) .

حەرامانەی هەبوو ئەوا دروستە بڕوات و ئامادە بێت ، وە ئەگەر توانای گۆڕین و لابردنی ئەو حەرامانەی نەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە و ئامادەنابێت ...)(٢٩)

وەپرسیار کرا لە اللجنة الدائمة للبحوث والإفتاء :

( مردوویەك لە خزم و کەسوکارم دەمرێت و خواردنێکی بۆ دروست دەکەن لە (٧) ڕۆژ و (٤٠) ڕۆژەی مردنیدا [واتە : خواردنی سەر حەفتانە و سەر چلە] ئەمەش بیدعەیە وەکو پێشتر فەتواتان بۆمان داوە ، بەلام من دەڕۆم بە مەبەستی نەپچڕاندنی خزمایەتی ، ئایا حوکمی خواردنی ئەو خواردنە دروست کراوە بیدعە چییە ؟).

زانایانیش لە وەلامدا فەرموویان :

( دروست نییە وەلامی ئەو دەعوەتە بدەیتەوە ، چونکە ئەمە بەشێکە لە بیدعەکان ، و پێغەمبەری خواش﴿ﷺ﴾فەرموویەتی : هەر کەسێك لەم دینەدا شتێك دابهێنێت و ئەو شتەش بەشێك نەبێت لەم دینە ئەوا ئەو داهێنراوە ڕەت کراوەیە و قەبوڵ ناکرێت ، وە ئەگەر تۆ وازبێنیت لە ئامادە بوونی ئەو دەعوەتە ئەوا ئەم ئامادە نەبوونەت بەشێکە لە گوێڕایەڵی خوا و بەشێك نییە لە پچڕاندنی خزمایەتی ، چونکە پچڕاندنی خزمایەتی بریتییە لە وازهێنان لە کارێك کە کردنی شەرعی بێت لە چاکە و خێر ، بەلام ئەگەر ئامادەبوونت بە مەبەستی گۆڕین و قەدەغە کردنی ئەو خراپە و بیدعەیە بێت و تۆش توانای ئەمەت هەبێت ئەوا هیچی تێدا نییە ئامادە بیت بە مەبەستی گۆڕین و قەدەغە کردنی ئەو خراپە و بیدعەیە ، بە مەرجێك لەو خواردنە نەخۆیت کە بەو مەبەستەوە بۆت دێنن و پێشکەشتی دەکەن ... وبالله التوفيق ، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم)(٣٠).

---

(٢٩) – (فتح الباري) : (٩ / ٣١٠) .

(٣٠) - السؤال الخامس من الفتوى رقم : (٨٨٦٨) ، اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ،

عضو ، عضو ، نائب رئيس اللجنة ، الرئيس .

عبد الله بن قعود ، عبد الله بن غديان ، عبد الرزاق العفيفي ، عبد العزيز بن عبد الله بن باز .

وقال الشيخ ابن العثيمين: (وإذا كان في الدعوة منكر ، فإن كان الإنسان قادراً على التغيير وجبت عليه الإجابة ، من وجهين: الوجه الأول: إزالةُ المنكر ، والوجه الثاني: إجابةُ دعوة أخيه ... و أما إذا كان في

**چوارەم : دوعـای خێـر کـردن بـۆ ئـەو کەسـەی کـە دەپـژمێت ((وتـشميت العاطس)) :**

ئیمامی المناوي دەفەرمێت :

﴿مەبەست بـە "تشميت العاطس" ئەوەیە کە دوعای بۆ بکـەیت بـەوەی کـە خوا ڕەحمی پێ بکات و بەرەکـەتی خـۆی پـێ ببەخـشێت ئەگـەر ئـەو کەسـە دوای پژمینەکەی سوپاسی خوای کردو ووتـی : (الـ ـ ـحمد لله) ...وە ئەگـەر پـژمی و سوپاسی خوای کرد ئەوا تۆیش دوعای بۆ بکە بەوەی کـە پـێی بڵێیـت : (یرحمـك الله)﴾[٣١]...

وقال الـحافظ : (قال ابن دقيـق العيد : وظاهر الأمر الوجوب ...وقال بـه جمهور أهل الظاهر ... وقال ابـن أبـ ـي جـمرة : قال جمع من علمائنا : إنه فرض عين وقواه ابن القيم فـي "حواشي السنن" فقال : جاء بلفظ الوجوب الصريح وبلفـظ "الـحق" الدال عليه وبلفظ "على" الظاهرة فيه وبصيغة الأمر التي هي حقيقة فيه وبقول الصحابـي "أمرنا رسـول الله ﷺ" ، قال : ولا ريب أن الفقهاء أثبتوا وجـوب أشـياء كـثيرة بـدون مجمـوع هـذه الأشياء...)[٣٢].

بـە کـورتی واتـە : ڕواڵـەتی ئـەو فەرمان پێ کردنە ئەوەیە کە دوعـا کـردن بۆی واجب و پێویـستە ، وە کۆمـەڵێك لـە زانایـانیش فەرموویانـە فـەرزە لـە سـەر هەموو ئەوانەی کە گوێ یـان لـە پـژمین و سوپاس کردنی دەبێت دوعای بۆ بکەن .

**پێنجـەم : شـوێنکەوتنی جـەنازە ((اتباع الجنائز)) :**

* حوکمي شوێنکەوتني جەنازە :

ئەگەر موسڵمانێك مرد ئەوا واجب و پێویـستە لـە سـەر هەنـدێك لـە بـرا موسڵمانەکانی کەوا هەستن بـە شـۆردن و کفن کردن و نوێژی جەنازە لە سەر کـردن

---

الدعوة منكر لا تستطيع تغييره كما لو كان فـي الـدعوة شرب دخان أو شيشة أو كان هناك أغانـي محرمة فإنه لا يجوز لك أنْ تجيب) (شرح رياض الـصالـحين): (١ / ٦١٣) .

(٣١) – (فيض القدير) : (٣ / ٣٩٠) .

(٣٢) – (فـتح البـاري) : (١٠ / ٧٣٨ ـ ٧٣٩) ولـخصه الـمناوي فـي "فيض القـدير" : (٣ / ٣٩٠) ونقله الـمباركفوري فـي "تـحفة الأحوذي" : (٨ / ٦ ـ ٧) بلفظه تـماماً .

و شوێن کەوتنی بۆ ناشتن و دەفن کردنی لە گۆڕستانی موسڵمانان .

ئیمامی المناوي دەفەرمێت :

(شوێنکەوتنی جەنازە فەرزە لە سەر هەندێك لە موسڵمانان وەكو وەڵامدانەوەی سەلام ، وە زانایان كۆڕان لە سەر ئەوەی كە واجبێتی بەڕێخستنی لە بەر بەجێگەیاندنی مافی ئەو موسڵمانەیە بەسەر براكانییەوە بۆیە فەرزە لە سەر هەندێك لە موسڵمانان چونكە مافەكەی بە جێدەهێنرێت بە كردار و شوێنكەوتنی هەندێكیان ...).

هەروەها دەفەرمێت : (مەبەست بە "ئەگەر مرد شوێنی بكەوە" ئەوەیە كە شوێنی جەنازەكەی بكەویت بۆ ئەوەی نوێژی جەنازەی لە سەر بكەیت ، وە ئەگەر لە گەڵ جەنازەكەدا بیت تاوەكو دەنێژرێت ئەوا چاكتر و لە پێشترە)[٣٣] .

* فەزڵی شوێنكەوتني جەنازە :

عن أبي هريرة﴿رضي الله عنه﴾ عن النبي﴿صلى الله عليه وسلم﴾ قال "﴿من صلى على جنازة ولم يتبعها فله قيراط ، فإنْ تبعها فله قيراطان ، قيل : وما القيراطان ؟ قال : أصغرهما مثل أحد﴾[٣٤].

واتە : هەركەسێك نوێژ لە سەر جەنازەیەك بكات و شوێنی نەكەوێت ئەوا (قیراط)ێكی دەست دەكەوێت ، وە ئەگەر شوێنیشی بكەوێت ئەوا دوو (قیراط)ی دەست دەكەوێت ، ووترا : دوو (قیراط) چییە ؟ فەرمووی : بچوكترینیان وەكو شاخی ئوحد وایە (واتە : لە گەورەیی پاداشت و قورسی خێرەكەیدا لە تەرازووی چاكەكاندا) .

وفي رواية نحوه :﴿من خرج مع جنازة من بيتها وصلى عليها ثُم تبعها حتى تدفَن كان له قيراطان من أجر كُل قيراط مثل أُحد ، ومن صلى عليها ثُم رجع كان له من الأجر مثل أُحد ...﴾ .

واتە : هەركەسێك لە گەڵ جەنازەیەكدا لە ماڵەوە دەرچێت و نوێژی لە سەر بكات و ئەنجا شوێنیشی بكەوێت تاوەكو دەنێژرێت ئەوا دوو (قیراط) پاداشتی بۆ هەیە هەر یەك (قیراط)ی وەكو شاخی ئوحد وایە ، وە هەر كەسێك

---

(٣٣) – (فيض القدير) : (٣ / ٣٩٠) .

(٣٤) – (صحيح البخاري) رقم : (١٣٢٣) و(صحيح مسلم) رقم : (٩٤٥) واللفظ لـه .

نوێژی لە سەر بکات و ئەنجا بگەڕێتەوە ئەوا ئەوەندە پاداشتی بۆ هەیە وەکو شاخی ئوحد .

وفـي رواية أخرى نـحوه :

(( ... قيل : وما القيراطان ؟ قال : مثل الـجبلين العظيمين)) ، قال سالـم بن عبد الله بن عمر : وكان ابن عمر يـصلي عليها ثُم ينصرف فلمـا بلغــه حـديث أبـي هريرة قال : لقد ضيعـنا قـراريط كثيرة)) .

واتە : ووترا : دوو (قیراط) چییە؟ فەرمووی : وەکو دوو شاخی گەورە وان لە پاداشتدا ، (سالـم)ی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی (عُمَـر) فەرمووی : (ابنُ عُمَر) نوێژی لە سەر جەنازە دەکرد و دەگەڕایەوە بەڵام کاتێك فەرموودەکەی (أبو هريرة)ی پێگەیشت فەرمووی : بە ڕاستی چەندەها (قـيراط)ی زۆرمان لە دەست داوە .

**شەشەم : ئامۆژگاری کردنی یەکتر ((وإذا استنصحك فانصح له))**

قـال النـووي : (وأمـا قوله﴿ﷺ﴾"واذا استنصحك"

واتە : ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێت کرد ئەوا پێویستە لە سەرت ئامۆژگاری بکەیت و مەرایی بۆ نەکەیت و فێڵ و غەشی لێ نەکەیت و خۆت نەگریتەوە لە دەربڕینی ئامۆژگاری بۆی ، خواش زاناترە )[٣٥].

**حەوتەم : سەر خستنی ستەم لێکراو ((نصر المظلوم)) :**

قال الشيخ ابن العثيمين :

(سەرخستنی ستەم لێکراو واتاکەی ئەوەیە بەرگیری لێبکەیت و ستەمی لێ دوور بخەیتەوە ، جا چ ئەو ستەمە لە پارە و ماڵدا بێت ،یان لە ناموس و سومعەتدا بێت، یان لە خود وخوێندا بێت ئەوا واجب و پێویستە لەسەر موسڵمان کەوا برای موسڵمانی سەر بخات ...)[٣٦].

وە الحافظ دەفەرمێت :

(سەرخستنی ستەم لێکراو : فەرزە لە سەر هەندێك لە موسڵمانان پێی هەستن و ئەوەش گشتییە بۆ هەموو ستەم لێکراوێك ، هەروەها بۆ

(٣٥) – (شرح صحيح مسلم) : (٧ / ٢٦٤) .
(٣٦) – (شرح رياض الصالـحين) : (١ / ٦١٦) .

سەرخەرەکانیش ، لە گەڵ ئەوەشدا فەرزی سەر هەندێك ڕووبەڕووی هەمووان دەکرێتەوە ئەمەش بۆچوونی ڕاستە ، وە هەندێك جار دەبێت بە فەرز لە سەر ئەو کەسەی کە بە تەنها توانای هەیە سەری بخات بە مەرجێك ئەو قەدەغەکردنی ستەمە زیان و خراپەیەکی توند و گەورەتری بە دواوە نەیەت کە لە زیان و خراپەی خودی ئەو خراپە و ستەمە توند و زیاتر بێت ، جا ئەگەر زانی یان زۆربەی گومانی بۆ ئەوە دەچوو کە سەرخستنەکەی سوودی نیە ئەوا واجب و فەرزێتی لە سەر دەکەوێت و بنچینەی سوننەتێتی سەرخستنی هەر دەمێنێت بەو مەرجەی پێشوو ، وە ئەگەر خراپە و زیانی هەردووکیان یەکسان بوو ئەوا ئازادە لە هەڵبژاردنی هەرکامێکیان ، وە مەرجی سەرخەریش بریتیە لەوەی کە دەبێ زانا بێت بەوەی کە ئەو کردارە ستەمە .

وە سەرخستن لە گەڵ ڕوودانی ستەمدا ڕوودەدات ئەمەش خوود و ناوەڕۆکی سەرخستنە ، وە هەندێك جار پێش ڕوودانی ستەمەکە ڕوودەدات وەکو ئەوەی کەسێك مرۆڤێك ڕزگار بکات لە دەستی مرۆڤێکی تر کە بە ستەم داوای پارە و ماڵێکی لێ دەکات و هەڕەشەی لێ دەکات ئەگەر پێی نەدات ، وە هەندێك جاریش دوای ڕوودانی ستەمەکە سەرخستن ڕوودەدات کە ئەمەیان زۆرترینیانە ...)[٣٧]

**هەشتەم : بەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت ((إبرار القسم)) :**

وە الـحافظ دەفەرمێت: (قوله : "بإبرار القسم" أي بفعل ما أراده الـحالف ليصير بذلك باراً)[٣٨].

واتە : مەبەست بە (بەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت) ئەوەیە : ئەو شتە ئەنجام بدەیت کەوا کەسی سوێند خۆر مەبەستێتی بۆ ئەوەی سوێندەکەی بە جێبێت و نەیشکێنێت و لە سەری نەکەوێت .

عن أسامة﴿رضي الله عنه﴾ قال : أن ابنـةً لرسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ أرسـلت إليـه ... أن ابنـي قد احتضر فاشهدنا ، فأرسل يقـرأ

---

(٣٧) – (فتح الباري) : (٥ / ١٢٣ ـ ١٢٤) .

(٣٨) – (فتح الباري) : (١١ / ٦٦١) .

السلام ويقول: إن لله ما أخذ وما أعطى ، وكل شيءٍ عنده مسمى ، فلتصبر وتحتسب ، فأرسلت إليه **تُقسِمُ عليه** ، فقام وقمنا معه...))[٣٩].

واته : كچێكی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ ناردی بە دوای پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ ... كەوا كوڕێكی لە سەرەمەرگدایە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ ئامادەی بێت ، پێغەمبەری خوایش ﴿ﷺ﴾ ئەو كەسەی نارد و فەرمووی پێی بڵێ : پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ سەلامت لێ دەكات و فەرموویەتی : (ئەوەی كە خوا بردوویەتیەوە و ئەوەشی كە بەخشیوێتی هەمووی هەر هی خوایە ، و هەموو شتێكیش لای خوا كاتی دیاری كراوی خۆی هەیە ، لە بەر ئەمە با ئارام بگرێت و چاوەڕوانی پاداشت بێت لای خوا) ، ئەویش ناری كەوا سوێندی خواردووە لە سەر پێغەمبەر﴿ﷺ﴾كەوا ئامادە ببێت ، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەستا و ئێمەیش لە گەڵیدا هەستاین و ڕۆیشتین ...

لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەكەوێت پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾سوێندی كچەكەی بەجێهێنا و ڕۆیشت بە دەم داواكەیەوە .

بەڵام ئەگەر بەجێهێنانی سوێندەكە زیان و ناڕەحەتی تێدا بوو ئەوا لەم حاڵەتەدا بەجێی ناهێنێت ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە تێیدا هاتووە (أبو بكر)﴿رضي الله عنه﴾ خەوی پیاوێكی پەرژین و تەفسیر كرد و ئەنجا (أبو بكر) ﴿رضي الله عنه﴾فەرمووی : ((... فأخبرني يا رسول الله - بأبي أنت وأمي - أصبت أم أخطأت ؟ قال النبي﴿ﷺ﴾: أصبت بعضاً وأخطأت بعضاً ، قال : فوالله يا رسول الله لتحدثني بالذي أخطأت ، قال : لا تقسم))[٤٠].

واته : هەواڵم بەرێ ئەی پێغەمبەری خوا - باوك و دایكم بە قوربانت بێت - ئایا پێكام یان هەڵەم كرد؟ پێغەمبەریش﴿ﷺ﴾فەرمووی :

---

(٣٩) – (صحيح البخاري) رقم : (٦٦٥٥) و(صحيح مسلم) رقم : (٩٢٣) ، ولفظ مسلم : (( ... إنها قد أقسمت لتأتينها ...)) .

(٤٠) – (صحيح البخاري) رقم : (٧٠٤٤) و(صحيح مسلم) رقم : (٢٢٦٩) .

هەندێکیت پێکا و لە هەندێکیشدا هەڵەت کرد ، (أبو بكر) ﴿رضي الله عنه﴾ فەرمووی : سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾دەبێت پێم بڵێیت ئەوەی کە هەڵە بووکامەیە ، پێغەمبەریش﴿صلى الله عليه وسلم﴾فەرمووی : سوێند مەخۆ .

وە ئیمامی النووي دەفەرمێت :

( ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە بەجێهێنانی سوێند کاتێك فەرمان دەکرێت بە مرۆڤ بە جێی بێنێت ئەگەر لە توانایدا بوو بە بێ ناڕەحەتی و بە بێ زیان و زەرەر ...)[٤١] .

هەروەها دەفەرمێت :

( ووتراوە پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾سوێندەکەی (أبو بكر)ی﴿رضي الله عنه﴾ بەجێنەهێنا چونکە بە جێهێنانی سوێند تایبەتە بەو حاڵەتەوە کە ناڕەحەتی و زیانی ئاشکرای تێدا نەبێت ، جا ئەگەر ناڕەحەتی و زیانی ئاشکرای تێدا هەبوو ئەوا بە جێناهێنرێت...

وە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە : سوننەت نىیە سوێند بە جێبهێنرێت ئەگەر زەرەر و زیانی تێدا هەبوو)[٤٢] .

وە الشيخ ابن العثيمين دەفەرمێت :

( بەجێهێنانی سوێند واتای ئەوەیە ئەگەر برایەکت سوێندی لە سەرت خوارد بە کردنی شتێك ،ئەوا بۆی بە جێبێنە وڕێك بکەوە لە گەڵیدا لە سەر ئەوەی کە سوێندی لەسەر خواردووە ،جا ئەگەر سوێندی خواردو ووتی : سوێند بە خوا دەبێت ئەوە و ئەوە بکەیت ، ئەوا مافی هەیە بە سەرتەوە کەوا سوێندەکەی بۆ بەجێبێنیت و ڕێك بکەویت لە گەڵیدا ، ئیللا مەگەر بە جێهێنانی ئەو سوێندە زیانی تێدا هەبێت بۆت ... بەڵام ئەگەر دەست درێژی و ستەمی تێدا نەبوو، و سوێندی لە سەرت خوارد ئەوا مافی هەیە بە سەرتەوە کەوا سوێندەکەی بۆ بەجێبێنیت و ئەوەی پێ ببەخشیت کە سوێندی بۆ خواردووە ئیللا مەگەر تاوان بێت ، جا ئەگەر تاوان بوو

---

(٤١) – (شرح صحيح مسلم) : (١٢ / ٧٨) .

(٤٢) – (فتح الباري) : (١٢ / ٥٤٦) .

ئــــەوا وەڵامــــی مــــەدەرەوە و بــــۆی بەجێمەهێنە ، بۆ نموونە ئەگەر سوێندی لە سەرت خوارد کەوا چەند درهەمێکی بدەیتێ بۆ ئەوەی جگەرەی (دوکەڵی) پێ بکڕێت ، ئەوا ئەمە پێویست نىیە لەسەرت ، بەڵکو دروست نىیە بۆت وەڵامی بدەیتەوە و ڕێك بکەویت لە گەڵیدا، چونکە تۆ هاوکاری دەکەیت لە سەر تاوان و دەست درێژی و ستەم .

هەروەها لە وێنەی ئەمە : ئەگەر سوێندی خوارد کەوا سەردانی کەس نەکەیت لە برا و مام و خزم و کەسانی دۆست و نزیك ئەوا گوێڕایەڵی نەکەیت و سوێندەکەی بۆ بەجێمەهێنە ئەگەر چی باوکیشت بوو ، چونکە بە جێهێنان و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی واجبە و فەرزە ، وە حەڵاڵ و دروست نىیە بۆ ئەو کەوا وێنەی ئەم سوێندە بخوات ...

وە لێرەدا پرسیارێك هەیە کە بریتىیە لەوەی : هەندێك جار ئەو سوێند دەخوات و تۆش سوێند دەخۆیت ، و ئەمەش زۆر جارێك لە کاتی میوانداریدا ڕوو دەدات کاتێك کەوا میوانت دێت ، میوانەکە دەڵێت : سوێند بە خوا نابێت هیچ سەرببڕیت بۆم ، تۆش سوێند دەخۆیت و دەڵێیت : سوێند بە خوا سەری دەبڕم بۆت ، جا ئا لێرەدا ئایا کێ سوێندی ئەوی تر بەجێبێنێت ، یەکەم یان دووەم ؟

دەبێت سوێندی یەکەم کەس بەجێبهێنرێت چونکە مافی ئەو دامەزراو و جێگیر بووە ، و بە کەسی دووەمەیش ـ کە خاوەن ماڵەکەیە کەوا سوێندی خوارد شتێك سەر ببڕێت ـ دەڵێین : هیچ سەر مەبڕە و کەفارەت و قەرەبووی سوێندەکەت بدە ، چونکە کەسی یەکەم شایستە تر و لە پێش ترە بەوەی کە سوێندەکەی بەجێبهێنرێت ...)[٤٣] .

(بەڵام ئەگەر هەر کامێکیان دوای سوێندەکە بڵێن :ان شاو الله ،ئەوا کەفارەتی سوێندەکەیان ناچێتە سەر ئەگەر ئەو کارە ئەنجام بدەن)[٤٤] .

**نۆیەم : خواردن دان بە کەسانی برسی** ((أطعموا الجائع)) :قال الحافظ: (قال الكرماني : الأمر هنا

(٤٣) –(شرح رياض الصالحين) : (١ / ٦١٦ - ٦١٧) .
(٤٤) –(نفس المصدر) (ص٦١٨).

للندب ، وقد يكون واجباً في بعض الأحوال)[(٤٥)].

واتە : فەرمان کردن بە خواردن دان بە کەسانی برسی لێرەدا مەبەست پێی وایە سوننەتە ، وە هەندێك جاریش خواردن دان بە کەسانی برسی دەبێت بە واجب و فەرز لە هەندێك حاڵەتدا .

وقال الحافظ ابن رجب بعد أنْ ذكر عدة أحاديث في هذا الباب : (وهذا يدل على وجوب مواساة الجائع من الجيران وغيرهم) ، ثُم ذكر حديث أبي موسى الأشعري هذا : "أطعموا الجائع..." [(٤٦)].

واتە : ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا واجب و پێویستە هاوکاری و یارمەتی کەسانی برسی بدرێت لە دراوسێکان و جگە لەوانیش .

وەپێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرمێت: ﴿ليس المؤمن الذي يشبع وجاره جائع إلى جنبه وهو يعلمه﴾[(٤٧)].

(٤٥) – (فتح الباري) : (٩ / ٦٤٣) .
(٤٦) – (جامع العلوم والحكم) : (١ / ٣٥٢) .
(٤٧) – (صحيح الجامع الصغير) رقم : (٥٥٠٥) و(صحيح الأدب المفرد) رقم : (١١٢) و(سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم (١٤٩) .

واتە : ئەوە کەسە ئیمان دارێکی تەواو نییە کەوا خۆی تێرە و دراوسێکەی بە لا شانییەوە برسییە و ئەمیش بەوە دەزانێت.

قال المناوي : (مەبەست ئەوەیە ئیمانی کامڵ و تەواو نییە ، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە ئەم سیفەتە بەڵگەیە لە سەر دڵ ڕەقی و زۆر ڕەزیلی و پیسکە و چروکی و نەبوونی پیاوەتی و گەورەیی بێمێشکی و پیسێتی ناخی ئەو کابرا دەوڵەمەندە)[(٤٨)] .

* فةزلأ و طةورةيي ثاداشتي خواردن دان بة موسلمانان بة طشتي و فةقير و هةذارةكان بة تايبةتي :

قال الشيخ الألباني :
(ئەم فەرموودەیە : بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە سەر ئەوەی کە حەرامە بۆ دراوسێی دەوڵەمەند وازبێنێت لە دراوسێکانی بە برسێتی ، بەڵکو واجب و پێویستە لە سەری ئەوەندە خواردنیان پێشکەش بکات کەوا برسێتییەکانی پێ لابەرن ، هەروەها ئەوەش کە خۆیانی پێ پۆشتە بکەنەوە لە جل و بەرگ ئەگەر ڕووت بوون ، وە هەروەها وێنەی تری ئەمانە لە پێداویستییەکان ) (سلسلة الأحاديث الصحيحة) : (١ / ٢٨٠) .

(٤٨)- (فيض القدير) : (٥ / ٤٠٧) .

عن عبد الله بن عمرو رضـي الله عنهما قال :﴿أن رجلاً سأل النبي﴿ﷺ﴾أي الإسلام خير ؟ قال : تطعم الطعام ، وتقـرأُ السلام على من عرفْـت ومـن لـم تعـرف﴾(٤٩).

واته : پیاوێك پرسیاری كرد لـه پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ كام سیفەت و كردەوە لـە ئیسلامدا چاكترە ؟ پێغەمبەریش﴿ﷺ﴾فەرمووی : خواردن بدەی بـە دەرخواردی موسڵمانان ، وە سـەلامیش بكـەیت لـە هـەموو ئـەو موسڵمانانەی كە دەیانناسیت و ئەوانەش كە نایاننناسیت .

وعن عبد الله بن سلام قال: قـال رسول الله : ﴿يا أيها الناس : أفشوا السلام، وأطعموا الطعام ، وصلوا الأرحام ، وصلوا بالليل والناس نيام ، تـدخلوا الـجنـةَ بسلام﴾(٥٠).

واتـە : ئـەی خەڵكینـە : سـەلام كـردن لـە نێوانتانـدا بڵاوبكەنـەوە، و خواردن بدەن بە موسڵمانان ،و پەیوەندی خزمایەتی بـەجێبێنن، و شـەونوێژ بكـەن لە كاتێكدا كە خەڵك خەوتووە بـۆ ئـەوەی بچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی .

**دەیەم : ئازاد كردنی دیل و دەست بەسەردا گیراو** ((فكـوا العانـي)) :

قال الـحافظ :

(مەبەست بە "وفكوا العانـي" ئەوەیە كە : دیل و بەندكراوەكان ڕزگار بكەن ... وە (ابن بطـال) فەرموویەتی : ڕزگار كردنی دیل و بەند كراو واجب و پێویستە لە سەر هەندێك لە موسڵمانان كە بتوانن بەو كارە هەستن ئەمەش ووتەی زۆرینەی زانایانە... )(٥١).

(وصلى اللهُ وسلم على رسولِ اللهِ وعلى آلـه وصحبه وأتباعه إلـى يومِ الدين).

---

(٤٩)- (صـحيح البخـاري) رقـم : (١٢) و (٢٨) و (٦٢٣٦) و(صحيح مسلم) رقم : (٣٩) .

(٥٠) – (صحيح سنن ابـن ماجـه) رقـم : (٣٢٥١) و(سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم (٥٦٩) .

(٥١) – (فتح الباري) : (٩ / ٦٤٣) .

# با له خۆمانەوە دەست پێ بکەین

ئامادە کردنی : م/ کامەران

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين،وبعد:**

گومانی تێدا نییە کە خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی وە موسڵمانان بە شێوەیەکی تایبەتی زۆر لە مێژە لە ژیانێکی تەسك وپڕلە ناخۆشی و دوور لە ئاسایش و هێمنی ژیان دەگوزەرێنن ، وە هەر یەکێك لە چاکسازان ویستویانە لەلایەنی خۆیانەوە لە هۆکارەکانی ئەو ژیانە تاڵ ودژوارە بکۆڵنەوە وچارەسەری شایستە و گونجاوی بۆ دەست نیشان بکەن .

جا بۆیە هەریەك لەوان پەنجەی ئاماژە پێکردن درێژ دەکەن بۆچەند هۆکارێك کە بەلایانەوە ئەوە خودی هۆکاری نالەباری ژیانە وپێویستە لەسەر تاك و کۆمەڵ کە هەستیپێ بکەن وبەرەو چارەسەری گونجاوی دانراوی لای خۆیان خەڵکی هەنگاو پێ بنێن .

چارەسەری گونجاوی دانراوی لای خۆیان خەڵکی هەنگاو پێ بنێن .

بۆ نموونە : هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ ناپەسەندی لە بواری کۆمەڵایەتیدا ،وە کۆمەڵێکی تر بۆ نالەباری ژیانی ئابووری، وە کۆمەڵێکی تر بۆ نادروستی باری رامیاری،و ...........هتد.

بەم چەشنە هەریەك کۆمەڵە هۆکارێکی لەبەرچاوی خۆی ڕاگرتووە وپاشان هەستاوە بە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و بەپێی بۆچونی خۆی خاڵی چاکسازی خستۆتەڕوو، بەلام

ئێمەی موسڵمان پێویستە ئەوە بزانین کە ئامــاژەی ڕاســتەقینەو دروســت لەمــەڕ خراپی باری ژیان ئەوەیە کە خوای گەورە و میهرەبــان دەســت نیــشانی کــردووە و هەروەها چارەسەری گونجا و دروستیش ئەوەیە کە خۆی بۆی داناوە .

جا با پێکەوە سەرنج بدەین لە هۆکاری ڕاستەقینە وچارەسەری گونجاو . خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ **ومنْ أعْرض عـنْ ذكْري فإن له معيشةً ضنْكًا ونحْشره يـوْم القيامة أعْمى**﴾[١] .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە هۆکاری ژیانی تاڵ و تەنگ و ناخۆش لە دونیا و لە قەبرولەدۆزەخـدا دەگێڕێتـەوە بـۆ پـشت هەڵکردن لە قورئانیپیرۆز وگوێ نەدان بە ئامۆژگاری یەکانی .

وەدەفەرمێت: ﴿ **ومنْ أظْلم ممنْ ذُكـر بآيات ربه فأعْرض عنْها**﴾[٢] .

واتـە/ کـەس لـەوە سـتەمکارترنییە کـە ئایەتـــەکانی قورئـــانی وەبیرهێنرایـــەوە کەچی ئەو وەلای ناو پشت گوێ یخست وئاوڕی لێ نەدایەوە .

کەواتە گوێ نەدان بە قورئانی پیرۆز لە گـەورە تریـنـی سـتەمەکانە و سـەرەنجام ئاکـــامیخراپی لـــێ دەکەوێتـــەوە ، وە خاوەنەکەی دوچاری چەندەها ئایندەی پڕ لە ئێش وئازار دەبێت ،جا لـەو ئاکامـە خراپانە ئەوەیە کە هـەرگیز ئـەو کەسـەی کەپشت بکاتە قورئان دڵی حەق و ڕاستی وەرناگرێت بەڵکو خوای گەورە لـە تۆڵـەی ئەو پـشت تـێ کردنـەدا دڵـی دادەخـات و گـوێ ی لـە ئاستیبیـستنیحەق قـورس دەکات و هەرگیزیش هیدایەت وەرناگرێت، وەك دەفەرمێت : ﴿ **إنا جعلْنا على قُلُوبهمْ أكنةً أنْ يفْقهوه وفي آذانهـمْ وقْـرا وإنْ تدْعهمْ إلـى الهـدى فلـنْ يهْتـدوا إذًا أبدا**﴾[٣].

هـەروەها دەفـەرمێت : ﴿ **ومنْ أظْلم ممنْ ذُكر بآيات ربه ثُم أعْرض عنْها إنـا مـن المجْرمين منْتقمونَ** ﴾[٤].

واتــە /خــوای گــەورە تۆڵــە دەکاتــەوە لەوکەسەیپـــشت بکاتـــە ئایەتـــەکان و فەرمانـــەکانی پێـــشێل بکـــات ، وە لـــەو کەسەیش ستەمکار ترنییە .

---

(1)- ( طه / ١٢٤ ).
(2) - ( الكهف / ٥٧ ).
(3)- ( الكهف / ٥٧ ).
(4)- ( السجدة / ٢٢ ).

وە هەروەها دەفەرمێت : ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ﴾[٥].

بەو جۆرە سزایەی كە عاد و ثەموودی پێ لە ناو برد كەسانێكیش لە ناو دەبات كە پشت هەڵكەن لەو قورئانە .

تەنانەت ئەو جۆرە كەسانەی كە ڕوو وەردەگێڕن و لە قورئانی پیرۆز دوور دەكەونەوە وەك گوێ درێژ وان كە لەترسی شێر سڵ دەكەنەوە، وەكوخوایگەورە دەفەرمێت : ﴿ فَمَا لَهُمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴾[٦] .

وە هەروەها دەفەرمێت :

﴿وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا﴾[٧].

واتە/ ئەوەی پشت هەڵكات لە قورئانەكەی خوایخۆی بە سزای سەختا هەڵی دەگێڕێت .

دوای ئەوەی زانیمان ئاكامی وەلانانی قورئان چیبوو پاشان پێویستە بزانین كە پشت تێكردن و وەلانانی قورئان شێوازی زۆرە ، خوای گەورەدەفەرمێت :

﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ﴾[٨].

واتە /خوای گەورە باسی پێغەمبەرمان﴿ﷺ﴾ بۆ دەكات كاتێك سكاڵای خۆی بۆلایخوای گەورە بەرز دەكاتەوە و گازندەوگلەیی لەگەلەكەی دەكات و دەفەرمێت : ئەی پەروەردگارم گەل وهۆزەكەم ئەم قورئانەیان وەلا ناو پشت گوێ یان خست ، ئەمەیش لە كاتێكدا بوو وەك خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾[٩].

واتە : بێ باوەڕان دەیانووت گوێ مەدەن بەو قورئانە و قسەی هیچ وپوچی خۆتانی تێكەڵ بكەن بەڵكو ئێوە بە سەریدا سەر بكەون . جا كاتێك قورئانیان بە سەردا بخوێنرایەتەوە دەیانكرد بە هەراو هوریا وزۆر بڵێ یی تاوەكو نەیبیستن . ئەمە خراپترین جۆری وەلانان وپشت تێ

(5)- ( فصلت / ١٣ ).
(6)- (المدثر / ٤٩ ، ٥٠ ، ٥١).
(7)- ( الجن / ١٧ ).
(8)- ( الفرقان / ٣٠ ).
(9)- ( فصلت / ٢٦ ) .

کردنه،وه باوەڕ پێ نەبوونی و بە ڕاست نەزانینی جۆرێکی ترە، وە ڕاڤە نەکردن و وورد نەبوونـەوە لێـی جـۆرێکی تـرە ، وەئیش پێ نەکردن و بە جێ نەهێنانی فەرمانـەکانی و دوورنەکەوتنـەوە لـە هەڕەشـەکانی جـۆرێکی تـرە ، وە واز لێهێنـانی ونەخوێندنـەوەی و ڕووکردنـە گۆرانی وهەر ووتەیەکی تر جۆرێکی ترە .

بـەڵێ بـەم شـێوەیە دەبیـنین وەلانـان و دوورکەوتنـەوە چـەند جـۆرێکی هەیـە و ئەوەیش تاکە خاڵی تێکچونی باری ژیانە لەسەر ڕووی زەمین ، جا با بزانین خەڵکی خاوەنی باوەڕی پتەو بن ورویان لە خوای خۆیان بێت و پـشت نەکەنـە قورئانەکـەی بارو دۆخـی ژیانیـان چۆن دەگوزەرێت . خوای گـەورە دەفـەرمێت : ﴿ **منْ عمـلَ صالحا منْ ذكرٍ أوْ أنثـى وهـو مـؤْمن فلنحْيينه حياةً طيبةً**﴾[10].

واتە / هەرکەسێك کاری باش ئەنجام بدات نێرینـە بێـت یـان مێینـە بـە مـەرجێك خاوەنی باوەڕ بێت، ئـەوا ژیـانێکی باشـی بۆ دەگـوزەرێنین، وە دەفـەرمێت : ﴿**ولوْ أن أهْلَ القُرى آمنوا واتقوْا لفَتحْنا عليْهمْ بركات من السماءِ والأرْض**﴾[11].

واتە/ ئەگەر خەڵکی شار و بازێڕەکان خوا پەرست و ڕوو لە خوا بوونایە ئـەوا دەرگا و دەروازەی پـــڕ فەڕوبەرەکـــەتی ئاسمانـــەکان و زەویمـــان لـــە ڕوودا دەکردنەوە .

کەواتە خاڵی چاکسازی و چارەسەر کردن خۆی لە باوەڕو خوا ناسیدا دەبینێتەوە . هەروەها لە پەشیمانی و داوای لێبوردن و گەڕانـەوە بـۆ دینـی خـوای گـەورە ژیـانی بـاش و پـڕ هێمنـی و کامـەرانی ڕەنـگ دەداتـەوە ،وەکـو دەفـەرمێت : ﴿**وأن اسْتغْفروا ربكُمْ ثُم توبوا إليْه يمتعْكُمْ متاعا حسنا إلى أجلٍ مسمى**﴾[12].

ئەگەر سەرنج بدەینە ژیانی هەموو گەلانی پێشوو لە کاتی تێکچون و خـراپ بـوون و سەر لێ شێواویدا لە کاتی بەسەر بردنـی ژیانی تـاڵ و ناخۆشـدا کـە سـزا و تۆڵـەی خوا بووە بۆیان، خوای گەورە بە بەزەیی و میهرەبـانی خـۆی پێغەمبـەرێکی بـۆ ناردوون و خاڵی چاکسازی ورزگـار بـوونی

---

(10)- ( النحل / ٩٧ ).

(11)- ( الأعراف / ٩٦ ).

(12)- ( هود / ٣ ).

لـە نەهامـەتی یـەكان بـۆ دەسـت نیـشان كـردووین ،وپێـی ڕاگەیانـدوین كەپاشـگەز بوونـــەوەیان لـــە بـــێ بـــاوەڕی و داوای لێخۆش بوون كردن و لەسـەر فەرمایـشتی خوا ڕۆیشتن ژیانی خۆشی ئەوان مسۆگەر دەكـات ،وەكـو دەفـەرمێت : ﴿ فَقُلْــتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّــارًا يُرْسِــلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيُمْدِدْكُمْ بِــأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَــلْ لَكُــمْ أَنْهَارًا﴾[١٣].

هەروەها دەفەرمێت : ﴿ وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَــيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَــى قُــوَّتِكُمْ وَلَــا تَتَوَلَّوْا﴾[١٤] .

موسڵمانانی بەڕێز :

پـاش ئـەم سـەرەتایە كـە تێیـدا باسـی هۆكـاری تێكـچون و خـاڵی چارەسـەری گونجاومـان كـرد، جـا بـا ئاوڕێـك لـە كۆمەڵگای موسڵمانان بدەینـەوە و بچینە سەر تاكە تاكـەی ئـەم كۆمەڵگایـە، واتـە: هەریـەك ئاوڕێـك لـە خـۆی بداتـەوە بـۆ ئەوەی بزانێت تـا چ ئەندازەیـەك پابەنـدە بـە قورئانەكـەی خـواوە ،ئایا بـە لایـەنی كەمـەوە مـانگی جارێـك قورئـان خـەتم دەكـــات ،وەكـــو پێغەمبـــەر ﴿ﷺ﴾دەفـەرمێت: ﴿اقْــرَأ القُــرْآنَ في شَهر﴾[١٥].

وە ئایـا لێـی وورد دەبێتـەوە و ڕاڤـەی دەكات، و بۆ ئەمانەیش دەگەڕێتەوە سەر ئـەو تەفـسیر و ڕاڤانـەی لـە نێـو زانایـانی پێشیندا جێی متمانەن ؟ وە ئایاكاری پێ دەكـات وە بانگـەوازی بـۆ دەكـات، وە ئـــارامی لەســـەر دەگرێـــت ؟ وە ئایـــا مەبەســـتیخوایە لـــە خوێندنـــەوە و كـارپێكردن و بانگـەواز پێكردنیـدا ؟ بـۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندەها پرسـیاری تـر زۆر بەداخـەوە دەڵـێم بـارو دۆخی موسـڵمانان ئـەمڕۆ زۆر لـە وەڵامـی (نەخێر) ەوە نزیكترە تا وەڵامی (بەڵێ) . جا ئەگەر تاكەكان بەڵكو ئەوانەیشمان كە خۆی بە (ملتزم ) دەزانێت وەڵامی هەر بە ( نەخێر ) بێت ئایا ئەو كۆمەڵگایەیش كـە لـەوان پێـك دێـت كۆمەڵگایـەكی دوور لـە قورئـان نیـە ؟ لەبەرئـەوە پێویـستە لـە

(13)- ( نوح / ١٠، ١١، ١٢ ).
(14)- ( هود / ٥٢ ).
(15)- ( رواه البخاري ) ( ٥٠٥٢ ).

سـەرمان زۆر بـە خۆمانـدا بـچینەوە و لـە خۆمانەوەدەسـت پـێ بکـەین و هـەنگاو بـەرە و چارەسـەری کاریگـەر بنـێین، و خۆمـان خێـزان و منداڵـەکانمان هـەردەم هۆگری ئەو قورئانە بین و چاك بزانین کـە ئەگـەر خوێنـدەواری بـۆ خزمـەتکردنی قورئـان نـەبێت ئـەوا تـەنها وەك خـوای گـەورە دەفـەرمێت : ﴿ **يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ**﴾(١٦).

واتە /لە ڕوواڵەتی ژیانی دونیا شـارەزان و بەڵام لە دوا ڕۆژی خۆیان بێ ئاگان .

بەڵێ زۆربـەی زۆری خوێنـدەوارانی ئـەمڕۆ بێ ئاگان لە قورئانەکەی خوا ، لە کاتێکدا لـە سـەردەمی پێغەمبەرمانـەوە﴿ﷺ﴾ هەتا سـەد ساڵیش پـێش ئێـستا خـەڵکی خوێندەواری لە مزگەوتەکاندا وەردەگـرت هەتا لە قورئان و دینی خۆیان شارەزا ببن و کاری پێ بکەن، واتە: عیلم وزانـست بـۆ تـەقوا وخواپەرسـتی لـەکاردا بوو،بـەڵام ئێستا لەقۆناغی سەرەتایی یـەوە تـاوەکو زانکۆکان کە زیاتر لە شـازدە سـاڵ زیـاتر خوێنـدن دەخوێنـدرێت دەرچـووانی ئـەو قۆناغانــە تەنانــەت نــازانن کــە چــۆن قورئانیش بخوێننەوە چ جـای تێگەیـشتن وکــارپێکردن و بانگــەواز کــردن بــۆی ، خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ **إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ وَأَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنْذِرِينَ**﴾(١٧).

لـەم دوو ئایەتـەی سـورەتی ( النمـل ) دا خـــوای گـــەورە فـــەرمان بـــە پێغەمبەرەکەی﴿ﷺ﴾ دەکات کە بڵێ من فەرمانم پـێ کـراوە کـە تـەنها خـوای ئـەو شارە (**مكـة**) بپەرسـتم کـە هەنـدێ شـتی تێدا قەدەغـە کـردووە (چـونکە ڕێـزی لـێ نـاوە) ،وە ئەوخوایـە هـەرخۆی خـاوەنی هـــەموو شـــتێکە لـــە بوونـــەوەردا ،وە فەرمانیـــشم پـــێ کـــراوە کـــە قورئـــان بخوێنمەوە، جا هەر کەسێك ڕێگای ڕاست بگرێتـە بـەر ئـەوا بـۆ خۆیـەتی وە هـەر کەسێکیش لای دا ئەوا تۆ بڵێ من یەکێکم لە پێغەمبەرە ترسێنەرەکان .

---

(16)- ( الروم / ٧ ).

(17)- (النمل / ٩١ ، ٩٢ ) .

وە لەچەندەها ئایەتی تردا خـوای گـەورە فەرمان دەكات بە پێغەمبەرەكەی﴿ﷺ﴾ كـە بـەردەوام قورئانەكـەی بخوێنێتـەوە، وەكو ئایـەتی﴿ ورتل القرآنَ ترْتيلًا﴾[١٨] ، ﴿واتْلُ ما أُوحي إليْك منْ كتابِ ربك﴾[١٩] ، ﴿اتلُ ما أُوحي إليْك من الكتـابِ ﴾[٢٠] ﴿فاقرءُوا ما تيسر من القرْآن﴾[٢١].

بـەڵێ بـا ئاگـاداری خۆمـان بـین بـا لـە خۆمانەوە دەست پێ بكەین با ئاگاداری منداڵـەكانمان بـین قورئانیـان پـێ لەبـەر بكەین ،با چاو بگێڕینـەوە بەسـەر هـەموو بارودۆخی ژیانماندا ، با بـزانین ئایـا ئێمـە بۆ خوای گـەورە دەژیـن ، وە چـیمان بـۆ دوا ڕۆژی خۆمان پێش خـستووە ، خـوای گـەورە دەفـەرمێت : ﴿ ولتنظرْ نفْس مـا قدمتْ لغد﴾[٢٢].

بـا نەخـشەی ژیانمـان بگـۆڕین لـە هـەموو ڕوانگەیەكـــەوە :لـــە ڕووانگـــەی بـــیر و بـاوەڕەوە ،لـە ڕوانگـەی پەرسـتنەوە ،لـە ڕووانگـەی ئاكـار و خوڕەوشـتەوە . بـەڵێ چارەسـەر تـەنها ئـەو گۆڕانكاریيەیـە كـە پێویـستە لـە سـەر خۆمـان و هاوسـەر و منداڵەكانمان بیهێنین، ڕواڵـەتمان ڕواڵـەتی موسـڵمانی خـوا پەرسـت بێـت ، نـاخ و دەرونیـــشمان ئـــاوەدان بێـــت بـــە خۆشەویستی خواو لێ ترسانی و هیوا پێ بوونی .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

تێبینی:داوای لێبوردن لەخوێنەرانی بەڕێز دەكەین كەلەژمارەی ڕابردوودا بابەتی (ئارامگرتن)ھی م/ كامەران بوو،بەھەڵە بەناو م/(كامەران خالد) ەوە بلأوكرابۆوە.

(18)- ( المزمل / ٤ ).
(19)- ( الكهف / ٢٧ ) .
(20)- ( العنكبوت / ٤٥ ).
(21)- ( المزمل / ٢٠ ).
(22)- ( الحشر / ١٨ ).

# چۆن قورئانی پیرۆز لە بەر دەکەیت ؟

## ﴿ولَقد يسرنا القُرآنَ للذكْر فَهلْ من مدكر﴾ (القمر/١٧)

وەرگێڕانی بەدەستکاری یەوە

م / شێرزاد عبدالقادر

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه:**

موسڵمانانی بەڕێز : شاراوەنی یە کە خەریك بوون بە قورئانی پیرۆزەوە بە خوێندنەوە و لە بەر کردنی و تێگەیشتن لێی و کارپێکردن پێی پاداشتێکی گەورەی هەیە لای خوای گەورە.. ئێمەیش لەم باسەدا دەمانەوێت ئەمە بخەینە بەرچاوی خوێنەران کە چۆن قورئانی پیرۆز لە بەر دەکەیت بە ئومێدی ئەوەی کەسانێك هەبن لە ناو موسڵماناندا لە بەر کەری قورئانی پیرۆز بن .

ئەم باسەیشمان دەخەینە ڕوو لە ڕێگای چەند خاڵ و دابەشکردنێکدا :

خاڵی یەکەم : بنەما گشتییەکان :

ئەم بنەمایانەیش بریتین لە :

١- نیاز

٢- پاکی ( الاخلاص ) :

هەمووما‌ن دەزانین کەکلیلی قبوڵ کردنی عیبادەت نیاز پاکییە، وە هەر کردارێك بە دوور بوو لەو نیاز پاکییە ئەوا بەرو بوومی نییە وە ئەگەر هەندێکی هەبوو ئەوا زۆر کات داهاتەکەی باش نابێت وە لە سەرووی هەموو شتێکەوە مرۆڤ بە دوور دەبێت لە پاداشتی خودا و قبوڵ کردنی عیبادەت .

جا ئەیئەو کەسەی کە نیازت هەیە قورئانی خودا لە بەر بکەیت نیازی خۆت پاك بکەرەوە لە هەموو مەبەستێك کە دژ بە یەکە لەگەڵ نیاز پاکی وە دڵی خۆت پاك بکەرەوە تەنها بۆ خودا ..........

٣- تەقوای خودا :

خوای گەورە دەفەرمێت:﴿واتقُوا الله ويعلمكُم الله﴾(١).

---

(1) - ( البقرة/٢٨٢ ) .

واته : تەقوای خودا بکەن بە کار کردن بە دینی خودا ئەوا لە ئەنجامیشدا خوای گەورە شتی زۆرتان فێردەکات.. وە لە (ابن مسعود) ەوە(خوای لیّ ڕازی بێت) هاتووە کە فەرموویەتی : ( مرۆڤ بە دوور دەبێت لە زانستی شەرعی بەهۆی ئەنجام دانی بۆ تاوان ) ...

گومانیش لەوەدا نیە کە تاوان ڕۆشنی دڵ دەکوژێنێتەوە، وەلاوازی دروست دەکات لە عەقڵدا، وە پاشان لاشەقورس دەبێت بۆ عیبادەتی خوایگەورەکەیەکێك لەوعیبادەتانە(لەبەرکردنیقورئانیپیرۆزە.

٣- هیممەت بەرزی :

هەرکەسێك کە توشی سستیببێت،وەحەز بە تەمەڵی بکات ئەوا گومانی سەرکەوتنی پیّ نابرێت لەم لایەنەدا .گومانیش نابرێ موسڵمان قورئان لەبەر بکات مەگەر بە هیممەتێکی بەرز و هەوڵێکی تەواونەبێت. هەر بۆیەپێویستە لەسەری هەندێ خۆشی دونیا پشت گویّ بخات وە هەوڵی خۆی زیاد بخاتە کار بۆ ئەوەی بگاتە ئەم مەبەستەپیرۆزە .

٤- گرتنی بەرنامە وشێوازی ڕاست بۆ لەبەرکردن :

ئەم خاڵەیش پاشان ڕوونی دەکەینەوە، بەڵام لێرەدا دەڵێین کە هەندێ کەس کاتێك هاندانێك دەبیستێت یان دەخوێنێتەوە لەسەر قورئان ئەوا یەکسەر زۆر بە پەلەوە ڕوو دەکاتە ئەم کارە بە بیّ ئەوەی بەرنامەیەکی داڕێژراوی هەبێت تێیدا، یان ڕاوێژی کەسێك وەربگرێت کە خاوەن ئەزموونە لەم کارەدا بۆیە ئەنجامی ئەم کەسانەیش زۆر جار نەگەیشتنە بەمەبەست، کەوا بوو بەرنامەی داڕێژراو زۆر گرنگە پێش ئەوەی بچیتە ناو ئەم کارە پیرۆزەوە .

خاڵی دووەم : تەمەن و کاتی لەبەر کردن :

باشترین تەمەن بۆ لەبەر کردن بریتیە لە تەمەنی بچوکی، هەر بۆیە قورئان لەبەر بکە تاوەکو تەمەنت بچوکە، چونکە مرۆڤ لەوکاتەدا زیاتر شت وەردەگرێت وزیاتر دەتوانێت لە مێشکیدا بمێنێتەوە، وە هەرچەندە تەمەنی بەرەوگەورە بوون بڕوات ئەوا توانای لەبەر کردنی بەرەولاوازی دەڕوات ....

تەمەنی زێڕین یان قۆناغی زێڕین بە باشترین قۆناغی لەبەر کردن دەژمێردرێت وە ئەمەیش بریتیەلە تەمەنی تاوەکو(٢٥) ساڵی، لەمەودوا مرۆڤ لەبەرکردن زۆر قورس دەبێت لەسەری(٢) .

---

(2) – ئەمەیش مانای ئەوە نیە دوای ئەم تەمەنە ئەگەر کەسێك لە خۆی ڕادەبینێت لەڕووی زیرەکی و کاتی دەست بەتاڵی هەڵنەسێت بە لەبەر کردنی قورئان....... مەبەستمان لەوەی کە باسمان کردبە شێوازێکی گشتی و زۆرینەیە .

خۆ ئەگەر موسڵمان بۆ خۆی نەتوانێت یان نەگونجێت قورئان لە بەر بکات ئەوا با ئەو هەلە لە دەست نەدات بۆ منداڵەکانی کە لە ژێر دەستی خۆیدان ..

وە سەبارەت بەکاتی لەبەرکردن لەڕۆژدا ئەوا باشترین کات: کاتی بەدوور بوونە لە ئیش وکار، وەئەو کاتەیەکە تایبەتت کردووە بۆ لەبەرکردن ........وە کاتی گونجاو دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە پێی توانا وئیش وکاری ئەو کەسە، بەڵام بە شێوازێکی گشتی باشترین کات بریتییە لە دوای نوێژی بەیانی........

خاڵی سێیەم : لەبەر کردن :

ئەم خاڵەیش لەسێ لاوە باسی لێ دەکەین :

یەکەم : چۆنێتی لەبەرکردن یان خشتەی لەبەرکردن :

لەم باسەدا چەندەها ڕێگا هەیە بەپێی کەس وکات و گونجاندن ........ بەڵام لێرەدا ئێمە یەك ڕێگا باس دەکەین کە بریتییە لەڕێگای یان شێوازی ئایەت .

ئەم شێوازەیش بەم مانایە دێت کە لەبەرکەری قورئان تەنها ئایەتێك بخوێنێتەوە چەندجارێك بەجۆرێك دڵی تەواو بداتە لای خوێندنەوەکە، پاشان هەوڵ بدات ئەو ئایەتە بۆ خۆی لەبەر بڵێت، کە دڵنیا بوولەلەبەرکردنی با هەوڵ بدات ئایەتەکەی دوای ئەو بە هەمان شێوە لەبەر بکات، پاشان بۆ ئایەتێکی دیکە بەپێی خشتەی ڕۆژانەی خۆی کەچەند ئایەتێکە،یاخود چەند دێڕێکە،یاخود نیو لاپەڕەیە(پەڕەیەك بۆ چوار ڕۆژ دابنێت) ........ لە دوایشدا کە خشتەی ڕۆژانەی خۆی لەبەرکرد ئەوا با چەند جارێك بۆ خۆی لەبەر بیلێتەوە تاوەکو تەواو دڵنیا دەبێت بۆ پتەوی لەبەرکردنەکەی .

دووەم: مەرجەکانی لەبەرکردن :

١- خوێندنەوەی ڕاست ودروست :

یەکێك لەو هەڵانەی کە لەبەرکەرانی قورئانیپیرۆز تێی دەکەون بریتییە لەوەی کەخوێندنەوەی بۆ قورئان هێشتا نادروستە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵدەسێت بە کاریلەبەرکردن، ئەنجامی ئەمەیش بریتی دەبێت لە لەبەرکردنێکی هەڵە ..............

چارەسەرکردنی هەڵەکردن لەخوێندنەوەدا بریتییە لەوەی کە دەبێت لای مامۆستایەکی بە توانا لە بواری قورئان خوێندندا بخوێنیت. وەرگرتنی قورئان لە کەسانی بە توانا و شارەزا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لە ژیانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وهاوەڵاندا﴿رضي الله عنهم﴾، وە لەکردارو وانە دانەوەی زانایانی ئیسلام لە کۆنەوە تاوەکو سەردەمی خۆمان..

٢-لەبەر کردنی پتەو :

له بەرکردنی نویٚ پێویستە لەبەر کردنێکی پتەوبێت، بە جۆرێك هەڵەو وەستان قەبولٚ نەکات .... جا ئەگەر ویستت بەشێکی نویٚ لەبەربکەیت بەپێیخشتەکەت، ئەواپێویستە لەبەرکردنت بۆی وەکو لە بەرکردنی سورەتی(الفاتحة) بێت، خۆ ئەگەر وا لەبەرت نەکرد خۆت بەوە دامەنیٚ کە لەبەرت کردووە . کەوابوو قبولٚ ناکرێت لە لەبەرکەری قورئان هەڵەو وەستان هەبێت لەلەبەرکردنیدا، لە ڕێگاکانی لەبەرکردنی پتەوبریتییە لەوەی کە نەڕۆی بۆ خشتەی سبەینیٚ تاوەکو خشتەی ئەمڕۆت تەواولەبەر نەکەیت .

٣-خوێندنەوەت بۆجگە لەخۆت :

بەم کارەیش هەڵەکانی خۆت بۆ دەردەکەوێت " چونکە هەندیٚ کەس هەیە کە بەشی ڕۆژانەی خۆی لەبەر کرد گومانی وا دەبات کە بەپتەوی لەبەری کردووە" بۆیە دڵخۆش و شادومانە لەکاتێکیشدا کەنازانێت هەڵە هەیەلەلەبەر کردنەکەیدا . کەواتە ئەوەی کە دەتوانیت هەڵەکانت بۆ ئاشکرا بکات ئەو کەسەیە کە تۆ بۆی دەخوێنیتەوە .. بڕواتیش وا بێت هەرچەندە ژیروخێرا بیت لەلەبەرکردندا ئەوا تۆ بیٚپێویست نابیت لە کەسێکی تر کەگویٚ بیستیخوێندنەوە و لەبەرکراوی تۆ بێت . لەم حاڵەتەدا لەبەرکەر دەتوانێت بەشی لەبەرکراوی هەفتەیەك یان زیاتر بە جارێك بخوێنێتەوە بۆ ئەوکەسە گویٚ بیستە .

٤- دووبارە کردنەوەی نزیك :

لەبەرکراوی نویٚ پێویستی بە دووبارە کردنەوەی نزیکە .. وە بەشی خۆت لەڕۆژدا هەرچەندە پتەولەبەری بکەیت ئەوا بەس نییە تاوەکو لەنزیکترین کاتدا دووبارەی نەکەیتەوە، ئەوەیش بریتییە لە هەمان ڕۆژ کە تۆ تێیدالەبەرت کردووە.

جا ئەگەر بەشی ئەو ڕۆژەت لەبەر کرد ئەوا - بەلای کەمەوە- پێویستە لەهەمان ڕۆژداپێنج جار دووبارەی بکەیتەوە، ئەم کارەیش هەرچەندە زەحمەتی تێدایە لە سەرەتاوە بەڵام بەبەردەوام بوون لەسەری ئەوا مرۆڤ ڕادێت و کارێکی ئاسان دەبێت لە سەری - انشاء الله -

٥- بەستنەوەی لەبەرکراوی ڕۆژ بەلەبەرکراوی لەوەوپێش:

گونجاونییە بۆ لەبەرکەری قورئان کەبەشیخۆی لەبەربکات لەڕۆژدا بەبیٚ ئەوەی ئاگادار بێت لە بەستنەوەی ئایەتە لەبەرکراوەکان بە یەکترەوە،بەڵکو پێویستە ئەوەی کەلەبەری دەکات بیبەستێتەوە بەلەبەرکراوی پێشیخۆی، وە بەولەبەرکراوەی کەلەدوای خۆی دێت .

<u>سێیەم:</u> چەند هۆکارێکی یارمەتی دەر بۆ لەبەرکردن :

١- خوێندنەوەی لەبەرکراوەکان لەنوێژە سوننەتەکاندا .

٢- خوێندنەوەیان لە هەموو کاتێکدا- بە پێی توانا- بە تایبەت لە کاتی چاوەڕوان کردنی نوێژەکاندا .

٣- تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکان .

گومانی تێدا نیيە کە تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی قورئان، وە ووردبوونەوە لێیان یەکێکە لە باشترین هۆکارەکانی خێراوجوان لەبەرکردنی بەشی ڕۆژانەی خۆی، هەربۆیەچاك وایە لەبەرکەر لەگەڵ لەبەر کردنی بەشی ڕۆژانەی کورتەیەك لە مانای ئایەتەکان بزانێت بە جۆرێك کە مانای ووشەی ئایەتەکان ومەبەستە گشتیيەکانی ئایەتەکان لای ئاشکراوڕوون بوو بێت ..

لێرەیشدا خوێنەر دەتوانێت پەیوەست بێت بە یەکێك لەم دوو تەفسیرەی قورئان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستە:

- تيسير الكريم الرحمن في تفسيركلام المنان ( عبدالرحمن السعدي ) .
- ايسر التفاسير لكلام العلي القدير (ابو بكر الجزائري ) .

٤- گوێ ڕاگرتن لە کاسێتی قورئان:

بڵاوبوونەوەی خوێندنەوەی قورئان لەجیهاندا لەڕێگای کاسێتەوە یەکێکەلە گەورەترین نیعمەتەکانی خوایگەورە لەم سەردەمەدا" بۆیە با بەرنامەیەکی دیاری کراوت هەبێت لە گوێ گرتن لە قورئان بەم ڕێگایە ......وە با گوێ گرتنت بۆی هەم لە کاتی لە بەرکردندا بێت وە هەم لە کاتی دووبارەکردنەوەت بۆی.

لێرەیشدا دەتوانین سود لە قورئان خوێنە بەناوبانگەکان ببینین کە بەجوانی وبەڕوونی زانستی( تجويد) یان جێ بەجێ کردووە لەخوێندنەوەکانیان لەوانە- بۆنمونە- ( محمد صديق المنشاوي، محمود خليل الحصري، عليعبدالرحمن الحذيفي، محمد ايوب.............) .

٥- پەیوەست بوون بە یەك (مُصْحَف) ەوە :

ئەم کارەیش وات لێ دەکات کە تێکەڵ بوونت بۆ دروست نەبێت لەوێنەی ئایەتەکان لەناو پەڕەکانی قورئاندا ......کە وابوو بە هەڵە دەژمێردرێت لەبەرکەر هەر جارەو لەبەر (مُصْحَف ) ێك بخوێنێتەوە کە جیاوازن لە چۆنێتی نوسیندا.

٦- ئەگەر کرا ئایەتە لەبەر کراوەکان بنوسێتەوە:

<u>خاڵی چوارەم :</u> زانینی ئایەتە لە یەك چووەکان:

دەزانین لە قورئاندا چەندەها ئایەتی دووبارەکراوهەیە، وەچەندەها ئایەتی لەیەك چوو هەیە، بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە لەپیتێکدا یان زیاتر، یان پاش وپێشی تێدایە لە وشەدا، یان ووشەیەك دەگۆڕێت بە ووشەیەکی تر......

لەبەرکەری قورئان چاك وایە لەم جیاوازی و لێکچونانە ئاگادار بێت بۆ ئەوەی تێکەڵ بوونی بۆ دروست نەبێت .... نموونەی گەلێك زۆرهەیە لەم بوارەدا، ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەك دێنینەوە بۆ ئەوەی ئەم خاڵە ڕوون ببێتەوە لەلای خوێنەران : .

١- [وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْراللَّهِ](٣): [وَمَا أُهِلَّ لِغَيْراللَّهِ بِهِ](٤) .

٢- [ويَقْتُلُونَ الْأَنْبِيَاءَ](٥) : [ويَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ](٦) .

٣- [ كَذَلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَايَشَاءُ](٧) : [كَذَلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ](٨).

٤-[عَذَابٌ عَظِيمٌ](٩)[عَذَابٌ أَلِيمٌ](١٠)[عَذَابٌ مُهِينٌ](١١).

٥-[ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ](١٢) : [لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ ](١٣) .

٦-[وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ ](١٤):

[فَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَسْفَلِينَ](١٥) .

٧-[وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ](١٦):

[وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ](١٧) .

---

(3) - (البقرة/١٧٣).

(4) - (المائدة/٣).

(5 )- (ال عمران/١١٢).

(6) - (البقرة/٦١).

(7) - (ال عمران/٤٠).

(8) - (ال عمران/٤٧).

(9) - (ال عمران/١٧٦).

(10) - (ال عمران/١٧٧).

(11) - (ال عمران/١٧٨).

(12 )- (المائدة/٦٢).

(13) -( المائدة/٦٣).

(14) - (الانبياء/٧٠) .

(15) - (الصافات/٩٨).

(16) - (الكهف/٥٤).

(17) - (الاسراء/٨٩).

خوێنەری قورئان بەبەدواچوونی بۆئەم شتانە زۆری بۆ دەردەکەوێت، تۆیش دەتوانیت جیاکردنەوەت هەبێت لە نێوانیاندا، بەوەی کەبەکورتی لەلای خۆت تۆماریان بکەیت لە کاتی لەبەر کردنەکەتدا، یان ئەوەتا بگەڕێیتەوە بۆ ئەو پەرتوکانەی کەلەم باسەدا نووسراون لەوانە :

١- فتح الرحمن في كشف ما يلبس من القران لابي زكريا الأنصاري .

٢- متشابه القران لابي الحسين منادى .

٣- أسرار التكرار في القران لمحمود الكرماني........

خاڵی پێنجەم : دوبارە کردنەوە (المراجعة ) :

ئەم خاڵەیش لە تەواوی لە بەرکردنە" بۆیە لەبەر کردن نیە بەبێ دوبارە کردنەوە ............

لێرەیشدا پێش ئەوەی بچینە سەر دوبارە کردنەوە سێ شت باس دەکەین : .

١- بەردەوام بوون لە قورئان خوێندن :

هەرکەسێك نیازی هەبێت قورئان لەبەر بکات بۆ ئەوەی سودی لێ ببینێت لەڕەوشتی وخوا پەرستیدا" ئەوا بێ گومان بەردەوام دەبێت لەسەرخوێندنی قورئانی پیرۆز .. کەواتە بەردەوام بە لەگەڵ ئەم قورئانە تا بەردەوام لەگەڵت بمێنێتەوە .

٢- ئەندازەی زۆر :

ئەو کەسەی کە دەیەوێت لاپەڕەیەك یان هەندێ زیاتر دوبارە بکاتەوە لە ڕۆژێکدا لە کاتێکدا چەند ( جزء ) ێکی لەبەرە ئەوە پێی ناوترێت دوبارە کردنەوە، وە سودیشی زۆر کەم دەبێت، بەڵکو لەبەرکەری قورئان پێویستی بەوە هەیەکەگونجاندنی هەبێت لە نێوان لەبەر کراوەکە و ئەندازەیدوبارە کردنەوەکەی.

٣- سود بینین لە هەندێ لە کاتەکانی ساڵدا :

وەکو مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، پێغەمبەری خودایش(ﷺ)لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا کۆدەبووەوە لەگەڵ (جبریل )، وە پێکەوە قورئانیان دەخوێند ...........

- چۆنێتی دوبارە کردنەوە :

پێویستە دوبارە کردنەوە بەشێکی نەبچڕاو بێت لە لەبەرکردندا- هەر وەکو ئاماژەمان پێ کرد-وە بە هیچ جۆرێك نابێت لەبەرکەر بڵێت : لەم ڕۆژانەدا دوبارە کردنەوەم نیە، یان دوبارە کردنەوەکەم لەهەفتەی یان ڕۆژانی داهاتوودا دەبێت ..............

شێوازی بەسود بۆ دوبارەکردنەوە بریتیە لەوەی کە هەرکاتێك بەشی ئەو ڕۆژەت دوبارە کردەوە ئەوا لەگەڵیدا بەشی چوار ڕۆژ لەوەو پێش دوبارە بکەیتەوە، ئەمەیش مانای ئەوەیە بەشی هەرڕۆژێك

پێنج جار دوباره دەبێتەوە،یان دەتوانیت لەبری بەشی چوار ڕۆژ لـەوەو پـێش بەشـی دە ڕۆژ دوبـارە بکەیتەوە لەگەڵ بەشی ئەو ڕۆژەتدا ... ئەم شێوازەیش انشاء الله سودێکی زۆریدەبێت ............

- چەند هۆکارێکی یارمەتی دەر بۆ دوبارە کردنەوە :

١- پێش نوێژ کردن .

٢- کارکردن لەبواری وانە وتنەوەی لەبەر کردنی قورئان . ئەمەیش بۆ یەکێکە کەخۆی قورئـانی لەبەر بێت .

٣- خوێندنەوەی لەبەرکراو لە نوێژی سوننەتدا.

٤- گویّ ڕاگرتن لە کاسێتی قورئان .

لـە کۆتـایی خـاڵی پێنجـەم جـارێکی تـر دەڵـێین : بـەردەوام بوونـت لەسـەر دوبـارە کردنـەوە خـاڵی سەرکەوتنی تۆیە بۆ لەیاد نەچوونەوە .

موسڵمانان : ئەمە چەند ڕێنمایی یەك بوو بۆئـەو فێرخوازانـەی کـە دەیانـەوێت قورئـانی پـیرۆز لەبـەر بکەن، وە با هەموومان بزانین کـەهیچ کارێـك بـە بـیّ زەحمـەت ئـەنجام نادرێـت، بـەڵکو فێـر خـوازی زانستیشەرعی لە هەموو کـەس زیـاتر پێویـستی بـە ئـارام گرتنـە، وەپێویـستی بـە دوور کەوتنـەوە هەیەلە بەشێك لە خۆشی وپشویئەم دونیایە بەمەبەستی بـوونی بـە مرۆڤێکـی زانـا و بانگـەوازکار بـۆ ڕێگای پاکی ئیسلام .... وە با بزانین کە هەوڵدان و تێکۆشان بۆ شارەزا بوون لـە دینـی خـودا بـەروو بوومی زۆر چاکی دەبێت هەم لە خاوەنەکەی خۆی، وە هەم لە ناو موسڵماناندا، خوای گـەورە هـەموو لایەکمان سەرکەوتوو بکات بۆلەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و فێر بوونی زانستی شەرع و بانگـەواز کـردن بۆی .

والحمد لله رب العالمين.

# چەند خزانێك لە ڕێی فێربوونی زانستی شەرعیدا

بەشی سێیەم

م/ جمعه علی خورشید

**الحمد الله والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين،وبعد :**

**خزانی سێیەم / كردەوە نەكردن بە زانست و تاوان كردن :.**

ئەم ڕەوشتە بەڵایەكی گەورەیە لە سەر بەندە ، بەڵكو گەورەترین دەردی فێرخوازە، بە بەردەوامی زانایان و بانگەواز كاران دەست پێش خەربوونە بۆ ڕوون كردنەوەی شوێنەواری ئەم دەردە لەسەر ئوومەتی ئیسلام بگرە لەسەر مرۆڤایەتی بە تێكڕا.

زانایان لەم بارەیەوە ڕێنمایی زۆریان هەیە ئێمەیش لەم بارەیەوە باسی هەندێ بەڵگەی شەرعی دەكەین ،وەلە هەموو بەڵگەیەك ئاشكرا تر كە بەردەوام ویردی سەر زمانە كاتێ بەندە هیوا وئومێدی ڕەزامەندی پەروەردگارە و سورەتی فاتحە دەخوێنێت داوا دەكات ڕێنموونی بكات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و بیپارێزێت لە ڕێچكەكانی غەزەب لێگیراوەكان وگومڕاكان﴿ **اهدنا الصراط المستقيم صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب عليهم ولا الضالين**﴾[1].

واتە / پەروەردگارم هیدایەتمان بدەیت بۆ ڕێگای ڕاست ، ڕێگای ئەوانەی كە نیعمەتت بە سەریاندا ڕشتووە نەك ڕێگای ئەوانەی كە غەزەبت لێ گرتوون و ئەوانەی كە گومڕان .

وە ئەگەر بێت و ڕێگای گومڕاكان كردەوە كردن بێت بە نەزانین ئەوا ڕێگای غەزەب لێ گیراوەكان هەروەكو چۆن ( **ابن كثير** ) دەفەرمێت: غەزەب لێ گیراوەكان ئەوانەن كە نیەتیان بۆگەن بووە وڕاستیان زانیوە بەڵام كردەوەیان پێ نەكردووە . وە ئەم بەڵگەیە تاقانە نیە لە قورئاندا بەڵكو چەندەها بەڵگەی ترهەیە، وەكوخوای گەورە دەفەرمێت:﴿**واتل عليهم نبأ الذي آتيناه**

(١)- (الفاتحة:٦-٧).

آياتنا فانسلخ منها فأتبعه الشيطانُ فكـانَ من الغاوين ولو شئْنا لرفعناه بهـا ولكنـه أخلد إلى الأرض واتبع هواه فمثله كمثـل الكلبِ إنْ تحملْ عليه يلهـثْ أو تتركْـه يلهثْ﴾(٢) .

واتـه / ئـەی محمـد ﴿ﷺ﴾ هـەواڵی ئـەو کەسەیان بۆ بخوێنەرەوە کە توانامان پێ بەخشیبوو لە زانیاری ئـەو ئایەتانـەی کـە بـۆ پێغەمبەرەکـەمان دامـان بەزانـدووە، ئەویش خۆی لێ داماڵی هـەر وەکو چـۆن مرۆڤ خۆی لەجل و بەرگەکەی دائەماڵێنێ.

واتە: لێـی دەرچـوو بـە کـوفر وە بـوو بـە دۆستی شەیتان و سەرلێ شێواو بـوو، وە لەوانـە بـوو کـە گـومڕا بـوون ،وەئەگـەر بمانویـستایە بـەو ئایەتانـە سـەربەرزمان ئەکرد بەڵام چۆکیدانا بۆ زەوی و دونیای ویست و پێی ڕازی بوو،وە شـوێنی هـەواو ئارەزوی خۆی کەوت ،نمونەی ئەم کەسـە وەك سەگ وایە ئەگەر هەڕووی لێ بکـەیت هەر زمان دەردێنێ ،وە وازیشی لێ بێنیت هەر زمان دەردێنێ بە هەناسە بڕکێ .

کـردەوە نـەکردن بـەزانیاری هۆیەکـە بـۆ نەمانی زانیـاری، وە ئەبێتـە ( **حجـة** ) لـە سەر خاوەنەکەی بۆیـە پـەروەردگار سـەر زەنشتی ئەو کەسانە دەکات کـە حاڵیـان بەم شێوەیە بێت کەدەفەرمێت :

﴿ يا أيها الذين آمنوا لم تقُولُونَ مـا لا تفْعلُونَ كَبر مقْتا عند الله أنْ تقُولُوا ما لا تفْعلُونَ﴾(٣) .

واتـە / ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە بۆچـی شـتێك ئـەڵێن کـە بـە کـردەوە ئـەنجامی نـادەن، گـەورە بـوو کـین (**بغض**)ی خوای گەورە کە وتەیەك بڵێین بە بێ کردەوە کردن پێی .

وە ئەفەرمێت : ﴿ أتأمرونَ النـاس بِـالبِر وتنسونَ أنفُسكُم وأنتم تتلُونَ الكتاب أفَلا تعقلُونَ﴾(٤) .

واتە : ئایا ئێوە فەرمان بە خەڵکی ئەکەن بـە چـاکە و خۆتـان لـە بـیر کـردووە لـە کاتێکـــدا ئێـــوە کیتـــاب (**التـــوراة** ) ئەخوێننـەوە بـۆ تـێ ناگـەن، هـەر بۆیـە پێشینی ئەم ئوممەتە زۆر سـور بـوون لـە سـەر کـردەوە کـردن بـە زانـستەکانیان،

---

(٢)- (الأعراف:١٧٥-١٧٦).

(٣)- (الصف:٢-٣).

(٤)- (البقرة:٤٤).

ئـەوەتا عبـدالله ی کـوڕی مـسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرمێت :ئەگەر یـەکێك لە ئێمە( صـەحابە ) فێـری ( دە ) ئایـەت ببوایەئەوا تێ ناپەڕی لەسەری تاواتاکانی نەزانیایە و کردەوەی پێیان نەکردایە .

وە ئیمامی علـی (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) دەفــەرمێت: زانــست بانگــەوازی کــردار ئەکات ئەگەر هات بـە پـیری یـەوە باشـە، ئەگـــەر نـــا زانـــست بـــار ئـــەکات و ئەچێت،چونکە زانیاری و کردەوە جـووتن یان هـەردووك کۆدەبنـەوە یـان هـەردووك نامێنن وە ئەگەر زانیارییەك هەبوو بە بێ کردەوە ئەوە ئەبێت بە ( **حجة** ) بەسـەر خاوەنەکەیەوە لە دواڕۆژدا.

کردەوە کردن بە زانیـاری یارمـەتی دەرە بـــۆ جـــێگیر بـــوونی زانـــست ،وە بـــۆ سەلماندنی ئەم ووتەیە: بۆ تاقی کردنەوە ئـــەو ویردانـــەی کەبـــە بـــەردەوامی دەی خوێنیتەوە لە شەوو ڕۆژدا و لـە بـەیانی و ئێوارەدا وەیـان فەرموودەیـەك کـە باسـی سونەتێکی تێدایە .......... هتد ئەگەر کردەوەی پێ بکەیت لە بیرت ناچێت.

وە تــاوان کــردن ئافــاتێکی گەورەیــە بــۆ فێرخــوازی زانیــاری شــەرعی وە گومــان لەوەدا نییە کە تـەقوا و بـەردەوام بـوون لــە ســەر شــەریعەت و پابەنــد بــوون بــە قورئان و سوونەتەوە چـەکێکی گرنگـە، پێویستە لە سەر فێرخواز هەرگیز پشتیان لـــێ نـــەکات بـــۆ ئـــەوەی ڕەزامەنـــدی پـەروەردگار بەدەسـت بهـێنێ و ڕووناکی زانیاری و بەرەکەتەکەی لە دەست نەچـێ خوای گەورە دەفـەرمێت :﴿ **واتقُوا اللــه ويعلمكُم الله والله بِكُل شيءٍ عليم** ﴾(٥) .

واتــە / تــەقوای خــوا بکــەن بــە دانــانی پـــەرژینێك لـــە نێـــوان خۆتـــان و ســـزای پـــەروەردگار بـــە جـــێ بـــەجێ کردنـــی فەرمانـەکان و خـۆ پاراسـتن لـە قەدەغـە کراوەکان ئەوکاتـە خـوای گـەورە فێرتـان دەکـــات، وەپـــەروەردگار زانایـــە بـــە هەمووشتێك.

هاوەڵانی پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾لەگـەڵ تـەقواو دەست گرتنیان بە قورئـان و سـوننەتەوە ترسیان هـەبوو لەوەیکـە ڕۆژی قیامەتـدا ڕایان بگرن و پرسـیاری زانیـاری یەکـەیان لێ بکەن ئایا کردەوەیـان پـێ کـردووە ؟ یان نا ؟

(٥) - (البقرة:٢٨٢).

**ابــو درداء** (خـــواى لىَ ڕازى بێـــت) دەفەرمێت : ( بە ڕاستى ئەترسێم لەڕۆژى قيامەتـداپێم بووترێـت زانـا بوويـت يـان نــەزان ؟ ئــەڵێم : زانــا، هــيچ ئايــەتێك نامێنێت لە قورئاندا كە فەرمان بێت يان قەدەغە كردن ، دێت بۆ لام وپرسيارم لـىَ دەكات ئـەو ئايەتـەى كەفەرمانـە پرسـيار دەكات پابەنـد بـووى ؟ وە ئـەو ئايەتـەى قەدەغــە كردنــە پرســيار دەكــات ئايــا خۆپـارێز بوويـت ؟ دەى پـەنا ئـەگرم بـە خوا لە زانيارى يەك كە بىَ سود بێت )[٦].

هەروەها ( **ابو درداء** ) (خواى لىَ ڕازى بێت) دەفـەرمێت: ( ( لاتكون عالما حـتى تكون بـالعلم عـاملا ) ) نابيت بـە زانـا تاوەكو كار بە زانيارى نەكەيت )[٧] .

بەرهەمى زانيارى كردەوەيە، وە زانيـارى بـە سـود ئەوەيـە كـە شـوێنەوارەكەى بـە ســەر خاوەنەكەيـــەوە دەبينرێــت كـــە ڕووناكىيەكە لە ڕوخساردا، و ترسێكە لـە دڵدا،و بەردەوام بوونێكە لە ڕەوشـتدا ،وە ڕاسـت گـۆى يـە لەگـەڵ پـەروەردگار و خەڵكى و خۆيدا .

حەسـەنى بەصـرى(ڕەحمـەتى خـواى لىَ بێت) دەفەرمێت: پياو ماوەيەك بە دواى زانـستدا دەگـەڕا هێنـدەى پـىَ ناچـوو هەســتى پــىَ ئــەكرا لـــە خـــشوع و هەڵسوكەوت وزمان وچاو ودەستى دا[٨] .

بۆيـە پێويـستە لـە سـەر فێرخـواز كـە كۆشش بكات بۆ وازهێنـان لـە تـاوان كـە دەبێتــە يارمــەتى دەر بـۆى بۆبەدەسـت هێنــانى بەرەكــەتى زانيــارى و دڵــسۆزى تێيدا ،چونكە تاوان دڵ تاريك دەكـات وە دڵى تاريـك ڕووناكى زانـستى تـىَ ناچـێت مەگەر بە گەڕاندنەوە بۆ لاى پـەروەردگار و ڕاست كردن لە گەڵيدا.

وە پێــشينە چــاكەكان دەيـــان زانـــى كەوازهێنان لە تاوان بنەمايەكـە پێويـستە بـۆ بەدەسـت هێنـانى زانـست و لـە بـەر كردنى و لە بير نەچونى .

ئەگێڕنەوە لە پێشەواى پايە بەرز ئيمـامى شافيعى ( ڕەحمەتى خواى لىَ بێـت) كـە بە ناو بانگ بووە بە زيرەكى لەبەر كردن، سـكالاَى كـردووە لاى مامۆسـتاكەى كـە

(٦)- (جامع بيان العلم وفضله) ( لابن عبدالبر ) .

(٧)- (أخلاق العلماء) ( للآجري) نقلامن( آداب طالب العلم)( لأنس أحمد كرزون) .

(٨)- بڕوانە ( آداب طالب العلم) (لأنس أحمد كرزون) .

ناوی ( وەکیعی کوڕی جەراح ) بوو ڕۆژێك سستی هەبوو لە لەبەر کردن ئەویش ڕێنمونی کردووە بۆ چارەسەرکردنی بەوازهێنان لە تاوان ،وە خاڵیکردنی دڵ لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی دورکەوتنەوە لەخوای پەروەردگار......

ئەوە بوو ئیمامی شافیعی لە قاڵبی شیعردا ئەم ڕووداوەمان بۆ باس دەکات و دەفەرمێت :

**شَكوتُ الى وكيع سُوءَ حِفظي**
**فأرشدني الى تَركِ المعاصي**
**وأخبرني بأنَّ العَلمَ نُــورٌ**
**ونورُ اللهِ لا يُهدى لِعاصــي**[٩].

گومان لەوەدا نی یە کە پەیوەست بوونی دڵ بە دونیاوە ڕوو وەرئەچەرخێنێ لە زانست ،وە ئەو دڵەی کە تاریکە بە هۆی تاوانەوە شەیتان دووری دەخاتەوە لە یادی پەروەردگار و گەڕان بە دوای زانیاری دا تاوەکو لە یادی دەکات، خوای پەروەردگار دەفەرمێت :﴿ **استحوذ عليهم الشيطانُ فأنساهم ذكْر الله**﴾[١٠].

واتە / شەیتان بە سەریاندا زاڵ بووە تا خوای لە بیر بردونەتەوە . بۆیە پێویستە لە سەر فێرخواز ورد ببێتەوە لە حاڵی خۆی ،وسەرزەنشتی خۆی بکات ئەگەر خەیاڵی تاوانی هەبوو، وە خۆی بپارێزێت لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەبەر ئەوەی پەیوەندی یەکی پتەو هەیە لە نێوان زانست و کردەوە کردندا وەبە کۆبوونەوەی هەردووکیان دەروون پاك دەبێتەوە، وەکاریگەریان لەسەر پاك کردنەوەی دەرون وەك کاریگەری ئاو وایە لە پاك کردنەوەی لەش .

مالیکی کوڕی دینار (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرمێت:(( ان العالم اذا لم يعمل بعلمه زلت موعظته عن القلوب كما تـزل القطرة عن الصفا (الحجر الأملس) ))[١١] .

واتە / زانا ئەگەر کار بەزانیاری یەکەی نەکات ئامۆژگاری یەکەی دەخزێ لەسەر دڵان هەر وەکو چۆن باران دەخزێ لە سەر بەردێکی لوس .

---

(٩)- (ديوان الشافعى) ، بڕوانە (الجواب الكافي) (لابن القيم) .

(١٠)- (المجادلة:١٩).

(١١)- (آداب الطالب العلم) .

هەر لەم بارەیەوە ئەم دوو دێڕە شعرە بەنرخانە پێشکەش دەکەین :.

**العلمُ بَلغ قوماً ذروة الشَّرفـــــ**
**وصاحبُ العلمِ محفوظٌ منَ الخرف**
**يا صاحبَ العلمِ مَهلاً لاتدنســـه**
**بالموبقات فما للعلم من خلـــف**

کۆتایی بەباسەکەمان دێنین بە ئامۆژگاری یەکی( أبو حامد الغزالی ) بۆ فێرخوازان کە دەفەرمێت :

( لوقرأت العلم مائة سنة وجمعـت ألـف كتاب لاتكون مستعدا لرحمـة الله تعـالى الابالعمل لقوله تعالى: ﴿ **وأنْ ليس للإنسان إلا ما سعى**﴾[١٢] . وقوله تعالى :﴿ **فمن كانَ يرجوا لقاءَ ربه فلْيعملْ عملًا صالحا ولا يشرك بعبادة ربه أحدا**﴾[١٣] .

واتە / ئەگەر سەد ساڵ زانیاری بخوێنیت، وە هەزار کتێب کۆ بکەیتەوە، ئامادەی ڕەحمەتی پەروەردگار نابیت ئیلا بە کردەوە کردن نەبێت، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت : هیچ پاداشتێك بۆ مرۆڤ نیە تەنها هەوڵ وکۆششی خۆی نەبێت .وە دەفەرمێت :هەر کەسێك بەهیوای گەیشتنی پەروەردگاریتی با کارو کردەوەی باش ئەنجام بدات وهیچ کەسێك نەکات بەهاوەڵ بۆ خوای گەورە لەکاتی پەرستنیدا )[١٤] .

هەروەها فێرخواز هان دەدات بۆ کارکردن بە زانست بۆ ئەوەی ئەو زانستە بەسود بێت لە دونیاودوا ڕۆژدا .

هەروەها دەفەرمێت :

( اعلم ان علما لا يبعدك اليوم عن المعاصي ولا يحملك على الطاعة لن يبعدك غدا عـن نار جهنم ، واذا لم تعمل اليوم ، ولم تدارك الأيام الماضية تقول غدا يوم القيامة : فارجعنا نعمل صالحا )[١٥] .

واتە / بزانە زانیاری یەك ئەمڕۆ دوورت نەکاتەوە لە تاوان ،وەمل کەچ وگوێ ڕایەڵت نەکات سبەینێ دورت ناخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ، وە ئەگەر ئەمڕۆ کار نەکەیت وفریای خۆت نەکەویت ،ئەوا لە دوا ڕۆژدا ئەڵێیت : پەروەردگارم بمگێڕەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی چاکە بکەم).

والحمد لله رب العالمين.

---

(١٢)- ( النجم:٣٩) .
(١٣)- (الكهف:١١٠) .
(١٤)- ( ايها الولد) (للغزالي) .
(١٥)- هەمان سەرچاوە .

# وریاکردنەوەی موسڵمانان لە چەند کتێبێکی زیان بەخش

زنجیرەی یەکەم

م/ سامی مصطفى

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:**

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ نووسین و خوێندنەوە هەر لەدێرینەوە سەری هەڵداوە[1]، وە هەر ئەم خۆشەویستی‌یە پاڵی بە مرۆڤەوە ناوە بۆ داهێنانی کاغەز و ئامێرەکانی چاپ ،وە هەروەکو ئاشکرایە لەم ساڵانەی دوایدا لەچاپ دان و لە بەرگرتنەوەی کتێب بە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی گەیشتە لوتکە تاوەکو دەست کەوتنی هەر پەرتوکێك بۆتە کارێکی زۆر ئاسان تەنانەت بۆ ئەوەی لە ماڵەوە دەربچیت دەتوانی بەماوەیەکی کورت هەر پەرتوکێکت بوێت دەستت بکەوێت ، ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی کە کارێکی زۆر سود بەخشە لە هەمان کاتدا کارێکی ترسناکە ، چونکە هەروەکو پەرتوکی سودبەخش هەیە لە هەمان کاتدا پەرتوکی زیان بەخشیش هەیە ، وە ئەگەر کەسێك کە جیاوازی نێوانیان نەزانێت وەکو پێویست یان خۆی نەناسێت وەکو پێویست لەوانەیە بە دەست کەوتنی ئەم پەرتووکانە بەئاسانی ببێتە هۆی گومڕا بوونی .

---

(١)- بڕوانە کتێبی (إغاثة اللهفان ص٤٤١ ط دار الحديث) وە کتێبی (طريق الهجرتين)ص١٩١) هەردوکیان هی زانای بەناو بانگ (ابن القيم الجوزية) (٦٩١-٧٥١هـ) .

بۆیه به پێویستمان زانی له چەند زنجیرەیەکدا برا و خوشکی موسڵمانمان لە چەند کتێبێکی زیان بەخش ووریا بکەینەوە ، کە ئەم ووریا کردنەوەیە یەکەم جار بنچینەیەکی دینە و لە ئامانجەکانی شەریعەتە[٢] ، وەهەروەها سوننەتێکی گەورەی پێغەمبەری خۆشەویستە ﷺ کە کاتێک پارچە پەڕەیەکی تەوراتی بە دەستی (عومەری کوڕی خەطاب)وە ﷺ بینی بەتووندی پێی فەرموو :﴿ إنه والله لو كان موسى حياً بين أظهركم ما حلّ له إلا أن يتبعني ﴾[٣] واتە: سوێند بەخوای گەورە ئەگەر موسی (علیه الصلاة السلام) لە ژیاندا بوایە بۆی ڕەوا نەدەبوو تەنها ئەوە نەبێت کەشوێنم بکەوێت .

ئیتر ئەگەر پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ڕازی نەبێت پیاوێکی وەکو ئیمامیعمر تەماشای لاپەڕەکانی تەورات بکات ، دەبێ بۆ مرۆڤی موسڵمانی ئەمڕۆ حوکمی تەماشا کردن و خوێندنەوەی ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانە چی بێت کە هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ بۆ دوور خستنەوەی خەڵکی موسڵمان لە ئاینەکەیان بە بڵاو کردنەوەی شوبوهات و شەهەوات لە ژێر دروشمی سەیر سەیردا؟! وە بۆ ئەوەی چیتر درێژە بەم پێشەکییە نەدەین داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەین بگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشەکییە بە نرخەی کە شێخ (مشهور آل سلمان) نووسیویێتی بۆ کتێبە بەنرخەکەی ( **كتبٌ حذر منها العلماء**)[٤] وە ئێمە لێرەدا دێینە سەر کاکڵەی بابەتەکەمان ،وە لەم زنجیرەیەدا بە کتێبی ( **نهج البلاغة** ) دەست پێدەکەین: -

### ١ ـ نهج البلاغة :

ئەم کتێبە لەناو موسڵماناندا زۆر بڵاوە،وە هۆی بڵاو بوونەوەیشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك لەوانە: -

---

(٢)- بۆ ئاشنا بوون بە ئامانجەکانی شەریعەت بە کورتی بڕوانە کتێبی (الوجيز في أصول الفقه) د.عبد الكريم زيدان ص٣٧٨-٣٨٥ .ئەگەر بتەوێزیاتر ئاشنا بیت بگەڕێرەوە بۆ بەرگی دووەمی کتێبی (الموافقات) للشاطبي (ت/٧٩٠هـ) . یان (مقاصد الشريعة عند ابن تيمية) ( نامەیەکی دکتۆرایە لەنوسینی دکتۆر (يوسف البدري) .

(٣)- (رواه الحافظ أبو يعلى عن حماد عن الشعبي عن جابر) ، وحسنه العلامة الألباني في "إرواء الغليل" رقم: (١٥٨٩) .

(٤)- (كتب حذر منها العلماء) : (١ / ٥ ـ ٦١) .

١ ـ خەڵك وادەزانێت کە ئەم کتێبە لە نووسینی ئیمامی (عەلی کوڕی أبو طالب)ە﴿رضي الله عنه﴾.

٢ـ ئەم کتێبە دەوڵەتی شیعەی ئێران زۆر بەجوانی لەچاپی دەدات و بە نرخێکی هەرزان یان بەخۆڕای بڵاوی دەکاتەوە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی شیعەگەرێتی خۆیان .

٣ ـ ئەم کتێبە هەر بۆ هەمان مەبەست چەندین (شەرح و ڕاڤەی) بۆ کراوە ، تەنانەت هەندێکیان بە پێنووسی ئەوانەی کە لە سەر ئەهلی سوننە دەژمێردرێن !.

وە ئەوەی پێویستە کە موسڵمانان لە سەر ئەم کتێبە بیزانن ئەم خاڵانەی خوارەوەیە : ـ

١ ـ ئەم کتێبە کتێبی (ئیمامی عەلی) ﴿رضي الله عنه﴾ نییە، بەڵکو ( **شریف المرتضی** )[٥] کە لە ساڵی : (٤٣٦) کۆچیدا مردووە ئەم کتێبەی نوسیوە ، وە لە نێوان مردنی ئەم و (ئیمامی عەلی) دا نزیکەی چوارسەد ساڵ هەیە ، واتە کتێبێکی بێ سەنەدە[٦] .

٢ـ لەم کتێبەدا بە ئاشکرا و بێ شەرمانە قسە بە هاوەڵەکانی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەوترێت لەوانەیش ئیمامی (أبوبکر) و(عمر) ﴿رضي الله عنهما﴾ ، کەچی بە (سەنەدی متەواتیر)[٧] لە (ئیمامی عەلی)ەوە هاتووە﴿رضي الله عنه﴾ کە لە سەر مینبەری کوفەدا فەرموویەتی:﴿**خير هذه الأمة بعد نبيها أبو بكر وعمر**﴾[٨] واتە :

(٥)- بڕوانە ژیاننامەی لە (سير أعـلام النـبلاء) : (١٧ /٢٨٥ – ٢٨٦) برقم : (١٧٤) وەژیاننامەی براکەی لەهەمان سەرچاوەدا (١٧ / ٥٨٨) بـرقم : (٣٩٤) باسکراوە .

(٦)- بڕوانە (كتب حذو منها العلماء) (١ / ٢٥٣) ، وە بۆ گرنگی إسناد بگەڕێرەوە بۆ (مقدمة صحيح مسلم / باب بيان إن الإسناد من الدين...) .

وە شێخی ئەلبانی چەند قسەیەکی بەنرخی هەیە لە سەر گرنگی ئیسناد بگەڕێرەوە بۆ (سلسلة الأحاديـث الصحيحة / (٥ / ٣٣١ – ٣٣٢) ، وە بۆ کتێبی : (الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد / ص :(٢٦ – ٢٧) .

(٧)- بۆ پێناسەی خەبەری متواتر بگەڕێرەوە بۆ کتێبی : (تيسر مصطلح الحديث) ص : (١٩) .

(٨)- مـسند الإمـام أحمـد رقـم : (٨٧٩،٨٣٧،٨٣٦،٨٣٤،١٠٦٠،٩٣٢،٩٢٦،٨٨٠ ، ٣) ، وە بڕوانە کتێبی: (منهاج السنة النبوية في نسف كلام الشيعة والقدرية) (٩ / ١٤٩) ، تحقيق : الـدكتور محمد رشاد سالـم ، وەـجموع الفتاوى (٣٦ / ٢٦٦).

باشترین کەس لەم ئومەتەدا دوای پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾ أبوبکر و عومەره﴿رضي الله عنهما﴾.

تەنانەت (ئیمامی عەلی) ﴿رضي الله عنه﴾ لە خۆشەویستی خەلیفەکانی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ کوڕەکانی بە (أبو بکر و عمر و عثمان) ناو ناوه[٩].

ئیتر چۆن دەبێ ئەم کەلە پیاوە بەکەم وکورتی باسی خەلیفەکان و هاوەڵەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بکات وەکو چۆن بە درۆ لە (نهج البلاغـة)دا خراوەتە پاڵ ئەو!!

٣ - زانا بەناوبانگەکانی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەم کتێبە کتێبی (ئیمامی عەلی) ﴿رضي الله عنه﴾ نیە لەو زانایانە کە ئەمەیان باسکردووە :-

١ - الإمام الذهبي في "سير أعلام النبلاء" : (٧ / ٥٨٩ – ٥٩٠) و "ميزان الاعتدال : (٣ / ١٢٤) .

٢ - الإمام المقبلي في "العلم الشامخ" ص : (٢٣٧) .

٣ - الخطيب البغدادي في "الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع" (٢ / ١٦١) .

٤ - شيخ الإسلام ابن تيمية في "منهاج السنة" : (٨ / ٥٥ - ٥٦) .

وە بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەم کتێبە بگەڕێرەوە بۆ کتێبی : "تأملات في كتاب نهج البلاغـة" نووسراوی : "صالح بن عبد الله الدرويش" ، وە "كتب حذر منها العلماءُ" (٢ / ٢٥٠ – ٢٥٦) .

وە لە کۆتایدا برا و خوشکی موسڵمان لە کتێبی (نهج البلاغة) ئاگەدار دەکەینەوە و داوایان لێدەکەین ووریا بن و هەموو کتێبێك نەخوێننەوە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين.

چاوەڕوانی کتێبی دووەم بن لەزنجیرەی دووەمدا (إنْ شاءَ الله).

---

والفتاوى العراقية (١ / ١٢٥ - ١٣١) ، تحقيق : عبدالله عبد الصمد المفتي ، .کە هەرسێکیان کتێبی (شيخ الإسلام ابن تيمية) ن .

(٩)- بڕوانە کتێبی : (حقبة من التأريخ) (شيخ عثمان محمد الخميس) ص : (١٨٤) ، و "معرفة الصحابة" (١ / ٣٠٩) ، و "كشف الغمة في معرفة الأئمة" (أبو الفتح الأربلي .

# پیادەکردنی موسڵمانان بۆ ڕوخسەت
# لە نێوان حەقیقەتی ڕوخسەت
# و
# شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیاندا

م/ عدنان بارام

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**پێشەکی:**

**إن الحمد لله ، نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ...وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ...**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینێکی تێر و تەسەل ، و بی کەم وکوڕییە هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ الْيَوم أَكْمَلْت لَكُم دينكُم وأَتممت علَيكُم نِعمتي ورضيت لَكُم الإِسلاَم دينا﴾[سورة المائدة :٣] چونکە ئەم ئایینە پیرۆزە لە لایەن پەروەردگارێکی دانا وزانا ومیهرەبانەوە نێردراوە ، هەروەك پەروەردگاری دانا و زانا فەرموویەتی:﴿ وإِنك لَتلَقى الْقُرآنَ من لدنْ حكيمٍ عليمٍ﴾ [سورة النمل : ٦] ، بۆ ئەوەی ئەو ئایینە پیرۆزە ببێتە ڕێ نیشاندەری مرۆڤایەتی ، و لە گێژاوی بێباوەڕی ، و گومڕایی ، و تاوان ، و خراپەکاری رزگاریان بکات ، بۆ یەکخوا پەرستی ، و هیدایەت و ، دادپەروەری ، و ژیانێکی ئاسوودە، هەروەك خوای بەسۆز و میهرەبان فەرموویەتی:﴿هو الذي ينزلُ علَى عبده آيات بينات ليخرِجكُم من الظُّلُمات إِلَى النورِ وإِن الله بِكُم لَرؤوف رحيم﴾ [سورة الحديد : ٩]. ئەم ئایینە پیرۆزە لەبەر ئەوەی لە بەدیهێنەری بەندەکانی خوای پەروەردگارەوە هاتۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾، دەبینین ئەو پەروەردگارە دانا و زانایە بە پێی پێویستی و بار و دۆخ ، و بەرژەوندی و توانای بەندەکانی ئەحکامەکانی

داڕشتووه ، و هیچی له سەر گران و نامۆ نەکردوون ، هەروەك فەرموویەتی: ﴿ وما جعلَ عليكُم في الدينِ من حرجٍ ﴾ [سورة الحج : ٧٨] ، لە گەڵ ئەوەیشدا بۆی بەڕەوا داناون و ڕوخسەتی داون کە ئەگەر زەرووڕەتێك یان بێتواناییەك ڕووی تێکردن ، هەندێك لەو شتانەی کە لە سەری قەدەغەکردون ئەنجامی بدەن ، بۆ ئەوەی ڕزگار ببن لەو ناڕەحەتییەی کە تێیدان ، هەروەکو لە چەند ئایەتێکدا بەرچاو دەخرێت بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ، پێغەمبەرەمیهرەبانەکەیشی ﴿ﷺ﴾ بە هەمان شێوە هەندێك لەو ڕوخسەتانەی پێگەیاندووین ، ئەوەیشی پێ ڕاگەیاندووین کە پەروەردگارمان پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانە وەرگرین هەروەك فەرموویەتی :

﴿إن الله يحب أنْ يؤخذَ برخصه كما يكره أنْ تؤتى معصيته﴾[1].

واتە : خوای پەوەردگار پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی کە لە ئایینەکەیدا هاتوون وەربگیرێت و کاریان پێ بکرێت ، هەروەکو چۆن ڕقی لێیە ئەو تاوانانەی کە لە ئایینەکەیدا قەدەغەی کردوون ئەنجام بدرێت .

وە فەرموویەتی: ﴿إن الله يحب أن يؤخذ برخصه كما يحب أن تؤتى عزائمه﴾[2].

واتە : خوای پەوەردگار پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی کە لە ئایینەکەیدا هاتووە وەربگیرێت و کاریان پێ بکرێت ، هەروەك پێی خۆشە عەزیمەتەکانی وەربگیرێت .

شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ــ بەڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی[3] :

(فەرموودەی ( ابن عمر ) ﴿رضي الله عنهما﴾ کە لە پێغەمبەری خواوە﴿ﷺ﴾ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ﴿إن الله

---

(١)-(مسند الإمام أحمد) رقم : (٥٨٦٦) و(صحيح ابن حبان) رقم : (٢٧٤٢) و(صححه العلامة الإمام الألباني في تخريج الطحاوية) ،و(كتاب الإيمان : لابن تيمية).

(٢)- (صحيح ابن حبان) رقم : (٣٥٤) و (٣٥٦٨) و(سنن البيهقي الكبرى) رقم : (٥١٩٩) و(صححه الإمام الألباني في صفة الفتوى) : (٨٠).

(٣)- (مجموع الفتاوى) : (٧ / ٤٨ ـ ٤٩) .

يحب أن يؤخذ برخصه كما يكره أن تـؤتى معصيته﴾ ، هەواڵی ئەوەمان پێدەدات کە خـوای پـەروەردگار پـێی خۆشـە ئـەو ڕوخسەتانەی کە لـە ئایینەکەیدا هـاتووە وەربگیرێـت و کاریـان پـێ بکرێـت ، هەروەکو چۆن ڕقی لێیـە ئـەو تاوانانـەی کـە لـە ئایینەکەیـدا قەدەغـەی کـردوون ئەنجام بدرێن .

وە هەندێك لە شەرع زانان بەم شێوە دەیگێڕنـەوە : " کمـا یحـب أن تـؤتى عزائمە" ، بـەڵام ئەمـەدەقی فەرموودەکە نىیە ، ئەوەیش لە بەر ئەوەیە کە خوای پەروەردگار ڕێی داوە بەو ڕوخسەتانە لە بـەر پێویـستی بەنـدەکانی بـۆ ئـەو ڕوخـسەتانە ، بـڕوادارانیش پـشتیان پێدەبەستن لە پەرستنەکانیان بۆ خوای پـەروەردگار ، ئـەویش پـێی خۆشـە ئـەو ڕوخسەتانە وەربگیرێت و کرداریـان پـێ بکرێـت ، چـونکە هـەموو کەسـێکی سـەخاوەت مەنـد پـێی خۆشـە ئـەو بەخـشین و چـاکەیەی لێوەربگیرێـت ، هەروەکو پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾لە باسی کورتکردنـەوەی نوێژدا (قـصر الـصلاة) فەرموویـەتی : ﴿صدقة تـصدق الله بهـا علـیکم فـاقبلوا صـدقته﴾[٤] ، واتـە: بەخـشینێکە خـوای پـەروەردگار پـێی بەخشیوون ، جا ئێوەیش ئەو بەخشینەی لێـوەرگرن ، وە لـە بـەر ئـەوەی بـەوە پەرستنە گوێڕایەڵیەکەی تەواو دەبێت).

پاشـان لێـرەدا هەنـدێك لـەو ڕوخـسەتانەی کـە لـە قورئـانی پـیرۆز هاتوون ، هەندێکیش لەو ڕوخسەتانەی کە لە فـەرموودە و سوننەتی ( صحیح ) ی پێغەمبـەری خـوادا﴿ﷺ﴾پێمـان گەیـشتووە دەخەینـە ڕوو ، بـۆ ئـەوەی زیاتر لە باسی ڕوخسەت تێ بگەین :

## هەنـدێك لـەو ڕوخـسەتانەی کـە لـە قورئانی پیرۆزدا هاتوون :

خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی: ﴿إنما حرم عليكم الميتـةَ والـدم ولحـم الخنزير وما أُهل به لغير الله فمن اضطُر غير باغٍ ولا عاد فلا إثم عليه إن اللـه غفُـور رحيم﴾ [سورة البقرة : ١٧٣] .

وە فەرموویـەتی:﴿ قُل لا أجِد في ما أُوحي إلي محرما على طاعمٍ يطعمه إلا أن يكُونَ ميتةً أو دما مسفُوحا أو لحم خنزيـرٍ

(٤)- (صحيح مسلم) رقم : (٦٨٦) .

فإنه رجس أو فسقًا أُهل لغير الله به فمن اضطُر غير باغٍ ولا عاد فإن ربك غفور رحيم﴾ [سورة الأنعام : ١٤٥].

**وه لەو فەرموودانەیش کە لەم بارەیەوە هاتوون :**

( **عبدالله** ) ی کوڕی ( **عمر** ) ﴿رضي الله عنه﴾ فەرموویەتی:﴿رخص رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ للنساء في التصفيق وللرجال في التسبيح﴾[5].

واتە : پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕوخسەتی ئافرەتانی داوە لە نوێژی جەماعەتدا ، ئەگەر پێش نوێژەکەیان هەڵەی کرد دەستی ڕاستیان بدەن بە سەر دەستی چەپیاندا ، بۆ ئاگادارکردنی پێش نوێژ لەو هەڵەیەی کە ڕووی داوە ، و پیاوانیش لەو کاتەدا (**سبحان الله** ) بکەن .

وە لە ( **عبد الرحمن** ) ی کوڕی (**أبي بكرة** ) ەوە ، ئەویش لە باوکیەوە لە پێغەمبەری خواوە﴿صلى الله عليه وسلم﴾ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمێت: ﴿ رخص ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ للمسافر ثلاثة أيام ولياليهن وللمقيم يوما وليلة - إذا تطهر فلبس خفيه - أنْ يمسح عليهما﴾[6].

واتە : پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕوخسەتی داوە بەڕێبوار سێ ڕۆژ و شەوەکانیشیان ، و بۆ کەسێك کە لە ماڵی خۆیدا بێت شەو و ڕۆژێك ـ ئەگەر دەست نوێژی شوشت و خوففەکانی لە پێ کرد ـ مەسحیان لە سەر بکات ( واتە : دەستیان بە سەردا بهێنێت ) لە جیاتی شوشتنیان .

وە ( **أنس** ) ﴿رضي الله عنه﴾ فەرموویەتی : ﴿رخص رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾، للزبير ، وعبد الرحمن بن عوف ، في لبس الحرير ؛ لحكة كانت بهما﴾[7].

واتە : پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕوخسەتی دا بە : ( **زبير** ) ﴿رضي الله عنه﴾ ، و ( **عبدالرحمن** ) ی کوڕی (**عوف**) ﴿رضي الله عنه﴾ ، پۆشاکی ئاوریشم (**حرير** ) لە بەر بکەن ، لە بەر ئەو نەخۆشیەی کە هەیان بوو.

---

(٥)- (صحيح سنن ابن ماجة) رقم : (١٠٣٦) .

(٦)- (سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم : (٣٤٥٥) .

(٧)- (صحيح البخاري) رقم : (٥٨٣٩) و(صحيح مسلم) رقم : (٢٠٧٦) .

جا بابزانین لە لای زانایانی شەریعەت ڕوخسەت چیە ؟ و زانایان چۆن ئەم بابەتەیان دابەشکردووە ؟ و بەشەکانی چین ؟ و هەڵوێستیان لەو بارەیەوە چیە؟ لە گەڵ بەرچاو خستنی هەندێك لە ووتە بەنرخەکانیان.

لە کۆتایشدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی هەندێك لە موسڵمانان دەیکەن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا - بەناوی ڕوخسەتەوە - لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، ڕوخسەتن ، یان نا ؟!

**دابەش کردنی ڕوخسەت بە پێی : ﴿ڕەوایی﴾ و ﴿ ناڕەوایی ﴾:**

باشترین دابەشکردنێك کە بۆ ڕوخسەت کرابێت ، لە ڕووی ڕەوایی و ناڕەواییەوە ، ئەو دابەش کردنەیە کە شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( **ابن القیم الجوزیة** ) - بە ڕەحمەت بێت - کردوویەتی ، ئەوەیش لەو ووتە بەنرخەیدا کە فەرموویەتی :

ڕێگری خاوەنەکەی دەبێت لە گەڕانەوە بۆ ڕوخسەتە بێ بنەواکان ، چونکە کەسانی خاوەن ئیرادە پتەوەکان ، کردەوەکانیان لەسەر ڕاستیەکان و ڕاستی بنیات دەنێن ، بۆیە گەڕانەوە و ئەنجامدانیان بۆ ڕوخسەتەکان ، بەرەو دواگەڕانەوە و دەست بەتاڵیە.

لەم شوێنە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە ، چونکە ئەم ووتەیە ئاوا ڕەها نیە : چونکە خوای پەروەردگار پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی کە لە ئایینەکەیدا هاتووە وەربگیرێت و کرداری پێ بکرێت ، هەروەك پێی خۆشە عەزیمەتەکانی وەربگیرێت ، وە لە (**مسند**)ی پێشەوا (**أحمد**) دا هاتووە بە (**مرفوع** ) ی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)کە فەرموویەتی : ﴿إن الله يحب أن يؤخذ برخصه ،كما يكره أن تـؤتى معـصيته﴾ ، لێرەیشدا خوای پەروەردگار وەرگرتنی ڕوخسەتەکان و کارپێکردنیانی بەرامبەر داناوە لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانەکان ، وە سەبارەت بە بەشی یەکەمیان خۆشەویستی داناوە ، و سەبارەت بە بەشی دووەمیشیان ڕق لێبوونی داناوە ، هەرگیز دوو شتی نەهاتۆتە پێش ئیللا ئاسانەکەیانی هەڵبژاردووە ، بە مەرجێك تاوان نەبێت ، ڕوخسەتیش ئاسانترە لە عەزیمەت ، ئا

بەم شێوە بوو سیفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژوو نەگرتن ، و سەفەرەکانیدا ، وە کۆکردنەوەی لە کاتی وەستاندا ، وە کورت کردنەوەی نوێژە چوارییەکان بۆ دوو ڕکات ، و جگە لە مانەیش ، بۆیە دەڵێین ڕوخسەت دوو جۆرە:

❑ **جۆری یەکەم : ئەو ڕوخسەتانەی کە لە شەریعەتدا هاتوون و زانراون :**

وەکو خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو ، خوێن ، گۆشتی بەراز لە کاتێك دا کە زەروورەت و پێویست بێت ، با پێیشی بووترێت عەزیمەتە لە و ڕووەی کە فەرمانی پێ کراوە وواجبە ، بەڵام لەو لاوە ڕوخسەتە لەو ڕووەی کە ڕێپێدراو وفراوانکارییە ، هەروەها وەکو ڕۆژووشکاندنی نەخۆش و موسافر ، و کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا ، و نوێژکردنی نەخۆش بە دانیشتنەوە ئەگەر ڕاوەستانی لە سەر قورس بێت ، و ڕۆژووشکاندنی ئافرەتی سك پڕ و شیردەرئەگەر لە ڕۆڵەکەیان بترسن زەرەری پێبگات ، و هێنانی کەنیزەك ئەگەر لەوە بترسێت بکەوێتە تاوانەوە ، و هاوشێوەکانیان لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕوخسەتانەدا و کارپێکردنیان شتێك نییە کە هۆکاری لاوازکردنی عەزیمە و هیمەتی بکات ، و ئەنجامدەری بگەڕێتەوە بۆ ڕوخسەتە پوچەڵ و بێ بنەماکان ، و بێگومان داواکاری و ویستەکانی کەم ناکاتەوە هیچ کاتێك ، چونکە هەندێکیان واجبە ئەنجام بدرێت ، وەکو خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو لە کاتی زەروورەت و پێویستدا ، و هەندێکیشیان چاکەکەی ئاشکرایە وەکو ڕۆژوو نەگرتنی کەسێکی ڕۆژووان کە نەخۆش بێت ، و کورتکردنەوەی نوێژ بۆ کەسێك کە لە سەفەردا بێت ، وڕۆژوو نەگرتنی ، وە هەندێکی تریشان چاکەکاریەکەی بۆ ئەو کەسەیە کە ڕوخسەتەکەی بۆ دراوە و کەسانی تریش ، لێرەیشداچاکەکارییەکە دوو جۆرە : تایبەت و کەسی تریش دەگرێتەوە ، وەکو ڕۆژووشکاندنی ئافرەتی سك پڕ وشیردەر ، ئاشکرایشە کە ئەنجامدانی ئەم ڕوخسەتانە ئەولاتر و چاکترە لە وازلێهێنانیان.

❑ **جۆری دووەم : ئەو ڕوخسەتانەی کە لە تەئویل و جیاوازی نێوان زانایان**

**لــە ڕێپێدانیــەوە دروســت دەبێــت** : ئــەم جۆرەیــان بــەدوا ڕۆیــشتن و ئەنجامــدانی حەرام و قەدەغەیە ، وهۆکاری لاوازکردنی ویــست وداواکاریەکانــە ، و ئەنجامــدەری دەگەڕێنێتەوە بۆروخسەتە پوچــەڵ و بــێ بنەماکان ، چونکە ئەو کەسەی کە ووتەی بــێ بنــەمای خــەڵکی مەککــە لــە پــارە گۆڕینــەوە ، و ووتــەی خــەڵکی عێــراق لــە خواردنەوەکان ، و ووتەی خەڵکی مەدینــە لە خواردنەکان ، و ووتەی ئەو کەسانە کە حیلــە دادەنــێن لــە کــرین و فرۆشــتندا ، و ووتــەی ( **ابــن عبــاس** )﴿رضي الله عنه﴾لــە ژن و مێردایەتی سیخە یان کاتی (**المتعة**) ، و گۆشتی گوێدرێــژی مــاڵی ، و ووتــەی ئــەو کەسەی کە بەڕەوای دەزانێت ئافرەتــانی ناسراو بە داوێن پیسی بهێنرێت ( واتــە : مارە بکرێت ) ، یــان بــە ئاســایی زانیــوە مێــردی ئــافرەتی داوێــن پــیس بێــت ، و ووتـــەی ئـــەو کەســـەی کـــە ئـــامێرە مۆســـیقای‌یەکانی حـــەڵاڵ کـــردوە وەك (**اليراع ، والطنبــور ، والعــود ، والطبــل ، والمزمــار** ) ، و ووتــەی ئــەو کەســەی کــە گۆرانی بە حــەڵاڵ دانــاوە ، و ووتــەی ئــەو کەسەی کە بە ڕەوای دەزانێت ( کەنیزەك و جاری‌یــە ) بــدرێت بــە ئیــستیعارە بــۆ ئەوەی جووت بێت لــە گەڵیــدا ، و ووتــەی ئــەو کەســەی کــە خــواردنی تــەرزەی بــۆ ڕۆژووان بە ڕەوا داناوەو ووتویەتی تــەرزە نەخواردنە ونە خواردنەوە ، و ووتەی ئــەو کەسەی کە بــە ڕەوای زانیــوە ڕۆژووان لــە نێوان دەرکەوتنی گزنگ ( **الفجــر** ) تــاکو دەرچــوونی خــۆر خــواردن بخــوات ، و ووتەی ئەو کەسەی کــە ووتویــەتی نوێــژی ئەو کەسە درووستە لە نوێژەکەیدا تــەنها ﴿ مدهامتان ﴾ بخوێنێتــەوە بــە فارســی و پاشان کڕنوش ببات وەکــو چــاوپرتاندن و یــەك ســەر ڕاســت بێتــەوە ، و جیــاوازی نێـــوان دووکڕنوشـــەکانی وەکـــو تیـــژی شمشێر وابێت ، و صەڵاواتیش نــەدات لــە ســـەر پێغەمبـــەری خـــوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾، پاشـــان نوێژەکــەی تــەواو بکــات ، و ووتــەی ئــەو کەسەی جــووت بــوونی لــە گــەڵ ئافرەتــدا حەڵاڵ کردووە لە پاشەوە ، و ووتەی ئــەو کەسەی بە ڕەوای داناوە کە ئەو کچەی لە ئـــاوی شـــەهوەتی دەرچـــووی خـــۆی بخوازێت، ئەگەر ئەو منداڵە لە زیناکردن و داوێـــن پیـــسی هاتبێتـــە دونیـــاوە ، و هاوشـــێوەکانی لـــە ڕوخـــسەت ووتـــەی

ئەوزانایانەی کە بەهۆیانەوە ویستەکانی کەم دەکاتەوە و هۆکاری لاوازکردنی ویست وداواکاریەکان نیە ، و ئەنجامدەری نەگەڕێنێتەوە بۆ ڕوخسەتە پوچەڵ وبێ بنەماکان ، چونکە ئەمەیان جۆرێکە و یەکەمیشیان جۆرێکی ترە"[٨].

هەروەها (**ابن القیم**) لە ووتەیەکی تریدا کە سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕوخسەتەکان و پەیوەستی یان بە ڕاستی ئەنجامدەرانێەوە فەرموویەتی : "

سەبارەت بەو ووتەیەی کە فەرمویەتی : وە ناشگەڕێتەوە بۆ ڕوخسەتە بێ بنەماکان ، لە بەر تەواوی ڕاستیەکەی ، ویتەوی ویست و ئیرادەت و داواکاریەکانی کە وای لێدەکات عەزیمەتەکان ئەنجام بدات ، و بۆیە ئاوڕ ناداتەوە لەو خۆشیانەی کە لە ڕوخسەتەکاندا هەیە ، ئەم ووتەیە پێویستی بە زیاتر ڕوونکردنەوە هەیە:

- چونکە ڕاستگۆ لە بەر ڕەزامەندی و خۆشەویستی خوای پەروەردگار کردەوە دەکات ، جا ئەگەر ئەنجام دان و پەیڕەو کردنی ئەو ڕوخسەتانەی کە لە شەرعە پیرۆزەکەی داوێتی خۆشەویستر بێت لای خوای پەروەردگار لە پەیڕەوکردنی عەزیمەتەکان ، ئەو کاتە ئاوڕدانەوەی بۆ ئارەزووەکانی کاکڵە و ناوەڕۆکی ڕاستگۆییەتی ، بۆ نمونە ئەگەر لە سەفەردا ڕۆژووی شکاند ، و نوێژەکانی کورت کردەوە و دوو دوو کۆی کردنەوە لە کاتێ کە پێویستی پێ بوو ، و نوێژیشی سووك کردەوە لە کاتی سەرقاڵ بوونیدا ، و هاوشێوەکانی لەو ڕوخسەتانەی کە خوای پەروەردگار پێی خۆشە ئەنجام بدرێن و وەربگیرێن ، ئا ئەم ئاوڕدانەوەیە بۆ ئارەزووەکانی پێچەوانەی ڕاستی ئەنجام دەری نیە، بەڵکو خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیەکە:جیاوازی هەیە لەنێوان پیادەکردنی ڕوخسەت لەبەر خۆشی وئاسانیەکەی،وەلەنێوان پیادەکردنی ڕوخسەت لەبەر شوێن کەوتنی پێغەمبەر ﷺ،هەرچەندە ئەگەر لەبەر سوکی وئاسانیەکەیشی بێت دژی ڕاستگۆیی نیە،چونکە ئەمەیە مەبەست لێی ، هەروەها ئاشنابوونی

(٨)- (مدارج السالكين) : (٢ / : ٥٧ ـ ٥٨) .

بەندەکانی خوای تێیدایە بە چاکەکاری پەروەردگاریان لە گەڵیاندا ، و پەرستنی خوای پەروەردگارە بە ناوی (**البر**) ، و (**اللطيف**) ، و (**المحسن**) ، و (**الرفيق**) ، پەروەردگاریش لە سەرخۆ ونەرم و نیانە، نەرم و نیان و لەسەرخۆیشی خۆش دەوێت.

وە لە ( **صحيح** ) ەکەی پێشەوا (**البخاري**) دا هاتووە : ﴿ما خير رسولُ الله بين أمرين إلا اختار أيسرهما ما لم يكن إثما﴾[٩].

واتە : پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەرکاتێك دوو شتی بهاتبایەتە پێش ئیللا ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد ، بەمەرجێك تاوان نەبووایە ، ئەوەیش لە بەر ئەو هەستەی کە دەیکرد لە کاتی پەرستنی خوای پەروەردگار بەناوی ( **الرفيق** )، و ( **اللطيف** ) ، و ئاسوودەیی دڵیش بەو شتە لەپەرستنێکی تر ، چونکە دڵ بەردەوام لە پلەکانی پەرستندا جێ گۆڕکێ دەکات ، جا ئەگەر خۆشی ڕوخسەتەکانی خۆشەویستەکەی وەرگرێت خۆی ئامادە دەکات بۆ پەرستنێکی تر ، لەوانەیشە وەرگرتنی عەزیمەت بیبڕێت لە پەرستنێك کە خۆشەویست ترەلەو لە لای خوای پەروەردگار ، وەك ڕۆژووانێك کە نەتوانێت یارمەتی هاوەڵەکانی بدات ، و ئەو کەسەیش کە ڕۆژووی نەگرتووە بەڵام خەریکی خێوەت هەڵدانە بۆ هاوەڵانی ، و سوارەکان ئاو دەدات ، و کوڵ و جێگەکانیش دەپێچێتەوە ، هەر لە بەر ئەمەیە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ سەبارەت بە ڕۆژوونەگران فەرموویەتی : ﴿ذهب المفطرون اليوم بالأجر﴾[١٠] .

واتە : ئەو کەسانەی کە ڕۆژوویان نەگرتووەو خزمەتی ڕۆژووانانیان کردووە ئەمڕۆ هەموو پاداشتەکەیان بردۆتەوە.

---

(٩)- (صحيح البخاري) رقم (٣٥٦٠) و(صحيح مسلم) رقم : (٢٣٢٧) ، ولفظ الحديث : عن عائشة رضي الله عنها ، قالت : " ما خير رسول الله ﴿ﷺ﴾ بين أمرين قط إلا أخذ أيسرهما ، ما لم يكن إثما ، فإنْ كان إثما كان أبعد الناس منه ... " .

(١٠)- (صحيح البخاري) رقم : (٢٨٩٠) و(صحيح مسلم) رقم : (١١١٩) عن أنس ﴿رضي الله عنه﴾ قال : كنا مع النبي ﴿ﷺ﴾ في السفر ، فمنا الصائم ، ومنا المفطر ، فنزلنا منزلا في يوم حار فسقط الصوامون ، وقام المفطرون ، فضربوا الأبنية، وسقوا الركاب . فقال رسول الله ﴿ﷺ﴾ : " ذهب المفطرون اليوم بالأجر " .

**❑ أما الرخص التأويلية المستندة إلى اختلاف المذاهب والآراء التي تصيب وتخطيء فالأخذ بها عندهم عين البطالة مناف للصدق "** (١١)**.:**

واته : بەڵام سەبارەت بە ڕوخسەتە تەئویلیەیەكان ، كە لە جیاوازی مەزهەب و بۆچوونەكانەوە هاتۆتە كایەوە ، و جێگەی پێكاندن و هەڵەن ، وەرگرتنی ئەم جۆرەیە لەلای زانایان خود و ناوەڕۆكی بەتاڵیە و پێچەوانەی ڕاستیە.

**كەواتە :** ڕوخسەت دوو جۆرە:

**یەكێكیان** دەگەڕێتەوە بۆ بنەما شەرعیەكان ، و پاڵپشتی خۆی پێیان دەكات ، ئەم جۆرەیان خوای پەروەردگار پێی خۆشە وەربگیرێت و ئەنجام بدرێت لە كاتەكانی خۆیاندا.

**دووەمیان** دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زانایان و بۆچونیان سەبارەت بە ئەحكامە شەرعیەكان ، ئەم جۆرەیە كە بە لای زانایانەوە زەم كراو وپوچەڵ كراوە ، و شوێنكەوتن و ئەنجامدانیان بە هۆكاری لە ناوچوونی ئاینی ئەنجام دەرانی دانراوە ، موسڵمانانیان لێ ئاگادار كردۆتەوە ، فەرموویانە : لە گەڵ ڕاستی و مەبەستەكان ناگونجێ.

**جا موسڵمانی یەكخوا پەرست :** پاش ئەوەی كە ئەوەی سەرەوەمان بۆ ئاشكرا بوو ، با بزانین ووتەی پێشەوا و زانایان سەبارەت بەشوێنكەوتنی ئەو ڕوخسەتانەی كە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زانایان و بۆچوونەكانیان ، یان ئەو فەتوایانەی كە نەیان پێكاوە چیە ؟!

**ووتەی پێشەوایان و سەلەف سەبارەت بە ڕوخسەت و شوێنكەوتنی:**

پێشەوا ( **الأوزاعي** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : " من أخذ بنوادر العلماء خرج من الإسلام " (١٢).

واتە : هەركەسێك هەموو ئەو فەتوایانە وەرگرێت، و كرداریان پێبكات كە زانایان تێیدا نەیان پێكاوە ، ئەوا لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەچێتە دەر.

❑ ( **عبدالله** )ی كوری پێشەوا (**أحمد**) ی كوڕی ( **حنبل** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ بۆمان دەگێڕێتەوە كە لە باوكیەوە بیستوویەتی : فەرموویەتی :

(١١)- (مدارج السالكين) : (٢ / ٢٨٢ – ٢٨٣) .

(١٢)- (سنن البيهقي الكبرى) : (١٠ / ٢١١) .

" لو أن رجلا عمل بكل رخصة : بقول أهل الكوفة في النبيذ ، وأهل مكـة في المتعـة ؛ لكان فاسقاً "(١٣).

واتــه : ئەگــەر كەسـێك بــە هــەموو ڕوخسەتەكان كردەوە بكات : بۆ نمونـە : بـە ووتـەی ئـەهلی كوفـە لـە شـەراب ، و ئەهلی مەككـەیش لـە هاوسـەرێتی سیخە یان كاتی ( واتە : **زواج المتعة** ) ، ئەوا ئەو كەسە فاسقە.

❑ هــەروەها پێــشەوا ( **أحمــد** ) و ( **سـليمان التيمـي** )ـ بەڕەحمـەت بـن ـ فەرموویانـە : " لو أخذت برخصة كل عالم اجتمع فيك الشر كله " (١٤).

واتــە : ئەگــەر ڕوخــسەتی هــەموو زانایـــان وەرگریـــت ، و كردەوەیـــان پێبكـەی، ئـەوا هـەموو خراپەكاریـەكانت تێدا كۆبوتەوە.

❑ وە پێــشەوا ( ابــن القــيم ) – بەڕەحمـەت بێـت ـ فەرموویـەتی : " **أمـا الـرخص التأويليـة المـستندة إلى اخـتلاف المـذاهب والآراء الـتي تـصيب وتخطـيء : فالأخذ بهـا عنـدهم عـين البطالـة منـاف للصدق** " (١٥).

واتە: بـەڵام سـەبارەت بـە ڕوخـسەتە تەئویلیـیـەكان كەلـەجیاوازی مەزهـەب و بۆچونەكانەوە هاتۆتە كایەوە، و جێگـەی پێكان و هەڵەن ، وەرگرتنی ئەم جۆرەیە لـــە لای زانایـــان ، خـــود و نـــاوەڕۆكی بەتاڵیيە و پێچەوانەی ڕاستیيە.

❑ ( **إبراهيم** ) ـ بەڕەحمـەت بێت ـ فەرموویەتی : " من أراد أن يتعطل و يتبطل فليلزم الرخص " (١٦).

واتە : ئـەو كەسـەی كـە ئەیـەوێت لـە كار بكەوێت ، و دەسـت بـەتاڵ بێـت ، بـا هەموو ڕوخسەتەكان وەرگرێت.

❑ ( **مرداوي** ) ـ بەڕەحمـەت بێت ـ فەرموویـەتی : " ولا يجوز للعـامي تتبـع الرخص ، ذكره ( **ابن عبد البر** ) : إجماعا، ويفسق " (١٧).

واتــە : نابێــت عــەوامی موســڵمانان شوێنی ڕوخسەتەكان بكەوێت

(١٣)- (شرح قصيدة ابن القيم) : (٢ / ٥٢٤) ، (وإرشاد الفحول) : (١ / ٤٥٣ – ٤٥٤) .
(١٤)- (شرح قصيدة ابن القيم) : (٢ / ٥٢٤) .
(١٥)- (مدارج السالكين) : (٢ / ٢٨٢ ـ ٢٨٣) .
(١٦)- (سير أعلام النبلاء) : (١٥ / ٣٩٢) .
(١٧)- (الإنصاف للمرداوي) : (١١ / ١٩٦) .

( مەبەستی ئەو فەتواو بۆچونانەیە کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە ) ، ( **ابن عبد البر** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ کۆڕای یەك دەنگی زانایان لە سەر ئەم حوکمە دەگێڕێتەوە ، ئەو کەسەیش کە ئەم کردارە ئەنجام بدات فاسق دەبێت لە شەرعدا.

❑ شێخ ( **محمد بن صالح العثيمين**)(بەڕەحمەت بێت)فەرموویەتی: " هەروەها بابەتی دووەمیشی تێدایە ، ئەویش : بریتییە لە ڕەوایی پرسیارکردن لەزیاترلە زانایەك،بەلاَم ئەگەر بە مەبەستی شوێن کەوتنی ڕوخسەتی زانایان بێت ، ئەوە حەرام و قەدەغەکراوە هەروەکو زانایان فەرموویانە ، ئەم کردارەیش کرداری جولەکەکانە ، چونکەجولەکەکان کە لە تەوراتدا هەبوو ئەگەر کەسێك زینا و داوێن پیسی بکردایە دەبوایە بەردباران بکرایە ئەگەر ژندار بوایە یان شوکردە ، لەو لایشەوە ئەو کردارە لەناو ناودارەکانیاندا تەشەنەی کردبوو ، بۆیە ئەم حوکمەی خوای پەروەردگاریان گۆڕی بوو ، بەلاَم کە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ کۆچی کرد بۆ مەدینە ، و پیاوێك زیناو داوێن پیسی کرد لە گەڵ ئافرەتێکدا ، ووتیان : بڕۆن بۆ لای ئەو پیاوە (مەبەستیان پێغەمبەری خوا بوو﴿ﷺ﴾) بەڵکو شتێکی ترتان لەلا دەست کەوێت ، ئەوەیش بۆ ئەوە بوو کە شوێنی ڕوخسەتەکان بکەون" (١٨).

وە لە شوێنێکی تردا سەبارەت بە وەصفی موفتی فەرموویەتی:

" پێویستە لە سەر ئەو کەسەی کە فەتوا دەدات ئەگەر تێگەیشت لە حاڵی ئەو کەسەی کە پرسیاردەکات مەبەستی منجڕی و شوێنکەوتنی ڕوخسەتەکان و بەیەکدانی ووتەی زانایانە بەیەکدا ، یان هەر مەبەستێکی خراپیتر جگە لەمانە ، ئەواپێویست نىیە لە سەری فەتوای بۆ بدات و وەلاَمی بداتەوە" (١٩).

❑ وەشێخ ( **فوزان** ) فەرموویەتی : " بەلاَم ئەگەر لە کاتێکدا بۆچونی زانایەك وەرگرێت و لە کاتێکی تردا بۆچونی زانایەکی تر وەرگرێت ، ئا بەو شێوەیە مرۆڤ ئاڵوگۆڕ بکات لە زانایەك بۆ

(١٨)- (موسوعة فتاوى اللجنة الدائمـة و الإمـامين) : الـمجلد العاشر : (لابن عثيمين) .
(١٩)- (رسالة الأصول من علم الأصول) ص : (٧٣) .

زانایـــەکی تـــر لەبـــەر شـــەهوەت و ئارەزووەکانی، یان لەبەر شوێنکەوتنی بۆ ڕوخسەتی زانایان ، ئەمەیان نابێت ـ واتە: هـەر ووتـە وفەتوایـەکی زانایـان بـە پـێی ئارەزووەکـانی بێـت وەری بگرێـت بـا پێچەوانەی بەڵگە شەرعیەکانیش بێت ، و ئەوەیشی کە پێچەوانەی ئارەزووەکـانی بێـت وازیـان لێ بهێنێـت ، بـا بەڵگـە شـەرعیەکانیش ڕاسـتی ئـەو ووتـە و فەتوایانە بسەلمێنن ، ئەو جۆرە کەسانە شـوێنکەوتەی ئارەزووەکانیـانن ، –خـوا پـەنامان بـدات ـ بۆیـە ئـاڵوگۆڕکردن و گواسـتنەوە لـە بۆچـونێك بـۆ بۆچـونێکی تر،یاخودلەمەزهەبێك بۆ مەزهەبێکی تر لە بـەر شـەهوەت و ئارەزووەکـان ، یـان بـۆ بەدەست هێنانی ئاسـان تـر ، یـان لەبـەر شـوێنکەوتنی ڕوخـسەتی زانایـان ، ئەمـە نابێت و دروست نییە" [(٢٠)].

وە فەرموویـەتی : " سـەبارەت بـەو فێرخـوازەی کـە توانـای زانینـی ڕاجـح و مەرجوحی هەیە لە ووتـەی زانایـان ، ئـەم جۆرە کەسـانە پێویـستە لەسـەریان ئـەو ووتەیـە وەرگـرن کەبەڵگـەی شـەرعی لەسـەرە لـە ووتـەی چـوار پێـشەوایانی ئیـسلام و زانایـانی تـریش ، ئەمـە ئەگـەر توانای زانینی ڕاجح و مەرجوحی هەبێت ، و توانـای زانینـی بەڵگـە شـەرعیەکانی هـەبێت کـە ووتـەکانی لـە سـەر بنیـات دەنرێت ، ئەمە پێویستە لەسەری کردەوە بـە بەڵگـەکان بکـات ، چـونکە توانـای ئـەوەی هەیـە .... وە ناشـبێت هـیچ مرۆڤێك ئـەو ووتانـە وەرگرێـت لـە ووتـەی زانایـــان کـــە لەگـــەڵ ئارەزووکانیـــدا دەگونجێـــت ، یـــان لەگـــەڵ حـــەزی دەروونیـدا دەگونجێـت ، بـەو شـێوەیە شـوێنی ڕوخـسەکان بکـەوێت ، و شـوێنی ووتـە سـوك و ئاسـانەکان بکـەوێت ، کـە بەڵگەیان لـە سـەر نییـە ، لـە بەرئـەوەی لەگەڵ هـەوا و ئارەزووەکـانی دەگونجێت ئەمـە نابێـت ، بـەڵکو ئـەبێت ئـەو ووتانـە هەڵبژێرێت کە بەڵگەیان لە سەر هـاتووە ، بـا پێـچەوانەی هـەوا و ئارەزووەکانیـشی بێت" [(٢١)].

(٢٠)- (المـنتقى من فتاوى الفوزان)، الفتـوى رقـم : (٤٨٤).

(٢١)- (المـنتقى من فتاوى الفوزان)، الفتوى رقم : (٤٨٦).

چونکە شوێنکەوتنی ئەم جۆرە ڕوخسەتانە هۆکار و ڕێگەیەکە بۆ ئەنجامدانی تاوان و وازهێنان لە واجباتە شەرعیەکان ، هەروەکو زانایان فەرموویانە : " ولا ينشر الرخص في السفهاء ؛ فيجعلوا ذلك طريقا إلى ارتكاب المحظورات ، وترك الواجبات " (٢٢).

واتە : روخسەتەکان نابێت بڵاوبکرێنەوە لە نێو نەفامەکاندا ، بۆ ئەوەی نەیکەنە پەیڕەو و ڕێگەیەك بۆ ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکانی شەرع ، و واز هێنان لە واجبە شەرعیەکان.

بەڵکو زانایان هەوڵیان داوە بەوەی کە ڕوخسەتە شەرعیەکان لەناو خەڵکدا بڵاو نەکەنەوە بۆ ئەوەی تووشی تاوان و ساردبوونەوە نەبن لە ئەنجامدانی واجب و پێویستیەکانی سەر شانیان ، و کەم تەرخەمی تێدا نەکەن ، بۆ نمونە ( **ثابت البناني** ) ــ بەڕەحمەت بێت ــ فەرموویەتی : " عندي من الرخص رخص لو حدثتكم بها لاتكلتم " (٢٣).

واتە : چەندەها ڕوخسەتی وام لایە لە ڕوخسەتە شەرعیەکان ، ئەگەر لاتان باسیان بکەم ئەوا واز لە کردارەکان دێنن و متمانەیان دەکەنە سەر .

پێشەوا ( **ابن رجب** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ لەڕاڤەکردنیدا بۆ سەرەتاکانی (**صحيح البخاري**) لە واژەی فەرموودەی (**معاذ** ) ی کوڕی ( **الجبل** ) دا ﴿رضي الله عنه﴾ لە زانایان بۆمان دەگێڕێتەوە ودەفەرمێت : " زانایان فەرمویانە : ئەوەی کە لە کرداری ( **معاذ** ) وەردەگیرێت لەوەی کە وازی هێنا بەخەڵکی ڕاگەیەنێت ، بۆ ئەوەی واز لە کردارەکان نەهێنن و متمانەیان نەکەنەسەر ، ئەوەیە کە: ئەو فەرموودانەی کە باس لە ڕوخسەتەکان دەکەن نابێت لەناو هەموو خەڵکدا ـ بە گشتی ـ بڵاوبکرێنەوە ، نەوەکو بە تەواوی لێی تێنەگەن ، لە کاتێك دا کە ( **معاذ** ) ئەو فەرموودەیەی بیست زیاتر هەوڵی ئەنجامدانی کردەوەیچاك و لە خواترسانی دەدا ، بەڵام ئەو کەسانەی نەگەشتوونە پلەی ئەو ، جێی متمانەنین کە لەگەڵ ڕووکەشی فەرموودەکەدا

---

(٢٢)- (تفسير القرطبي) : (٢ / ١٨٥) .

(٢٣)- (مصنف ابن أبي شيبة) : (٧ / ٢٤١) رقم : (٣٥٦٨٥) .

خۆیان بگونجێنن" [٢٤].

**بە سەرهاتی ( إسماعیل ) ی کوڕی ( إسحاق ) لە گەڵ خەلیفە ( معتضد ) لەم بارەیەوە:**

( **إسماعیل** ) ی کوڕی ( **إسحاق القاضي** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە ، و دەفەرمێت : ڕۆژێکیان ڕۆیشتمە لای خەلیفە( **المعتضد** ) و ئەویش کتێبێکی پێدام بۆ ئەوەی تەماشای بکەم ، دەفەرمێت : کە تەماشام کرد : (( **وكان قد جمع له الرخص ، من زلل العلماء ، وما احتج به كل منهم لنفسه** )) ، واتە : بینیم ڕوخسەتەکانی هەموو بۆ کۆکراوەتەوە ، هەموو ئەو فەتوایانەی کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە ، لە گەڵ ئەو بەڵگانەیش کە هێناویانەتەوە بۆ فەتواکانیان ، دەفەرمێت : ووتم : ئەی پێشەوای موسڵمانان : (( **مصنف هذا الكتاب زنديق** )) ، واتە : دانەری ئەم کتێبە بێبڕواو زندیقە ، خەلیفەیش بە سەرسوڕمانێکەوە فەرمووی : (( **لم تصح هذه الأحاديث ؟!** )) ، واتە : تۆ ئەم فەرموودانە بە ( صحيح ) دانانێیت ؟! ، دەفەرمێت : ووتم : (( **الأحاديث على ما رويت** )) ، واتە : فەرموودەکان بەو پێیەی کە گێڕراونەتەوە ، بەڵام :

(( **من أباح المسكر لم يبح المتعة ومن أباح المتعة لم يبح الغناء والمسكر** ))

واتە : ئەو کەسەی کە سەرخۆش کەری بە حەڵاڵ داناوە ، هاوسەرێتی سیخە یان کاتی ( زواج المتعه ) ی حەڵاڵ نەکردووە، ئەوەش کە هاوسەرێتی سیخە یان کاتی (زواج المتعە ) ی حەڵاڵ کردووە، سەرخۆش کەر و گۆرانی بەحەڵاڵ دانەناوە ، ئەوەش بزانە کە : (( **وما من عالم إلا وله زلة** )) ، واتە : زانا نیيە لە هەموو فەتواکانیدا ڕاستی بپێکێ و هەڵەی نەبێت ، بۆیە (( **ومن جمع زلل العلماء ثم أخذ بها ذهب دينه** )) .

واتە : هەرکەسێك هەموو ئەو فەتوایانەی کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە کۆبکاتەوە ، و کرداری پێبکات : ئەوا ئایینەکەی نامێنێت و لە ناو دەچێت ، پاشان خەلیفە ( **المعتضد** ) : فەرمانی کرد

---

(٢٤)- (فتح الباري) : (١١ / ٣٤) للحافظ ابن رجب الحنبلي .

بەوەی کە ئەو کتێبەبسووتێنرێت [(٢٥)].

**هەندێك فەرموودەی ( ضعيف ) كە لەم بارەیەوە هاتوون:**

**یەکەم** : لە (**عبدالله** )ی کوڕی (**عمرو** )ی کوڕی ( **عوف** ) ەوە ، ئەویش لە باوکیەوە ، باوکیشی ، لە باپیریەوە، دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرموویێتی:

**" ثم اتقوا زلة العالم وانتظروا فيئته "** [(٢٦)].

**دووەم** : لە ( **زید** )ی کوڕی ( **أسلم** ) ەوە ، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ فەرموویێتی:

**" أدوا الفرائض ، واقبلوا الرخص ، ودعوا الناس وقد كفيتموهم "** [(٢٧)].

(٢٥)- (سنن البيهقي الكبرى) : (١٠ / ٢١١) ، وانظر: "البداية والنهاية" لابن كـثير : (١١ / ٨٧) ، و "إرشـاد الفحول" : (١ / ٤٥٣) ، و "سير أعلام النبلاء" : (١٣ / ٤٦٥) .

(٢٦)- (سنن البيهقي الكبرى) : (١٠ / ٢١١) ، وقـال العلامة الألبانـي : (ضعيف جداً) "السلسلة الضعيفة" : (٤ / ١٩٣) تـحت الـحديث رقم : (١٧٠٠) .

(٢٧)- انظر : مسند الـحارث (زوائد الهيثمـي) : (١ / ٢٣٨) رقم : (١٠٧) ، وضعفه العلامة الألبانـي فـي "ضعيف الجامع الصغير" رقم : (٢٥٤) .

**سێیەم** : لە (**عبدالله**)ی کوڕی (**عمر**) ەوە ، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرموویێتی:

**" أدوا العزائم ، واقبلوا الرخص ، ودعوا الناس وقد كفيتموهم "** [(٢٨)].

## کۆتایی

لە کۆتای ئەم باسەدا خوێنەری بەڕێز بەوە ئاشنابوو ، کە ئەوەی هەندێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن ـ بە گومانی خۆیان بەناو ڕوخسەتەوە۔ شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیانەو لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزدا پێی ناووترێت ڕوخسەت ، چونکە ڕوخسەت ئەوەیە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی﴿ﷺ﴾ڕێیان پێ دابێت ، بەڵکو زانایان ئەنجامدان و ئەنجامدەرانی ئەم جۆرەیان زەمکردووە ، بە ڕادەیەك بە هۆکاری لە ئایین دەرچونیان زانیوە ، و بە دووریان زانیوە لەڕاستیو وویستی کەسانی دەروون بەرز و ڕاستگۆیان،

(٢٨)- انظر :( تاريخ بغـداد) : (٥ / ٢٠٣) ، رقـم : (٢٦٧٧) ، وضعفه العلامة الألبانـي فـي "ضـعيف الجامع الصغير" رقم : (٢٥٤) .

وموســڵمانانیان لێــی ئاگادارکردۆتــەوە، بۆیــەدەبێت هــەموو موسڵمانێکی خــاوەن دەروون بــەرز و ژیــر دووربێــت لێــی و شــوێنیان نەکــەوێت ، ئــەوەیش بــۆ پاراسـتنی ئایینەکـەی و ڕزگـار بـوونی لـە ئاگری دۆزەخ ـ خوا پەنامان بدات ـ.

بـۆ نمونـە: دەبینیـت ( هەنـدێك !) دەڵێن:

**پیـاو** : لەبـەر ئـەوەی فـلان کـەس خاوەن بڕوا نامەیـە ! و هـیچ کـارێکی تـر نازانێت وخۆیشی پێوە هـیلاك کـردووە! ئەگەر ئـەویش لـەو شـوێنانە دانەمـەزرێت کەسانێکی فاسق وخراپ دادەمـەزرێن !! دەتوانێـت لـەو جێگایانـە دابمـەزرێت کـە پیاوان و ژنـان تێیـدا وەکـو خوشـك و بـرا وان! و لەگــەڵ یەکـدا تێکـەڵن (چـونکە هەندێك لە زانایان ڕێگـەیان پـێ داوە) !! وە لــە بــەر ئــەوەی دامەزرانـدنیش بــە ڕیــــشەوە ناڕەحەتــــە ، و کــــارێکی ناشارســتانیيە ( لــە ڕوانگــەو بۆچـونی ئەوانــدا !!) ! ئــەتوانێت ڕیشەکەیــشی لاببــات (چــونکە هەنــدێك لــە زانایــان فەرموویانە: لە بەر پێویست قەیدی نیيـە ئــەو کــارە ئــەنجام بــدرێت)!! ئــەم موســڵمانە (دامــەزراوە!) هەربەمەشــەوە ناوەستێت بەڵکو ئەبێت جلێکی مۆدێرن و بـە پـێی مـۆدەی سـەردەمیش بپۆشـێت (کە لە ڕاستیدا مۆدەی سالأنی پەنجاکانە بە سەرەوە) ، ئـەو پۆشـاکەیش ئـەبێت : چــارلس بێــت لــە خــوارەوە و لــە ناوەڕاستەوە تەسك و تونـد و تـۆڵ باریـك بێـت !! و لـە سـەرەوەیش بەشـێوەیەك تەسك بێت پـێش و پاشـی دەربخـات ـ با ئەم شـێوەیەیش پێچەوانەی مەرجـەکانی پۆشــاکی موســڵمانان بێــت !! – و دەشبێت ئەوەندە شۆڕ بێت پێڵاوەکـانی داپۆشێت ـ با ئەم کردارە یەکێك بێـت لـە تاوانـە گـەورەکان ، خـۆ ئـەم بەمەسـتی فیززلی و تەکەبورەوە نایپۆشێت ـ.

لـە گـەڵ هـەموو ئەمانـەش دا ئـەبێت قژەکەیـشی بـە پـێی مـۆدە بێـت : بـە شـێوەیەك دەبێـت حـەفر کرابێـت ـ با پێغەمبەری خوایش نەهی لێ کردبێـت ـ ، و دوو (زولـف )ی درێـژی پێـوە بێـت و تیژیش بن !!

کە هەموو ئەمەیشی کرد : خۆ نابێت دورە پەرێز بێت لە ئافرەتانی هاوکـاری ،

چــونکە ووشــکی و نامۆیـــە لـــەو بوارانەدا!!!

ئەشـبێت و پێویـستە ئـەم بـەڕێزە ئەگەر لە قوتابخانەیەك دا بێـت ، و چوار پـۆلی هـەبێت ، هـیچ مـەجالی تێدا نیـە پێویستە هەمووی بناسێت و جوان جـوان دیققـــەتیان بـــدات ، چـــونکە ئەگـــەر سەرپەرشـــتیاری پرســـیاری بکـــات ؟ مـەعقول نیـە بڵێـت نایناسـم (بـە پـێی فـەتوای ئـەو زانایانـەی کـە فەرموویانـە: ئەگــەر ســەیرکردنەکە بــە شــەهوەتەوە نەبێت درووستە )!!!

پاشـان وورده وورده لەگـەڵ دەسـتە خوشـــکەکانی هاوکاریـــدا ، گەشـــت و ســەفرەیش ڕێـك دەخرێـت ، و ناشـبێت نەڕوات !! چونکە پێی دەووترێت ووشك و دووره پەرێزه !!! ئەی خۆ سەفرەیش بە بێ وێنەگرتن نابێت ( ئـەڵێن : هەنـدێك زانــا ڕێگــەیان بــە وێنــەی فۆتــۆگرافی داوە!! ) چونکە یادخەرەوەی ئـەو بۆنـە خۆشەیە !!

یا بۆ **ئافرەتان** دەڵێن :

خـۆ واجـب نیـە ئـافرەت لـە کـاتی دەرچونیدا عەبا بدات بە سـەریدا ، و ئـەم ووتەیەیش ووتەی فلان زانایـە !! و فـلان زانـایش فەرموویـەتی : ئافرەتـان بۆیـان هەیە جلی ڕەنگاو ڕەنگ لە بەر بکـەن !! وە فلانی تریشیان فەرموویـەتی : بـەڵکو ئــافرەت بــۆی هەیــە ڕوومــەت و گۆنــاو برۆکانی ببڕێت ، و حەففەشیان بکـات ، و ئـەویتریش فەرموویـەتی : ئـافرەت بـۆی هەیـە لـە مەجلـسی پیاوانـدا دانیـشێت و دەمە تەقێش بکات.

لـەو لاشـەوە ووتویانـە : خوێنـدن و فێربـــوونی ســـەرجەم زانـــستەکانی ئـــەم سەردەمە پێویـستە لـە سـەر ئافرەتـان ، هـــەروەکو چـــۆن لـــە ســـەر پیـــاوان پێویستە!! بۆیە با بڕوات بخوێنێت !! بـۆ ڕێگـری دەبـن ؟! بـا لـە شـارەکانی تریـــشدا بێـــت ، سەفەرەکەشـــی لـــە شارێکەوە بێت بـۆ شـارێکی تـر ( چـونکە ســـەفەرەکەی شـــەو و ڕۆژێـــك نابێـــت : ئەمەش لە بۆچونی هەندێك لـە زانایـان دا پێی ناوترێت سەفەر !! و مەحرەمیـشی ناوێت !! ) !! مەگەر لە گەڵ ئافرەتانی تردا نیە ؟! بەڵکو دەڵێت : ( مـن !! ) ( خـۆم !! ) دوو کـچم لـە ئـەمریکا ، و ئەوروپا دەخوێنن !

گـومڕایی هەنـدێك گەشـتووەتە ئـەو ڕادەیەی کە بڵێت :

( ئێمە !! ) هەر ووتە ( واتە: **قِيل**) یێك هەبێت شتێکمان بۆ بە ڕەوا دابنێت ، با بێژەرەکەیـشی منـداڵێك بێـت !! یـان نەناسراویش بێت ـ تەنها لە بەر ئەوەی لە پەرتوکە شـەرعیەکاندا هاتبێـت ـ وەری دەگـرین و کـاری پـێ دەکـەین ـ خـوای پەروەردگار پەنادەرمان بێت لـە گـومڕایی و گومڕاکاران ـ.

**جـا موسـڵمانی ژێـر و خـاوەن هـزر :**

ئەگـەر پیاوێـك وەکـو ئـەو نموونەیـەی سـەرەوە بێـت ، و ئـافرەتیش بـە هـەمان شێوە ، وە ئایینێك لە سـەر ئـەو بۆچـونە بنیـات بنرێـت ، بـە چ شـێوەیەك گـەواهی ئـەوەی بـۆ بـدەین کـە ئەنجامـدەرانی پیادەکاری ئـایینی ئیـسلامی پـیرۆزن ؟! وە ئەگــــــــەر پێغەمبــــــــەری خواش﴿ﷺ﴾زینـدوو بێتـەوە و بێتـە نـاو ئوممەتەکـەی ، دەیانناسـێتەوە ؟! بـە دڵنیاییەوە : نەخێر.

کـردار و شـوێنکەوتنی موسـڵمانانیش بـــۆ ئـــەم ڕوخـــسەتانە وای کـــردووە ســـنورەکانی خـــوای پـــەروەردگار و فەرمایـــشتەکانی پێغەمبـــەری خـــوا ﴿ﷺ﴾بشکێنرێت ، و گوێ نەدرێتە تاوان کـردن و ئاسـایی بوونـەوەی بـە بیـانووی پووچەڵ و بێ بنەما.

جا موسڵمانی شـوێنکەوتەی قورئـانی پـــیرۆز و ســـوننەتەکانی پێغەمبـــەری خـــوا﴿ﷺ﴾ و ڕێبـــای ســـەلەف و پیاوچـاکان، و پێـشەوایانی ئیـسلام ، هەوڵی ئەوە بدە لە هەرکوێدا بیـت شـێوە و کەسـایەتی خـۆت نـەدۆڕێنیت ، وەکـو گیانداری (**الحرباء**)یش مەبـە ڕۆیـشتیتە هەر جێگەیەك بە پێی ئەو جێگەیە خـۆت بگونجێنیت ـ خوا پەنامان دات ـ !!!

داواکاریـشم لـە خـوای پـەروەردگار بمانپارێزێـــــت لـــــە شـــــوێنکەوتنی ئارەزووەکـان، ڕێ نیشاندەریـشمان بێـت بۆ هەموو چاکە و چاکەکاریەك.

**وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّه رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ صَلَى اللهُ عَلى مُحَمَّد وَ آلِه وَسَلَّم.**

# ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی سەبارەت بە وەهابیەت

کۆکردنەوەی: م/ وریا

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم، اما بعد:**

خاڵی جیاوازی وناکۆکیلە نێوان پێغەمبەران ومیللەتەکانیان تەنها لەسەر یەکخواپەرستیپەرستن بووە[1]. لە نوحەوە ﷺ تاوەکو پێغەمبەر محمد ﷺ بگرە هەموو ئەوانەیش کەوا

---

(1)- یەکخوا پەرستی(توحید) واتە/ بە تاك زانینی خوای پەروەردگار لە هەر سێ جۆرەکانی یەکخواپەرستی کە لە خوارەوە باسیان دەکەین : .

أ-(توحيد الربوبية) یەکخواپەرستی لە پەروەردگارێتی خوای گەورەدا/ بریتیيە لەو تەوحیدەی کەوا باوەڕت وا بێت خوای پەروەردگار بە تەنها دروست کەرە و بە تەنها ڕۆزی دەرە و مردن و ژیانیش هەر بە دەست ئەوە ،وە هیچ هاوبەشێکی نیيە،وە ئەم تەوحیدەیش هاوبەش بڕیاردەرانی کاتی پێغەمبەرﷺ باوەڕیان پێی هەبوو، بەلاّم بە تەنها باوەڕهێنانیان بەم تەوحیدە نەیانی کردە ناو بازنەی ئیسلامەوە و بەموسڵمان نەژمێردران .

ب– ( توحيد الالوهيه) یەکخواپەرستی لەپەرستنی خوای گەورەدا/ بریتیيە لەوتەوحیدەی کە هەموو پەرستنەکان بە تەنهابۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدەیت وەهیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێیت لەپەرستنیدا، وەئەم تەوحیدەبوو کەوا هاوبەش بڕیاردەرانی کاتی پێغەمبەرﷺدانیان پێدا نەدەنا ،وە لە دێر زەمانەوە شەڕو بەربەرەکانێی لەسەڕ ڕوداوە .

ج-(توحيد الاسماء والصفات) یەکخواپەرستی ناوو سیفاتەکانی پەروەردگار/ بریتیيە لەوەی کەوا ئیمان بهێنین بەو ناوو سیفاتانەی خوای پەروەردگار هەر وەکو چۆن لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا هاتووە، بە بێ ئەوەی مانا ڕاستیيەکانیان بگۆڕین بۆ واتایەکی بەتاڵ و هەڵە،

وە بە بێ ئینکاریکردنی هیچ کام لەو ناوو سیفاتانە بەگوێرەی ئارەزوی خۆمان ،وە هەروەها بێ ئەوەی هیچ چۆنێتی یەکیان بۆ دابنێین بە مێشکی خۆمان، وە هەروەها هیچ کام لەو ناوو سیفاتانەی خوای پەروەردگارناشوبهێنین بەدروست کراوەکانی پەروەردگار لەڕووی لێك چونەوە،وە لێکدانەوەی ناووسیفاتەکانی پەروەردگار لە ڕووی چۆنێتیيەوە دەگەڕێنینەوە بۆلای خوای پەروەردگار، بەلاّم لە ڕووی واتاوە دیارن[1]. والله تعالى اعلم

(1)- (الفرقة الناجية للشيخ محمد بن جميل زينو) .

لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران بەردەوام بوونە توشی بەربەرەکانی بوونە لەگەڵ خەڵکانی دوور لە خوا ، وە ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە" ئەوانەی دژایەتی شوێنکەوتوانی پێغەمبەران دەکەن لە دوای پێغەمبەرەوە﴿ﷺ﴾تێیاندا هەیە هەر بە ناوی ئیسلامەتیەوە دژایەتیەکەیان بەرپا کردووە ،جا بۆیە پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان لە تانە و تەشەری میللەتەکانیان بێ بەش نەبوونە، وە تاوەکو ڕۆژی قیامەتیش هەر کەسێك لە سەر ڕێبازی پێغەمبەران بەردەوام بێت بە گوێرەی ڕادەی دەست گرتن و پابەند بوونی بە ڕێبازی پێغەمبەرانەوە توشی ناخۆشی دەبێت لە سەر دینەکەی ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ لە پێش پێغەمبەرایەتی بە(ڕاستگۆی دەست پاك ) ناوی دەر کردبوو لە ناو میللەتەکەی بەڵام دوای ئەوەی خوای پەروەردگار نیگای بۆ نارد ئینجا میللەتەکەی بە پێچەوانەی پێش تر دەستیان کرد بە قسە پێ ووتن و ناوو ناتۆرە دۆزینەوە لێی،جارێك بە شێت و جارێك بە جادوگەر و جارێك بە................ هتد .

ئەمەیش هیچ بانگەواز کەرێك لێی بێ بەش نابێت ، مەبەستیش لە بانگەواز کەر ئەوانەن کە بانگەوازەکەیان وەکو پێغەمبەرانە نەك ئەوانەی ڕێبازی ئیسلام لە بیر و بۆچونەکانی خۆیان هەڵدە هێنجێنن .

ڕوون و ئاشکرایشە وەکو وتمان خاڵی ناکۆکی لە نێوان پێغەمبەران و ئومەتەکانیان تەوحیدی پەرستنی پەروەردگار بووە ئەمەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا تاکە ڕێبازێك هەبێت بە ڕاست دابنرێت لە دوای پێغەمبەران ڕێبازی ئەو کەسانەیە کەبست بە بست لە سەر ڕێگەی پێغەمبەران دەڕۆن و تاکە ئاواتیشیان ئەوەیە تەوحیدی پەرستنی خوای پەروەردگار بەدی بێت لە ناو میللەتەکانیان، نەك ئەم ئامانجە بگۆڕنەوە بە چەند ئامانجێکی دونیایی و بە ناوی دینەوەیش بیکەن وەکو بە دەست هێنانی چەند کورسی یەك لە حکومەتەکان ئەگەر بیان دەنێ! ئەم کۆتایی یەیش سزایەکی پەروەردگارە لە

دونیـا جـا لـە دوا ڕۆژیـشدا خـوای گـەورە دەزانێــت ســەرەنجامیان چــۆن دەبێــت "مەبەســت ئەوانــەن بانگــەواز دەکــەن بەناوی دین و پێـچەوانەی پێغەمبـەرانیش دەکەن" .

جا ئـەو تەوحیـدەیش کـەوا پێغەمبـەرانی لـەپێناودا هـاتوون بریتیـە لـەوەی کـەوا مرۆڤی کافری پێ موسڵمان دەبێت، بگرە قورئانی پیرۆزیش هەمووی هەر لـە باسـی تەوحیدەو پێغەمبەرانیش هـەر هـەموویان لــە بــەر تەوحیــد نێــردراون، وژیــانی موســڵمانیش دەبێــت هــەر هــەمووی بــۆ تەوحید بخرێتە گـەڕ، وە پـەروەردگاریش دنیای دروست کردووە لـە بـەر تەوحیـدی پەرستنی خۆی،پەری و مرۆڤیشی هەر لـە بەر تەوحید دروست کردووە، بەهەشـت و جەهەنـەم هـەر لەبـەر تەوحیـد دروسـت کراون، مانەوەی هەتا هەتایی لە بەهەشت هەر لەبەر تەوحیدە لـە ئـاگریش هـەر بـە هــەمان شــێوە، هەمووپێغەمبــەرانیش سەرەتای بانگەوازەکانیان هەر بە تەوحید دەســت پــێ کــردووە ،وە خــوای پەروەردگاریش فەرمانی پـێ کـردوون کـە بیگەیەنن بە خەڵکی، ئـەوەتا پێغەمبـەری خــوا﴿ﷺ﴾ (١٣ ) ســیانزە ســاڵی سەرەتای بانگەوازەکەی تەنها و تەنها بۆ تەوحید بوو لە شاری مەککەی پـیرۆز بـێ ئەوەی فەرمان بە هیچ شتێك بكات یاخود قەدەغەی هیچ شتێك بكـات، وە هـەروەها پێغەمبەر﴿ﷺ﴾هاوەڵانیشی هـەر لەسـەر تەوحید پـەروەردە دەكردلـە منداڵیـیەوە ،بـە پێـچەوانەی نـەزانانی ئـەمڕۆ کـەوا تێدەگـەن بانگـەواز کـردن بـۆ تەوحیـد جیاوازی و دوبـەرەکی دەخاتـە نـاو ڕیـزی موسڵمانانەوە ! ! جا گومانی تێدا نیـیەکـە ئـەو ڕیـزەی بـە فێربـوونی تەوحیـد تێـك بــچێت لەســەر بناغــەی بانگــەوازی پێغەمبـەران دانەمـەزراوە ،چـونکە ئـەم تەوحیـدە حەقیقیـیـە دینـی خوایـە کـەوا هــەموو بەشــەکانی تــری لــە ســەر دادەمـەزرێت، وە خـوای پـەروەردگاریش جگە لە تەوحید هیچ دیـن و ڕێبـازێکی تـر قەبووڵ ناکات "چـونکە لـە هـەمان کاتـدا دوای ئــەوەی پێغەمبــەری خــوا﴿ﷺ﴾ هاوەڵانی لەسەر تەوحیـد پـەروەردە کـرد فێریـشیانی دەکـرد کـەوا یەکـەم خـاڵی بانگەوازەکەیان هـەر بـە تەوحیـد دەسـت پـێ بکـات ،بـە بەڵگـەی نـاردنی موعـازی

کوری جەبەل(خوای لێ ڕازی بێت) بۆ بانگەواز کردن بۆ یەمەن کە پێی فەرموو: ﴿ فليكن أول ماتدعوهم اليه شهادة أن لا اله الا الله ﴾[٢].

واتە/ با یەکەمین شت کە بانگیان دەکەیت بۆی تەوحید بێت (لااله الاالله ).

ئەمانە هەمووی گرنگێتی تەوحیدی پەرستن دەردەخەن، جا هەرکەسێك وەکو پێغەمبەران گرنگی بە تەوحید نەدات و حەقی خۆی نەدات ئەوا ئەو کەسە پێچەوانەی پێغەمبەرانیکردووە بە زمانی حاڵی ئەگەر چی بەزمانی قسەش بڵێت من لە سەر ڕێبازوڕێگای پێغەمبەرانم ! ! ! .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت: ﴿لاتزال طائفة من امتي ظاهرين على الحق.... ﴾[٣].

واتە / هەر بە بەردەوامی کۆمەڵێك لە ئومەتی من دیارن وئاشکران لەسەر حەق....ئەم کۆمەڵەی کە لەسەر حەقن لە ڕووی بانگەواز کردنیشەوە هەر لە سەرحەقن و بەنیگا کاردەکەن، نەك لە سەربیرو بۆچونی کەم و کوڕی مرۆڤ، جا هەر لە زنجیرەی شوێن کەوتوانی پێغەمبەران کۆمەڵە زانایەکی زۆر هەبووە ڕێبازی پێغەمبەرانیان زیندووکردۆتەوە لە هەموو لایەنەکانی ئیسلام، وە لە هەموو ڕوویەکیشەوە بانگەوازی خۆیان لە پێغەمبەران وەرگرتووە، نەك وەکو کەسانێك کەوا بانگەوازەکەیان لە بیرو هۆشی خۆیان وەرگرتووە وداڕشتووە !! وەدەڵێن لە عەقیدەدا سەلەفین و لە پەروەردا ئیخوانین و لەجیهادیشدا ....

( سبحان الله !!! )

ئەم ئاخاوتنە مانایەکی زۆر گەورە و ترسناکی هەیە و حوکمی ترسناکیشی دەبێت لە سەر خاوەنەکانیان ئەگەر بزانن چی دەڵێن ،جا لێرەدا دەڵێین :

ئایاسەلەفی صالح پەروەردەیان نەبووە تا لێیان وەربگرن ؟!

ئایا سەلەفی صالح پەروەردە نەکراون لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ ؟ !

---

(2)- (رواه مسلم)، كتاب الايمان،باب الدعاء الى الشهادتين وشرائع الاسلام، رقم الحديث (٣١).

(3 )- (رواه مسلم) . ك الامارة . ب ( لاتزال طائفة من امتي ...... ) رقم الحديث ( ١٧٠ ) .

ئەو سەلەفەی کەوا پەروەردگار لە دونیادا لێیـــان ڕازی بـــوو ، ئەمانـــەو چـــەندین پرسیاری تر خۆیان دەهێننە پێشەوە جا لێرەدا ئەوەی شایەنی بە بیرهێنانەوەیە ئەوەیـە: کەڵەزانایـەکی نـاوداری ئـەهلی سوننەت و جەماعەت کەوا بست بە بست وهـــەنگاو بـــە هـــەنگاو لەســـەر ڕێبـــازی پێغەمبەران ڕۆیشت ومەنهەجەکـەی(**شیخ الاسلام ابن تیمیة**) ی زینـدووکردەوە لـە سـەدەی دوانـزەی کۆچیدا،ئەویش زانـای پایەبـەرز شـێخی ئیمـام محمـدی کـوری عبـدالوهاب (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت ) ئەم ئیمامە بەرزە کە کتێبە بچوك و بە بەرەکەتـــەکانی ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژ ئـــاوای گرتـەوە جـا هـەر وەکـو چـۆن لـە سـەر ڕێبـازی پێغەمبـەران ڕۆیـشت هـەر بـەم شێوەیەیش وەکـو پێغەمبـەران بـێ بـەش نـەبوو لـە تانـەو تەشـەری میللەتەکـەی و ناوو نـاتۆرێکی زۆر و بوختـانێکی یـەکجار زۆری بـۆ هەڵبەسـترا،وبەزۆر شـت تۆمـەت بـار کـرا، وە لـە ئـەنجامی هـەموو ئـەو بوختانانەی پێیدا هەڵبەسترا فـەرمووی :

﴿**سبحانك هذا بهتـانٌ عظـيمٌ** !!! ﴾[٤].

جا دوژمنانی دینی خوا چ لەکافران یاخود لـە ئـەهلی بیدعـە و گومڕاکـان دەسـتێکی زۆر زۆر باڵایـان هـەبوو بـۆ ئـەو پـیلان و بوختانانـەی کـەوا دەدرایـە پـاڵ ئیمـام، بەڵام ئیمام چۆکی دانەدا بەرامبـەر پـیلان گێڕانی ئیبلیس و پشتیوانانی، چونکە زۆر باش دەیزانی کە فێڵ و تەڵەکەونەخـشەی ئیبلیس زۆر بێ هێز و پوچەڵە .

جـا یـەکێك لـەو بوختانانـەی کـە بـۆی هەڵبەســترابوو ئـەوە بـوو دەیـان ووت: (خەڵکی کافر دەکات بەتێکڕا ! ! !).

لـەم کاتـەدا بـوو فـەرمووی ( پـاك و بێگەردی بۆ تـۆ ئـەی خوایـە گیـان ئەمـە بوختانێکی زۆر گەورەیە ! ! !) .

یـاخود دەیـان ووت: (مەزهـەبێکی تـری پێنجەمیبۆخۆی داناوە ! ! !).

دیارە ئەم بوختانەیش هەر پوچەڵکرایەوە چـونکە ئـەوەی چـۆڕێکی لـە ژیـانی ئـەم کەڵـــە ئیمامـــە خوێندبێتـــەوەدەزانێت کەمەزهەبی فیقهی ئیمام حەنبەلی بووە بە

---

(4 )– (النور/١٦).

مەرجێك پێچەوانەی قورئـان و فـەرموودە صەحیحەكان نەبێت .

وە هەنـدێكیش تـاوەكو ئـەمڕۆ كۆمـەڵی (وەهـابی ) دەدەنـە پـاڵ ئـەم ئیمامـە ! گوایـە ئیمـام ڕابـەری ئـەم كۆمەڵـە گومڕایەیە ! جا لێرەدا دەبێت كـەمێك لـە سـەر ئـەم خاڵـە بوەسـتین و بـزانین حەقیقـەتی وەهابیـەت چـییە و ؟ كـێ دامەزرێنـەری وەهابییەتـە ؟ ! وە پێویستیشە شتێك لە ژیانی ئەم ئیمامە بە كورتی بزانین، جا بۆیە دەڵێین :

ئیمـام لـە سـاڵی ( ١١١٥ ) ی كۆچـی لـەماڵێكی دینـدار وپڕلـەزانیاری لـەدایك بووە،وەبـاوكی زانایـەكی گـەورە بووە،وەباپیریشی(سلیمان) زانـای (نجـد) بـووە لەسـەردەمی خۆیـدا،پێش تەمـەنی دە(١٠) سـاڵی قورئانیپیرۆزیلەبەركردووە،پاشـان فیقهیخوێندووە وەزۆر پەرتوكی تەفسیرو فـەرمودەی دەخوێندەوە،وەبۆگـەڕان بـەدوای زانـستدا زۆر شـوێن گەڕاوە،وەلـەلای زانـای پایـە بـەرز شـێخ **عبـد الله بـن ابـراهیم الـشمري** وفەرموودەناسـی بـەناوبانگ شـێخ محمـد **حیـاة الـسندي** دەرسـی خوێندووە،وەپـەرتوكێكی زۆری لـەدانراوەكانی شـێخی ئیـسلام (**ابـن تیمیـة** ) و(**ابـن القـیم**) بەدەسـتی خـۆی نوسـیوەتەوە، وە لـە سـاڵی ( ١٢٠٦ ) ی كۆچی، كۆچی دوایی كردووە .

كەواتە كۆی گشتی تەمەنی ئیمام ( ٩١ ) سـاڵ بـووە، ئیمـام لـە تەمـەنی ( ٢٥ ) ساڵیدا دەستی داوەتە بانگەواز كـردن بـۆ لای خـوای پـەروەردگار، ئەمـەیش پـاش ئـەوەی كـە لـەلای كۆمـەڵێك زانـا زانـستە شەرعی یەكانی خوێندبوو ،

بە تایبەتی باوكی كـەوا هەرلـە سـەرەتای منداڵی یەوە زانستەكانی لای باوكی خۆی خوێنـدووە و باوكیـشی زانایـەكی ئـەو سـەردەمەبووە . واتـا ئیمـام ئـەو ( ٢٥ ) سـاڵەی تەمـەنی لـە بەدەسـت هێنـانی زانستی شەرعی بە سـەر بـردووە ، ئینجـا دەستی داوەتە بانگەواز كردن .

جالێرەدا بۆ ئـەوەی بناغـەی وەهابیـەكان چـاك هـەڵماڵین پێویـستە كورتـە باسـێك بكـەین دەربـارەی (عبـدالرحمن ی كـوڕی ڕۆسـتەم ) : خـەوارجێكی ئیبـازی بـووە كاتێـك كـەوا زانیـوێتی نزیكـی سـەرە

مـــەرگێتی ئـــەمیش لـــە ســـاڵی ( ١٧١ )ی کۆچی بووە هەستاوە وەسیّتی بۆ حـەوت ( ٧ ) کەس کردووە لە شـوێن کـەوتوانی، لەوانـە: (عبـدالوهاب)ی کـوڕی و( یزیـدی کـوڕی فنـدیك) ، ئینجـا لـە دوای مردنـی عبدالرحمن ی کوڕی ڕۆستەم بەیعەت درا بـە عبـدالوهاب ی کـوڕی عبـدالرحمن ی کوڕی ڕۆستەم، بۆیە لە ئـەنجامی ئەمـەدا شــوێن کــەوتوانی عبــدالرحمن ی کــوڕی ڕۆستەم بوون بە دووکۆمەڵەوە:

کۆمەڵی یەکـەم :پێیـان دەوتـرا (وەهـابی یەکان) وەکو نیسبەتێك خۆیان دایـە پـاڵ عبدالوهاب ی کوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆستەم .

کۆمـــــەڵی دووەم : پێیــــان دەوتــــرا (نەکارییەکان) .

جــا لـــە نێـــوان ئـــەم دووکۆمەڵەیـــەدا شەڕوپێکدادانێکی زۆر ڕوویدا تاوەکو لـە کۆتایـدا نـــەکارییەکان لـــەناو دەچـــن و نامێنن و وەهابی یـەکان سـەردەکەون بـە سەر نەکارییەکاندا .

وە دەربارەی مردنی عبدالوهاب یکـوڕی عبدالرحمن ی کوڕی ڕۆستەم دوو بۆچـون هەیەیـەکێکیان دەڵێـت:لەسـاڵی (١٩٠)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە ،وە ئـەوەی تریـــان دەڵێـــت ســـاڵی ( ١٩٧ ) کۆچـــی مـردووە ، وە ئـەوەی شایانی باسـە ئـەم وەهـــابی یانـــە دەســـتکارییەکی زۆی شەریعەتیان کـردو زۆریـان لێـی گـۆڕی و حەج کردنی ماڵی خوایان سڕی یەوە، ئەم کارانـــەیان وای کـــرد لـــە زانایـــانی ئـــەو سەردەمە ، کەوا حوکمێکی تونـد و تیـژ و بە حەق دەربارەیان دەر بکەن،و فـەتوای لـــەدین دەرچـــون وکافربونیـــان بـــدەن، لەوانـــە: مـــوفتی ئەنـــدەلوس وبـــاکوری ئەفریقیا شێخ (**علي بن محمد اللخمي** ) کەفـــەرمووی:(وەهابییـــەکان کۆمـــەڵێکی خەوارجی گومڕای کافرن ).

جـا لێـرەدا لـە چـەند ڕوویەکـەوە بۆمـان ڕوون دەبێتـــەوە کـــەوا دامەزرێنـــەری کۆمەڵی گومڕای وەهـابی ( عبـدالوهاب ی کـوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆسـتەمە ) نەك محمدی کوڕی عبـدالوهاب ) ئەمـەیش بەم شێوەیەی خوارەوە .

١- مـوفتی وڵاتـی مـەغریب فەتواکـەی دەربـــارەی عبـــدالوهاب ی کـــوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆسـتەمە نـەك محمـدی کـوڕی عبـدالوهاب، ئەمـەیش

بـــەوە دەردەکـــەوێ چـــونکە شـــێخ لەخمی مـوفتی لـە سـاڵی ( ٤٧٨ ) ی کۆچـــی، کۆچـــی دوایـــی کـــردووە ،وەهــەروەها احمـدی وەنشریـسی لـە کتێبەکەیدا کەوا ئەم فەتوایـەی شـێخ لەخمی موفتی نەقڵ کردووە لە سـاڵی ( ٩١٤ ) ی کۆچی مـردووە، جـا ئێمـە ووتمـــان ئیمـــامی محمـــدی کـــوڕی عبدالوهاب لـە سـاڵی ( ١١١٥) کۆچـی لەدایك بووە لەساڵی (١٢٠٦)یکۆچی، کۆچی دوای کردووە بۆیە(٢٩٢ ) ساڵ لە نێوان وەنشریسی (خـاوەنی کتێب ) و (ئیمـــــام محمـــــدی کـــــوڕی عبـــدالوهاب)دایـــە!!!!!، وە لـــە نێـــوانی ئیمـــام و مـــوفتی ( ٧٢٨ ) ســـاڵە!!!!! واتـــە/ کاتێـــك ئـــەم فەتوایە دراوە و نوسراوەتەوە هێشتا ئیمـــام محمـــدی کـــوڕی عبـــدالوهاب نـــەهاتبووە دونیـــاوە بگـــرە بـــاپیرەی (٢٢)ەمی لەدایك نەبووبوو .

وەلە نێوانی مردنـی عبـدالوهاب ی کـوڕی عبـدالرحمن ی کـوری رۆسـتەم و مردنـی ئیمام محمدی کـوڕی عبـدالوهاب نزیکـەی (٣١) بـاپیری ئیمـام هێـشتا نەهاتبوونـە دونیاوە، جا هەر کەسێك شوێن کەووتـەی حەق بێت ئەوا دەتوانێت بزانێـت وەهـابی چین و کێن[5] . بەڵام ئەو کەسانەی نـاوی وەهابی دەخەنە سـەر کەسـانێك کـەوا لـە گـەڵ حـەزوو ئارەزووەکانیـان نـاگوونجێن ئەوا با زۆر چاك بزانن کـەوا لـەم خاڵـەیان دا هـــاودەنگن لەگـــەڵ دوژمنـــانی خـــواو پێغەمبـــەر﴿ﷺ﴾ چـــونکە کاتێـــك نـــاوی وەهـــابی لـــە ســـەر بانگەوازەکـــەی ئیمـــام محمدی کوڕی عبـدالوهاب دانـرا کـەزانیان سەرکەوتنی بەدواوەیە، وە زانیان کەئەمە رێگاڕاستەکەی ئیسلامە، جـا بێبـاوەڕان و کـافران کاتێـك ویـستیان ئـەم بانگـەوازە سەرنەگرێت و ئامانجەکانی خۆیان بپـێکن هەستان بانگەوازی ئیمامیان لە کەدار کرد بـــەهۆی ئـــەم ووشـــەیەوە (وەهـــابی) ! ئەمـــەیش لـــە بـــەر ئـــەوە بـــوو چـــونکە وەهابیـیـــەکان( شـــوێن کەوتـــەکانی عبـدالوهابی کـوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی رۆســـتەم )ســـوپاس بـــۆ خوالـــە نـــاو موسڵمانانـدا ناحەزو ناشیرین بوون، بگـرە

(5)- بە تێر و تەسەلی لە کتێبی ( تصحيح خطأ تاريخي حول الوهابية ) باسی ئەم بابەتە دەکات، وە ئێمەیش ئەم بابەتانەی ئیمامان لەم کتێبەوە وەرگرتووە .

گومڕا و کافر بوون بە گوێرەی فەتواکەی شێخی لەخمی( ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، چونکە حەجیان قەدەغە کردبوو.

جا بە هەمان شێوە لەم سەردەمەی ئێمەیشدا دیسانەوە کەسانێك هەن دەیانەوێت ناوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت (شوێن کەوتوانی سەلەف) بزڕێنن وناشیرینیان بکەن!

جا ئەوانەی ئەیانەوێ ناوی شوێن کەوتوانی سەلەفی سالح بزڕێنن لە پێش چاوی خەڵکی زۆر جۆریان هەیە: تیایاندا هەیە زۆر بێشەرمانەو لەخوا نەترسانە قسەی ناڕێك و وناشیرین بە زانا بەرزەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت دەکەن وپێیان دەڵێن زانایانی حەیز و ئینفاس و بەس ! تیایانداهەیە پێیان دەڵێن مورجئە .............. هتد

دیارە ئەم هەموو ناوو ناتۆرانەیش تەنها لە بەر ئەوەیەکە شوێن کەوتوانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ناچنە سەر بیر و بۆچونە بیدعی یەکانی ئەوان .

وەبۆ زیاتر ڕون کردنەوەی بانگەوازی ئیمام محەمەدی کوڕی عبد الوهاب ئەم چەند خاڵە دەنوسین :

١–بانگەوازی ئیمام حیزبێك نەبوو تاوەکو ڕێکخستنێکی حیزبایەتی هەبێت، بەڵکو زیندوو کردنەوەیەك بوو بۆ دینی خوا لە سەر هەنگاوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی .

٢– وە هەر وەها مەزهەبێکی تازەیشی نی یە کەوا هەڵگرانی پێچەوانەی مەزهەبەکانی تری پێ بکەن .

٣– ئیمام لە عەقیدەدا سەلەفی بووە، حاڵیشی وەکو حاڵی هەموو بانگەواز کارێکی سەلەفی بووە لە هەموو کات و شوێنێکدا ،وەبانگەوازی بۆ تەوحیدی خوای گەورە کردووە بەدڵسۆزی عیبادەت بە تەنها بۆخوا .

٤– بەڵام مەزهەبی فیقهی ئیمام لەسەر مەزهەبی ئیمامی احمدی کوڕی حەنبەل بووە، هەر وەکو چۆن حەنەفی هەیەعەقیدەی سەلەفی یە،وەشافیعی هەیە عەقیدەی سەلەفی یە، وە مالیکی هەیە عەقیدەی سەلەفی یە .

جالە کۆتایدا داواکارم لە پەروەردگار لە سەر ڕێبازی پێغەمبەران بەردەوامیمان

پیٚ ببەخشیٚت و لە گوناه و تاوانەکانمان خۆش بیٚت . امین

**وصلى الله تعالىعلى نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين .**

## سەرچاوەکان :


١- صحيح مسلم بشرح النووي ط دار الكتب العلمية بيروت .

٢- كيف نعالج واقعنا الأليم جمع واعداد / أبو انس علي بن حسين أبو لوز الطبعة الاولى .

٣- تصحيح خطأ تاريخي حول الوهابية د/ محمد بن سعد الشويعر الطبعة الثالثة ١٤١٩ هـ .

٤- الفرقة الناجية للشيخ محمد بن جميل زينو طبعة مكتبة الغرباء .

٥- الامام محمد بن عبدالوهاب دعوته وسيرته/ الامام ابن باز .

٦- فتح المجيد للشيخ عبدالرحمن بن حسن آل الشيخ .

٧- التعليقات على كشف الشبهات ل ( طلعت مرزوق ) دار الايمان للنشر والتوزيع .

٨- دعوة الشيخ محمد بن عبدالوهاب للشيخ محمد بن جميل زينو حفظه لله تعالى الطبعة الاولى دار ابن خزيمة .


### من أقوال السلف

**قال الامام يوسف بن أسباط(رحمه الله):**

**﴿ كان أبي قدرياً،وأخوالي روافض،فأنقذني الله بسفيان﴾** [1].

واتە/ باوکم قەدەری بوو، وەخالۆکانیشم **رافضة** بوون،خوای طەورة منی رزطار کرد بەهۆی سوفیانەوة .

قال الامام سعيد بن الجبير(رحمه الله):

﴿ لأنْ يَصْحَبَ ابني فاسقاً، شاطراً،سنياً،أحبُّ اليَّ مِنْ أنْ يَصْحَبَ عابداً مبتدعاً﴾ [2].

واتە/ ئەگەر کورەکەم هاورێ یەتی کەسێکی دەرچوو لە گوێرایەڵی خوا وسەرپێچی کەری خراپی سوننی بکات ، پێم خۆشترە لەوەی کە هاورێ یەتی خواپەرستێکی بیدعەچی بکات .

(1) – (اللالكائي) : (٦٠/١ رقم ٣٢).
(2) - ( الشرح والابانة)(لابن بطة): (رقم ٨٩).

**کورتە چیرۆك**

# ئاگادار کردنەوە

وەرگێڕانی: م/ صلاح الدین عبد الکریم

**الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی نبینا محمد وعلی اله وصحبه أجمعین ومن تبعهم باحسان الی یوم الدین،وبعد:**

قۆناغی خوێندنی یەکەمم لە گەڵ دایك و باوکمدا بەسەر برد..

لە ژینگەیەکی باشداکەگوێم لەپاڕانەوەی دایکم دەبوو کاتێك کەمن کۆتایی شەو لەشەونخونی دەگەڕامەوە ..

وە دەنگی باوکم دەبیست لە نوێژە درێژەکانیدا.. کە زۆر سەرسام بووم لە درێژی ڕاوەستانیدا.. بە تایبەتی کاتێك خەوتن خۆش دەبوو لەزستانی ساردا..

سەرسام دەبووم ولەدڵیخۆمدا دەمووت..

چەند بە ئارامە.. هەمووڕۆژێك ئەمە دووبارە دەبێتەوە.. شتێکی سەرسوڕهێنەرە .

ئەم دەزانی کە ئەمەپشووی باوەڕدارانە و ئەمە نوێژی پیاوچاکانە.. لەجێگاکانیاندا هەڵدەستن وپەلە دەکەن وگورج وگۆڵ دەبن لەقسەکردن لەگەڵ خوای گەورەدا..

لە پاش ئەو قۆناغەی کە بڕیم لە خوێندنی سەربازیدا.. ئەواگەورە بوومە و دوور کەوتنەوەیشم لە خوای گەورە لەگەڵمدا گەورەبووە..

لەگەڵ هەموئەو ئامۆژگاری یانەی کەدەمبیست وناوبەناو بەگوێمدا دەدرا ..

لەپاش خوێندنەکەم دامەزرام لە شارێکی جگە لە شارەکەی خۆم وماوەیەکی زۆر دوور بوو لە شارەکەی خۆم.. بەڵام ناسینی پێشترم بۆ هاوڕێکانم لەئیش کردندا غەریبایەتی لە سەرم کەم کردەوە...

دەنگی قورئان خوێندن لەگوێم بچڕا.. دەنگی دایکشم بچڕا کەهەڵمی دەساند بۆ نوێژ وهانی دەدام لە سەری .....

وام لێهات کە بە تەنها دەژیام.. دوور لە ئاوو هەوای خێزانی کەپێشتر تێیدا دەژیام ...

دانرام بەچاودێری ڕێگاخێراکان ودەورووبەری شار بۆ پارێزگاری کردن لە هێمنی وئاسایش وچاودێری کردنی ڕێگاکان و یارمەتی دانی لێقەوماوان.. ئیشەکەم تازەکەرەوە بوو، وە بەدڵ ئاسودەیی‌یەوە دەژیام ...

ئیشەکەیشم بەرێك وپێکی ودڵسۆزی‌یەوە جیێ بەجێ دەکرد.. بەڵام لەقۆناغێکی ناجێگیردا دەژیام.. دوو دڵی وپەشۆکاوی ڕووی تیێ کردم لە هەموولایەکەوە.. لە بەر زۆری کاتی بەتاڵ وکەمی زانیاریم .

وام لێهات هەستم بە بێزاری دەکرد.. کەسم دەست نەکەوت کە یارمەتی دەرم بێت لەسەر دینەکەم.. بەڵکوپێچەوانەکەی ڕاست بوو ...

لەژیانی ئیش کردنمدا ڕۆژانە ڕووداو وبریندداربووانمان دەبینی.. بەڵام ئەمە ڕۆژێکی جیاواز بوو..

لەکاتی ئیش کردنماندا من وهاوڕیێ یەکم ڕاوەستابووین لەسەرلایەکی ڕێگاکە وقسەمان دەکرد ..

لە ناکاودەنگی بە یەککدادانێکی بەهێزمان بیست . .

چاومان گێڕا.. بینیمان ئۆتۆمبیلێکە لە سەیارەیەکی تری داوە کە لەلای بەرامبەری یەوە هاتبوو.. بەپەلە بەرەو شوێنی ڕووداوەکە ڕۆیشتین بۆ ڕزگاری کردنی لێقەوماوان .

ڕووداوێك بوو باس نەدەکرا.. دووکەس بوون لە ناو سەیارەیەکەدا حاڵیان زۆر ترسناك بوو.. دەریانمان کرد لە سەیارەکە..ودرێژیانمان کرد ..

پەلەمان کرد بۆ دەرکردنی خاوەنی سەیارەی دووەم.. بینیمان گیانی لە دەست داوە و مردووە.. گەڕاینەوە بۆ لای دووکەسەکە ئەوانیش لەسەرە مەرگدا بوون.. هاوڕێکەم پەلەی کرد لە ووتنەوەی شەیەتمان پێیان..

پێیانی دەووت بڵێن لاالـەاالله .... لااله‌االاالله ... بەڵام دەنگیان بەرز بوەوە بە گۆرانی ووتن.. هەڵوێستەکە زۆر ترساندمی.. بەڵام هاوڕێکەم بە

پێچەوانەی منەوە بوو چونکەحاڵەتەکانی مردنی دەزانی.. دەستی کردەوە بە دووبارە ووتنەوەی شایەتمان پێیان ..

منیش بێ دەنگ ڕاوەستابووم.. ڕاوەستاوم نەدەجووڵاند چاوم بەرز کردبووەوە و تەماشام دەکرد .. لە ژیانمدا هەڵوێستێکی وەك ئەمەم نەبینی بوو .. بەڵکو بڵێ مردنیشم پێش ئەمە نەبینی بوو بەم شێوەیە.. هاوڕێکەیشم شایەتمان هێنانی لێیان دووبارە دەکردەوە.. ئەوانش بەردەوام بوون لە گۆرانی ووتندا..

بێ سود بوو..

دەنگی گۆرانیەکە وورده وورده نزم تر دەبووەوە.. یەکەمیان بێدەنگ بوو دووهەمیش بە دوایدا.. جوڵە نەما..

دنیایان بە جێ هێشت ....

هەڵیانمان گرت بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە.. و هاوڕێکەیشم سەری داخستبوو بێ دەنگ بوو بە لێویش قسەی نەدەکرد.. ماوەیەك ڕۆیشتین بێ دەنگی زاڵ بوو.. ئەم بێدەنگیەماوەیەکی بڕی ودەنگیهاوڕێکەیشم ئەم بێ دەنگیەی بڕی وباسی حاڵەتی مردن وخراپی کۆتایی کرد.. وە مرۆڤ کۆتایی دێت یان بە چاکە یان بەخراپە.. وەئەم کۆتاییەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ کردوویەتی لە دونیادا بە زۆری. وە باسی ڕووداو وبەسەرهاتی زۆری بۆ کردم کە لە پەرتوکە ئیسلامی یەکاندا باس کراون.. کە چۆن مرۆڤ کۆتایی دێت لەسەر ئەو شتەی کەلەسەرێتی بە گوێرەی ئاشکرا و نهێنیەکەی. .

ڕێگاکەمان بڕی بۆ نەخۆشخانە بەقسەکردن لەسەر مردن و مردووان..

وە شێوازەکە زیاتر تەواوتر بوو کە بیرم دەکردەوە کە ئێمە مردوومان هەڵگرتووە لە تەنیشتمان ..

زۆر ترسام لەمردن وپەندم وەرگرت لە ڕووداوەکە.. وە ئەو ڕۆژە نوێژێکی بەدڵم کرد ..

بەڵام وورده وورده ئەم بەسەرهاتەم لە بیرکرد.. دەگەڕامەوە بۆلای ئەوەی کەپێشتر لەسەری بووم ..

وەکوبڵێی ئەو دوو پیاوەم نەبینیبێت و ئەوەی بەسەریاندا ڕوویدا.. بەڵام لەڕاستیدا وام لێهات کە حەزم لە گۆرانی ناکرد.. وە سوور نابووم لەسەری وەکو

پێشترم.. وه لەوانەیە ئەوەپەیوەندی هەبێت بە بیستنی گۆرانی ئەو دوو پیاوە لەحاڵەتی سەرەمەرگیاندا ..

- لەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژگار..

لەپاش ماوەی زیاترله شەش مانگ.. ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا.. یەکێك بەئۆتۆمبێلەکەی ڕۆیشتنێکی ئاسایی دەڕۆیشت.. لەیەکێك لەو تونێلانەی کەبەرەو شار دەڕوات.. ئۆتۆمبێلەکەی لەکارکەوت..

دابەزی لە ئۆتۆمبێلەکەی.. بۆ چاککردنی لەکار کەوتنەکە لە یەکێك لە تایەکانی.. کاتێك لە پشتیئۆتۆمبێلەکەی ڕاوەستا.. بۆ ئەوەی تایە ساغەکە دەربکات..

ئۆتۆمبێلێك بەخێرایی هات.. لەپشتەوە لێی دا.. کەوت و ئازارێکی زۆری بوو..

من وهاوڕێ یەکیترم ئامادە بووین.. لەگەڵ خۆمان هەڵمان گرت بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە و تەلەفونمان کرد بۆ نەخۆشخانە بۆ پێشوازی کردنی..

گەنجێکە لەسەرەتای لاویدایە.. دینداری بە شێوەیەوە دیارە..

کاتێك هەڵمان گرت بیستمان دەنگە دەنگی لێوە دێت.. وە لەبەرپەلەیی وخێرایی هەڵگرتنی نەمان زانی کە چی دەڵێت.

بەڵام کاتێك کە لەناوئۆتۆمبیلەکە دامان ناو ڕۆیشتین.. دەنگیمان بیست وزانیمان کەقورئان دەخوێنێت.. وە بە دەنگێکی ناسك.. سبحان الله دەڵێ ی ئەو نییە بریندارە ...

خوێن جلەکانی داپۆشیوە.. ئێسقانەکانی شکاوە.. بەڵکو واپێوەی دیارە کە لەسەرە مەرگدایە ..

- بەردەوام بوو لەقورئان خوێندن وبە دەنگێکی جوان بە ترتیل قورئانی دەخوێند ..

لە ژیانمدا وەکو ئەوخوێندنەم نەبیستبوو.. لە دڵی خۆمدا دەموت ئێستا شایەتمانیپێ دەڵێم هەروەکو هاوڕێی یەکەمم کردی.. بەتایبەتی من شارەزایی پێشترم هەیە هەروەکو چۆن بانگەشەی دەکەم ...

من وهاوڕێکەم بێ دەنگ بووین بۆ ئەو دەنگە ناسك و خۆشە ..

هەستم کرد تەزوویەك هاتە لەشم.. و نێوان پەراسووەکانم..

لەناکاو.. دەنگەکە نەما.. ئاوڕم دایەوەبۆ دوواوە.. دەبینم پەنجەی شایەتمانی بەرز کردۆتەوە شایەتمان دەهێنێت ..

پاشان سەری شۆڕکردەوە ..

خۆم هەڵدایە دواوە ..

دەستیم گرت..

دڵی.

هەناسەکانی.

هیچی نەما..

ژیانی بەجێ هێشت .

زۆر تەماشایم کرد.. فرمێسکێك بەربووە لەچاوم.. شاردمەوە لە هاوڕێکەم.. ئاوڕم دایەوە بۆلای وپێم ووت کەپیاوەکە مرد.. هاوڕێکەم دەستی کرد بە گریان.. بەلآم من ئاگام لەخۆم نەما و فرمێسکەکانم ڕانەدەوەستان..

شێوازمان لە ناو ئوتومبیلەکە زۆر کاریگەر بوو. گەیشتینە نەخۆشخانە .. دەگەیشتینە هەر کەسێك بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕانەوە.. کاریگەری کردە سەر زۆر کەس و دەستیان بەگریان دەکرد.. یەکێکیان کاتێك بەسەر هاتەکەی بیست ڕۆیشت ناوچەوانی ماچ کرد..

خەڵکی هەموو سوور بوون لەسەر ئەوەی کە نەڕۆن هەتا نەزانن کەی نوێژی لەسەر دەکرێت تا نوێژی لەسەر بکەن ..

یەکێك لە فەرمان بەرانی نەخۆشخانەکە پەیوەندی بە ماڵیمردووەکەوە کرد.. براکەی قسەی کرد.. دەربارەی ووتی : هەموو ڕۆژانی دووشەممەیەك دەچوو بۆ سەردانی تاقە نەنکەکەی لە گوند .. وەسەردانی بێوەژن و هەتیوو هەژارانی دەکرد ..

ئەو گوندە هەموو دەیان ناسی ئەمیش پەرتووك و کاسێتی دینی بۆ دەبردن.. وە کاتێك دەرۆیشت بۆ لایان ئۆتۆمبێلەکەی پڕ بوو لە برنج و شەکر ودابەشی دەکرد بەسەر هەژاران و نەدارانـدا .. تەنانەت شیرینی منداڵانی لەبیر نەدەکرد تا دڵیانی پێ خۆش بکات.. وە وەلآمی ئەو کەسانەی دەدایەوە کەپێیان دەووت مەڕۆ ڕێگاکە دوورە بەوەی کە دەیووت من سوود لە درێژی ڕێگاکە دەبینم بۆ

لەبەرکردنی قورئان وپێدا چوونەوەی..
وگوێ گرتن لەکاسێت و ووتاری دینی..
وە من هەموو هەنگاوێك كە دەینێم بە
پاداشتی دەزانم و داوای پاداشت لەخوای
گەورە دەكەم ..
بۆ سبەینێ.. مزگەوتەكە پڕ بوو لە
نوێژكەر و جێگانەما بوو .. لەگەڵ
خەڵكێكی زۆردا نوێژم لە سەری كرد.. وە
كاتێك لە نوێژ تەواو بووین هەڵمان گرت
بۆ گۆڕستان ..
كردمانە ناو ئەو چاڵە تەنگەوە ..
*ڕووی بكەنە قیبلە ...
**بسم الله وعلى ملة رسول الله** ..
دەستمان كرد بە خۆڵ كردن
بەسەرگۆڕەكەیدا ..
داوای دامەزراوی بۆ براكەتان بكەن
چونكە ئێستا پرسیاری لێ دەكرێت ..
پێشوازی كرد لە یەكەم ڕۆژی ئەو دونیا..
منیش پێشوازیم كرد لە یەكەم ڕۆژی ئەم
دونیا ..
تۆبەكەم كرد وپەشیمان بوومەوە
لەكردەوەكانی ڕابردووم بەڵكو خوای
گەورە لێم خۆش بێت لەوەی كە ڕوویداوە
وە دامەزراوم بكات لەسەر گوێڕایەڵی
كردنی وە كۆتایم بەخێر وچاكە بهێنێت..
وە قەبری من و هەموو موسڵمانێك بكات
بە باغێك لە باغەكانی بەهەشت ..

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**



# پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لەڕوداوەکان

نوسینی:م/ لقمان حسن امین

**الحمـد لله رب العـالمين والـصلاة والـسلام علـى نبينـا محمـد وعلـى آلـه وصـحبه اجمعـين ومـن تـبعهم باحـسان الى يـوم الدين، له پاشاندا:**

گـەلی کـورد گـەلێکی موسـڵمانە وهـەردەم شـانازی بـەوەوە کـردووە کـە موسـڵمانە، لەگـەڵ ئەوەیـشدا کـە موسـڵمانە جـەور و ستەمێکی زۆری بینیوە بەدەست میللەتە موســڵمانەکانی دەوروبــەری وهــەردەم قوربـانی پیلانـەکانی خـاچ پەرسـتەکان و گـەلانی دەوروبـەری خـۆی بـووە و ئـەو جەورو سـتەمەی لـەم میللەتـە کـراوە بـێ وێنەیــە لەناوچــەکەدا وەك هــەموومان دەزانــین ، منــیش وەکــو موســڵمانێك وکــوردێکی دڵــسۆز بــۆ ئایینەکــەم ومیللەتەکـەم وام بـەباش زانـی کەئـەوەی بەسەر میللەتەکەمدا هـاتووە لـەڕابردوودا وئەوحاڵەتــەی کەئێــستا تێیــدا دەژیــن بەبۆچونێکی شەرعی بـۆی بـچم وهەرچـی کـەم وکورتیـیەکمان تیـدابوو سـەبارەت بەئایینەکەمان وخـوای گـەورە بـەگوێرەی توانـا وبەیارمـەتی خـوای گـەورە بتـوانین ئـەو کـەم وکورتیانــە نــەهێڵین وپڕیــان بکەینەوە بۆ ئەوەی ئایندەیەکی ڕوناك بۆ میللەتەکـــەمان بهێنینـــە کایـــەوە، ولەڕەزامەنـدی خـوای گـەورەدا بـین بـۆ ئەوەی ئـەو ڕونـاکی ورۆشنایییەمان لـێ جیا نەبێتـەوە وهـەردەم لەگەڵماندا بێت لەناو گۆڕو لەسەر پردی(**صراط**)

**انشاء الله** .

## هۆی چییە کارەساتمان بەسەردا دێت؟

زۆربــەی ئــەو کارەســات و کێــشانەی ئادەمیزاد دووچاری دەبێتـەوە دەتـوانین لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆیان بکەینەوە:

١- خــوای گــەورە بەنــدەکانی تــاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی جەزایان بداتەوە

به گوێرەی ئارام گرتن یان بێ ئارامی بەندەکانی لەو ناخۆشی و کارەساتانەی کە بە سەریاندا دێت .

٢- ئەم کارەساتانە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوان ئەگەر بەندە ئارامگر بێت لە سەر ئەو کارەساتانەی کەتوشی دەبێت، یان پلەی زۆر بەرز دەبێتەوە ئەگەر لەگەڵ ئارامگرتنەکەیدا سوپاس و ستایشی خوای لە سەر بکات .

٣- بەهۆی تاوانی بەندەوە خوای گەورە سزای دەدات، یان سزایەکی هەمیشەیی لە دونیا و قیامەتدا ، یاخود سزایەکی کاتی بۆئەوەی ئەو بەندەیە هۆشیار ببێتەوە و بێتەوە سەر خۆی و هەست بە تاوانەکانی بکات .

هەندێ جۆری تریش هەیە لە سزا و کارەسات کە خوای گەورە حیکمەتێکی تایبەتی تێدایە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوڕێت، وە ئەگەر بێت و کارەسات و سزای خوای گەورە میللەتێك بگرێتەوە ئەوا لەگەڵ ئەم خاڵانەی کە باسمان کرد چەندەها حیکمەتی تری تێدایە .

ئەگەر بێتو بە ووردی سەرەنج بدەینە ئەو خاڵانەی باسمان کرد کە دەبنە هۆی ئەوەی کارەسات دووچاری ئادەمیزاد و میللەتان بێتەوە، دەبینین کە هەمووی دێتەوە سەر ئەوەی کە تاوان هۆی سەرەکی یەتی وەکو خوای گەورە دادەفەرمێت:

**﴿ما أصابك من حسنة فمن الله وما أصابك من سيئة فمن نفسك ﴾**[1].

واتە / هەرچیچاکەو خێروخۆشیت بە سەردا دێت ئەوا لە کەرەم و ڕەحمەتی خواوەیە، وهەرچیناخۆشی وخراپەیە کیشت بە سەردا هاتبێت ئەوا بەهۆی تاوانی خۆتەوە توشت بووە و منیش بۆتم تەقدیر کردووە .

## بۆچی کافرەکان لەخۆشیدا دەژین و کارەساتیان لە ئێمە کەمتر بە سەردا دێت لەگەڵ ئەوەی کە کافرن ؟

